# گواستنەوەو چاندنی ئەندامەکانی لەش

## لەنێوان شەرع و یاسادا

ڕەفیق کەڕەم ستونی

# گواستنەوە و چاندنی
# ئەندامەکانی لەش

## لەنێوان شەرع و یاسادا...

نووسینی

رەفیق کەڕەم ستونی

---

هەولێر- کوردستان چاپی یەکەم ١٤٣٣ھ – ٢٠١٢م- ٢٧١٢ك

# لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی تەنفیزی
# یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
# زنجیرە ( ١٧ )

پڕ بەدڵ سوپاسیو پێزانینی خۆم ئاراستەی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان دەکەم کە ئەرکی بەچاپ گەیاندنی ئەم پەرتوکەیان خستە ئەستۆی خۆیان... خوای گەورە پاداشتی خێرو چاکەیان بداتەوە.

**رەفیق کەڕەم ستونی**

**ناوی پەرتووك: گواستنەوە و چاندنی ئەندامەکانی لەش**
**لەنێوان شەرع و یاسادا...**
**نووسینی: رەفیق کەڕەم ستونی**
**پیت چنین: زەنگین دری**
*** بەرگو دیزاین: کۆمپیوتەری دەریا**
*** نۆرەی چاپ: یەکەم ٢٠١٢**
*** تیراژ: ١٠٠٠ دانە**
*** چاپ: چاپخانەی ماردین**

# بەناوی خودای مەزنو دلۆڤان

# پێشەكی:

الحمدلله رب العالمين والصلاة والسلام على رسول الله محمد وآله وصحبه ومن تبعهم باحسان الى يوم الدين وبعد:

مرۆڤ بەگەورەترین دروستكراوی ئەم گەردۆنە هەژمار دەكرێت. شان بەشانی ئەم گەردۆنە لەهەموو گۆڕانكاریە سروشتییەكان مرۆڤەكانیش تیایدا بایكوت نەكراوە. بەڵام ئەم گۆڕانكاریانە لەڕۆخسارو ڕواڵەت بوون بەدوور لەپەیكەری فەسلەجی مرۆڤەكان. چونكە سەرەتای دروست بوونی مرۆڤەكان بە پەیكەرێكی جوانو ڕێكو پێكهاتوونەتە دونیایەوە هەروەك خودای گەورە دەفەرموێت لەسورەتی تین ئایەتی (٤) ﴿+ , - . / 0﴾.

دروست كراوی ئەم بوونەوەرە گەورەیە لەتاقیكردنەوەیەكدا هەندێك كەموكورتی لەڕۆخسارو لەرواڵەت هەندێك جاریش لەرۆیی فەسلەجیو ئەنەتومییەوە بەدیاریخستووە، لە هەندێكیان بەبێ یەكو دوو هەستی پێ دەكرێتو بە كەموكورتی دادەنرێت لەلایەن هەموو خەڵكانێكەوە. هەروەها لە هەندێكی تر لەوانەیە زۆر هەستی پێ نەكرێت، هەر چۆنێك بێت ئەوا لەسایەی پێشكەوتنی زانستی پزیشكی سەردەمی ئەمڕۆدا هەندێك تیوری بیرلێكراوی خستوەتە واری پرەكتیزە كردنەوە، كە لەوانەیە بۆ مەبەستی خزمەتكردنی مرۆڤەكان بێت لەچارەسەركردنی هەندێك نەخۆشی كە لەوانەیە لە زۆر بوارەوە جێگای خۆشحاڵی هەموو لایەك بێت وتاكە رێگەش بێت كە پەنای بۆ دەبەن لەچارەسەركردنی ئەم جۆرە نەخۆشیانە، بۆیە لەهەندێكیان سەركەوتنی بەدەستهێناوەو لە هەندێكی تریش لەژێر كارێكی ئەزموونیدان.

هەوڵدان لەڕاستكردنەوەی (پڕكردنەوەی) ئەم كەموكورتیانە كە كەس جگە لە خودا لێی بەرپرسیار نییە جێگای گۆمانە. گۆمان لەنێوان شەرعو یاسادا دەبینرێت،

پێشبرکێیەك لەنێوان شەرعو یاسادا هەیە کە تەنها بۆ پاڕاستنی مافی مرۆڤەکانە هەر وەك چۆنە بەم شێوەیەش بمێنێتەوە. بەڵام لەلایەکی ترەوە بۆ ڕزگارکردنی کەسێکی زیندووە ئەویش بەسوود وەرگرتن لەئەندامێك یان دوو ئەندامی لاشەی کەسێکی مردووە، لەکەسی زیندوو بۆ زیندوو یان مردوو بۆ زیندوو لەنێوان تەرازوی شەرعو یاساداو مافی تاکە کەسەکە هەڵواسراوەتەوە. هەر چوونێك بێت گواستنەوەی پارچەیەك یا ئەندامێك لە لەشی کەسێك بۆ کەسێکی تر هەوڵدانە بۆ ڕزگارکردنی گیانی مرۆڤێکی تر. لەکەسێکی مردوو بۆ کەسێکی زیندوو بەهەمان شێوە بۆ هەمان مەبەستە. بۆیە ئەم بابەتە دەخەینە سەر تەرازوی شەرعو یاساو مافی تاکە کەسیدا تاوەکو بۆمان روونو ئاشکرا بێت تاچەند ئەم دوو لایەنانە خزمەت بەمرۆڤەکان دەگەیەنن؟ مەبەستی دانانی مەرجو بەدەنگەوە هاتنی شەرعی خودا لەم بابەتە زانستیە چیەو چۆن زاناکانی بواری شەرع خوێندنەوە بۆ بابەتێك دەکەن کە لەپێشتدا بەم جۆرە نەبووە، بەبەستنەوە بەهەندێك لەدەقی ئایەتو فەرموودەکانی پێغەمبەری خودا. لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین لەم بابەتە بەدوور لە هەموو بابەتەکانی تر بەبوونی چەندین بەڵگەی ئایەتو فەرموودە بەڵام جیاوازی ئاسمانو ڕێسمان دەبینرێت لەلایەن زانایانی فیقهیو بگرە لەنێوان هەر چوار مەزهەبەکان.

لەم پەرتوکەدا: زیاتر روون کردنەوەیە لەسەر کرداری گواستنەوەو چاندنی ئەندامێك لە لەشی کەسێکەوە –گیانەوەرێکەوە– (زیندوو یان مردوو) بۆ کەسێکی تری زیندوو لە هەردوو بواری شەرعو یاسادا. ئەم بابەتە چەند دەتوانرێت شەریعەتی ئیسلام لەگەڵ بڕگەو بنەمای یاسای ئەمرۆ لە هەریەك لەوڵاتانی ئیسلامیو نائیسلامی لەیەك نزیکیان بکاتەوەو تا چەند دەتوانرێت لەیەکتریان دوور بکاتەوە؟ چونکە ئەم کارە کە ئەمڕۆ بەزۆری ئەنجام دەدرێت لەوڵاتێکی نائیسلامییە، بۆیە دەپرسێت ئایا لەئیسلامدا بەپێی سەرچاوەکانی سەرەکی ئەم ئاینە پیرۆزە تا چەند ڕێگە پێ دەدرێتو تا چەند ڕێگر دەبێت؟

بێگومان یاسای ولآتانی رۆژئاڤا لەسەر ئـەم بابەتـە لەگـەڵ یاسـای ولآتـانی ئیـسلامی یەك دەگرنەوە چونكە مافی تاكە كەس چ كەسێكی زیندوو یان كەسێكی مـردوو لـەنێوان شـــەرعی ئیـــسلامو شـــەریعەتی ئاینـــەكانی تـــرو یاســـا جیهانییەكانـــدا دابەشـــكراوەو سنووردارکراوە، هەموو یاسایەك هەوڵی پاڕاستنی مـافی تاكەكـەس دەدات. مـافی تاكـە كەس لەم چوارچێوانەدا چ جیاوازیەك دەبینرێت لەنێوان كەسی مردوو هەروەها كەسێكی زیندوو؟ تەواو بوونی ژیانی تاكـە كـەسو نەتـەواو بـوونی مـافی ئـەم كەسـە. شـەریعەتی ئیسلامو یاسـاكانی جیهـانی چ جیاوازییێـك دەبینێـت لـەنێوان كەسێكی زینـدوو هـەروەها كەسێكی مـردوو؟ ئـەم پرسـیارانەو چـەند پرسـیارێكی تـر كـە لەلایـەن خوێنـەری ئـەم پەرتوكـــەوە دروســـت دەبێـــت. ئێمـــەش بـــەپێ پێویـــست هـــەوڵمان داوە لەكۆمـــەڵێك سەرچـاوەی ئـاینیو جیهـانی كۆمـەك بكـەین تـا وەڵامـی بەشـێك لـەم هـەموو پرسـیارانە بدەینەوەو لەڕوانگەی ئاینەوە بڕوانینە مەسەلەكە ئینجا لەیاسـاكانی جیهـانی ئیـسلامیو جیهانی ئایینەكانی تر.

**نووسەر**

**رفیق مەلا كەرەم مستەفا ستونی**

**شەوی ١/ محرم ١٤٣٠**

**٢٠٠٨/١٢/٢٨/ سوران**

# بەشی یەكەم

## یەكەی یەكەم
## مێژووی كرداری گواستنەوە

هەر لەكۆنەوە تا سەردەمی ئەمرۆ تۆماركردنی مێژوویێك بەناوی گواستنەوەی ئەندامەكانی لەشی مرۆڤ و چاندنو دەستكاری كردنی ئەندامەكانی لەشی مرۆڤ دوو مەبەستی سەرەكی لەخۆی گرتبوو:

مەبەستی یەكەم: بۆ چارەسەركردنو نوێبوونەوە.

مەبەستی دووەم: بریتی بوو لەمەسەلەیەكی بازرگانی.

كە لەو كاتەدا بە هەردوو شێوە دەستكاری لە لاشەی مرۆڤی مردوو و زیندوو دەكرا. مەبەستی سەرەكی بریتی بوو لەچارەسەركردنی كەسێكی تر بۆ ڕزگاربوون لەو نەخۆشییەی كە بەهۆی كرداری گواستنەوەو چاندن دەتوانرێت چارەسەر بكرێت. ئەگەرچی كرداری گواستنەوەو چاندنی ئەندامەكانی لەشی مرۆڤ خاوەن مێژوویێكی كۆن بێت بەڵام جیاوازییێكی زۆری هەبووە لەگەڵ ئەم كردارەی كە لەم سەردەمەدا ئەنجام دەدرێت جیاوازیەكەش لەوەدا بووە كەوا سودێكی پزیشكی زۆرتری هەبووە. هەروەها توانراوە خزمەتێكی زۆرتر بەم بوارە سەرەكییەدا بكاتو بەشێوەیەكی قوڵترو بوێرەتر بچنە ناو ئەو بابەتەدا. هەروەك زانراوە كەوا مێژووی ئەم كردارە گرنگە لە میسریە كۆنەكانەوە دەستپێدەكات كە ئەوان هەڵساون بەگواستنەوەی (ددان)و چاندنی، ئینجا خەڵكی یونانیو ڕومانەكان، دواتر بەرەبەرە گرنگیان بەم بوارەی داوە تا لەسەدەی شانزدەهەمدا لەلایەن پزیشكی ئیتالی (كوزی) كە هەڵسا بەچاككردنەوەی پارچەیەك

لەکەپوی بڕاو کە لە (ملی)ی کەسێکی نەخۆش وەرگیرابوو. دواتر لەسەدەی نۆزدەهەمدا زۆر لەکرداری گواستنەوەو چاندن دەستی پێکرد لەلایەن شارەزایانی ئەم بوارەوە لەگواستنەوەو چاندنی ماسولکەو پێستو خانەی دەمارو کڕکڕاگە... هتد.

پاشان لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەم پێشکەوتنێکی زۆری بەخۆیەوەی بینی لەناو زانستی پزیشکیدا. بۆیە یەکێك بووە لەچارەسەرە هەرە سەرەکییەکانی هەندێك لەو نەخۆشیانەی کە بەم کردارە چارەسەر دەکرێت.

هەروەها دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێتەوە کەوا لەسەردەمی پێغەمبەردا( d ) ئەم کردارە زانستیە هەبووە هەروەك لە فەرمودەی (قەتادەی کوڕی نوعمان)دا هاتووە کاتێك لەشەری (ئوحود) یان لەهەندێك سەرچاوەی تردا هاتووە لەشەڕی (بەدر)دا کە چاوی تووشی کەم بینی بووە دواتر پێغەمبەر( d ) هەولّی هێنانەوەی داو چاوەکانی وەك خۆی لێ هاتەوە. کە دەڵێت چاوی هاتبوو دەرەوە دواتر پێغەمبەر( d ) لەشوێنی خۆی داناوەو بەیەکەم چاندنی چاو دادەنرێت هەروەها لەهەمان کاتدا (عەرفەجەی کوری ئەسعەد) کە پاش ئەوەی (لوتی) لەلایەن سەگێکەوە پەلاماردرا بوو، بۆیە هەڵسا بەهۆی پارچە (زیو)ێك چارەسەری کردووە، هەرچەندە ئەمە لەبواری (جوانکاریە) بەڵام ئەمە وەك بیرۆکەیەکە کە مرۆڤی خستووتە ژێر پەستانی بیرکردنەوە لەکرداری گواستنەوەو چاندنی ئەندامانی لەشی یان کردارێك بەهەر ناوێك بێت لەم جۆرانە. بۆیە لەجوانکارییەوە بەرەو چارەسەری، کە ئەمە وای لە پزیشکانی ئەم سەردەمەی کردووە کە بیر لە هەموو جۆرە گریمانێك بکەنەوە، هەرچەندە ناتوانرێت ئەم کردارە ڕاستەخۆ لەسەر مرۆڤ بەکار بهێنرێت، چونکە لەسەرەتادا ئەنجامەکەی مسوگەر نەبووە. بۆیە پەنایان بردووتە بەر گیاندارانی ترو دواتر لەمرۆڤی مردوو ئینجا کار گەیشتوتە ئەوەی کە کار لەسەر مرۆڤی زیندوو بکەن.

بۆیە سەرەتای تاقیکردنەوەی ئەم کردارە لەسەر گیانداران بووە وەك ئەوەی کە لەسەر سەگو پشیلەو مەیمونو کەروێشکو مشك ئەنجامیان درابوو دواتر پاش هەولێکی

زۆرو تاقیکردنەوەی زۆر ئینجا هەڵساون بەپارچەپارچە کردنی ئەندامەکانی لەشی مـرۆڤ. هەروەك لەسەرەتادا زاناکان هەڵساون بەچاندنی دڵی مەیموون بۆ منداڵێك کە لەئەنجامـدا هۆکاری نەگەتیڤی لێ کەوتەوەو منداڵەکە مرد. بەڵام پێش ئـەم کـرداره لەسـەر مـەیموون بۆ مەیموون بوو، یان سەگ بۆ سەگ بۆ پشیلە تاقی کراوەتەوە ئینجا لەسەر مرۆڤەکانـدا تاقی کراوەتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا گواستنەوە لەنێوان مرۆڤ و گیانداران تاقی کراوەتـەوەو تـا ئـەمڕۆش بەردەوامە وەك گواستنەوەی (ئەنسولین) لەمانگاو بەراز بۆ مرۆڤەکان کە بۆ چارەسـەری نەخۆشـی میـزی شـەکرە بـەکار دەهێنرێـت. هـەروەها گواسـتنەوەی دەمەدانـەی دڵ (صـمامات القلـب) لـەمانگاو بـەراز بـۆ مـرۆڤ. بەرەبـەرە ئـەم کـرداره لـە ئەندامـە بچووکەکانەوە بەرەو ئەندامە سـەرەکییەکانی پـەرەی سـەند. ئـەوە بـوو دەسـتیان کـرد بەگواسـتنەوەو چـاندنی ئەندامـەکانی وەك: دڵ و جگـەرو پـەنکریاس و چـاوو گورچـیلەو خوێن و... هتد.

لەو نموونانەش کە دەمانەوێت بەرێزبەندی کات و ساڵ ئاماژەی پێ بکەین وەك مێـژوو خۆی شاهیدەو ئەم چەندەیە بەم جورە تۆمارکراوە کە:

- لەسـاڵی ١٩٠٥ یەکـەم کـرداری چـاندنی بیلبیلـەی چـاو بەسـەر کـەوتوویی ئـەنجام درا لەلایەن زانا ئیدوارد زیرم[1].
- لەساڵی ١٩٥٤ یەکـەم کـرداری چـاندنی گورچـیلە ئەنجامـدرا بەسـەرکەوتوویی لەلایـەن جوزیف مورایی لەبوستم لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.
- لەساڵی ١٩٦٦ یەکەم کرداری چاندنی پەنکریاس ئەنجامـدرا بەسـەرکەوتوویی لەلایـەن هەریەکە لـە ریتـشارد لیلهای وولیـام کیلـی لـە مینیـسوتا لەویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئەمریکا.

1- بروانە ماڵپەری www.restoresight.org/general/anniversary.

- لەساڵی ١٩٦٧ یەکەم کرداری چاندنی جگەر ئەنجام درا بە سەرکەوتوویی لەلایەن توماس ستارزل لە دینفر لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.
- لەساڵی ١٩٦٧ چاندنی دڵ کە دکتور (کریستیان برنارد) پێی هەڵسا لەباشووری ئەفریقیا بە یەکەم هەنگاوی ڕاستی دادەنرێت کە نەخۆشەکە بۆ ماوەیی (١٥٠) رۆژ توانی بژیت، سەرچاوەیەکی تر باس لەوە دەکات کە نەخۆشەکە بۆ ماوەی (١٨) رۆژ ژیاوە دواتر بەهۆی هەوکردن مردووە[1] نەخۆشی دووەم (٥٦٣) رۆژ ژیاوە[2].
- لەساڵی ١٩٨١ یەکەم کرداری چاندنی دڵو سیەکان ئەنجامدرا بەسەرکەوتوویی لەلایەن بروس ریتز لەستانفورد لەئەمریکا.
- لەساڵی ١٩٨٣ یەکەم کرداری چاندنی یەکێك لەپلەکانی سی ئەنجامدرا بەسەر کەوتوی لەلایەن جویل کوبر لەتورنتو لە کەنەدا.
- لەساڵی ١٩٨٦ یەکەم کرداری چاندنی هەردوو سیەکان لەهەمان شوێن و هەمان زانای پێشتر بەسەرکەوتویی ئەنجامدرا.
- لەساڵی١٩٩٨ یەکەم کرداری چاندنی بەشێکی پەنکریاس بەسەرکەتوویی بۆ یەکێك لە نەخۆشەکان ئەنجامدرا لەلایەن دیڤید سازرلاند لە مینیسوتا لەئەمریکا. هەر لەهەمان ساڵ یەکەم کرداری چاندنی دەست بەسەر کەوتوویی لەفەرەنسا ئەنجامدرا.
- لەساڵی ١٩٩٩ یەکەم کرداری چاندنی میزڵدان ئەنجامدرا بەسەرکەوتووی لەلایەن ئەنتونی عتاللە لە نەخۆشخانەی منداڵان لە بوستن لەئەمریکا[3].
- لەساڵی ٢٠٠٥ یەکەم کرداری نەشتەرگەری بەشێکی دەمو چاو لەفەرەنسا ئەنجامدرا.

---

1- بڕوانە (الموسوعة العربية العالمية).

2- الدكتور احمد محمود سعد. زرع الاعضاء بين الحظر والاباحة، ص١٠. طبعة دار النهضة العربية.

3- بڕوانە ماڵپەری www.wakehealth.edu.

- لەساڵی ٢٠٠٦ یەکەم کرداری چاندنی (زراع ) بەسەرکەوتووی ئەنجام درا لەلایەن هەریەکە لە ئیدجار بیمارو کریستوف هانکەو مانفرید ستانجل لەزانکۆی تەکنیکی میونخ لەئەلمانیا[1].
- لەساڵی ٢٠٠٨ یەکەم منداڵ لەهێلکەی چیندراو پیتێنراو لەدایك بوو بەسەرکەوتووی[2].
- هەر لەساڵی ٢٠٠٨ کرداری چاندنی بۆریچکەی هەوای ئەنجامدرا لەلایەن پاولو ماتشیارینی لەبەرشەلونە لە ئیسپانیا.
- لەساڵی ٢٠١٠ یەکەم کرداری چاندنی رۆخساری مرۆڤی ئەنجام درا لەلایەن جوان بیر باریت لە نەخۆشخانەی زانکۆیی فال دیبرون لە بەرشەلونە لە ئیسپانیا[3].
- هەر لەهەمان ساڵدا واتە لە ٢٠١٠ لەنەخۆشخانەی La Fe بڕیارپیاندا بەچاندنی دوو قاچی تەواو[4]. ئەمە وەکۆ سەرەتایەك دادەنرێت لەمێژووی گواستنەوەی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ و چاندنی لە لەشی کەسێکی تردا، دەبێت ئەوەش بڵێین لەدەستپێکی زۆربەی تاقیکردنەوەکان لەسەر گیانداران بووەو ئەوان بونەتە قوربانی، بۆیە سەرەتا لەگیانەوەرەوە بۆ گیانەوەر دواتر لە گیانەوەرانەوە بۆ مرۆڤەکان، هەرچەندە مەرج نییە هەموو تاقیکردنەوەیەکی سەرکەوتوو لەنێوان گیانداران گیانداران هەمان ئەنجامی هەبێت لەگواستنەوەو تاقیکردنەوە لەگیانداران بۆ مرۆڤەکان. هەروەك ئەوەی کە هەمان ئەنجامی نابێت لەنێوان مرۆڤەکانەوە.

---

1- بڕوانە BBC News، August 1, 2008. news.bbc.co.uk/2/hi/7537897.stm.

2- ئەمە ناونیشانی وتاری جیمس راندرسونی پەیامنێری زانستی لەگۆڤاری گاردیان کە لە ٩ نوفەمبەری ساڵی ٢٠٠٨ لەپێگەی ئەلیکترونی guardian.co.uk بلاوی کردبووە .

3- بڕوانە: www.bbc.co.uk/news/health-10765005.

4- بڕوانە: http://www.thinkspain.com/news-spain/18119/spains-first-double-leg-transplant-to-be-performed-in-valencia.

## ئەندامە گواستراوەکان:

**گواستنەوە:** واتە گواستنەوەی ئەندامێکی لەش[1]، مەبەست لەگواستنەوەی تەواوی جەستە نییە، هەروەها مەبەست لەگواستنەوەی هەموو ئەندامەکانیش نییە.

**چاندن:** کرداری بەیەك بەستنەوەی ئەندامێکی نوێی لەشە بەمەبەستی جێگرتنەوەی ئەندامی لەناو چوو[2] بۆیە لێرەدا بەپێویستی دەزانین کەوا باس لەو پێکهاتە بکەین کە دەچنە ژێر چەمکی گواستنەوەو چاندنەوە، وەك دەزانین لەشی مرۆڤ لەخانە پێك دێت کەواتە ئەو خانانەی کە شانەی پێکهێناوە دەتوانرێت بگوازرێتەوەو بچێنرێت وەك خانەکانی:

١- گواستنەوەی خوێن : Blood transfusion.

٢- گواستنەوەی خانەکانی مۆخی ئێسك Bone marrow cells.

٣- گواستنەوەی خانەکانی لیمفی Lymphocyte transfer in experimental animals.

٤- گواستنەوەی خانەکانی قەدی خانە (stem cells)

**هەروەها گواستنەوەو چاندنی شانەکانیش هەریەکە لەشانەکانی:**

یەکەم: چاندنی شانەی پێست.

دووەم: چاندنی شانەی بیلبیلەی چاو.

سێیەم: شانە جۆراو جۆرەکانی لەش.

---

1- بروانە: الاستاذ: رواب جمال وطحطاح علال، نقل الأعضاء البشرية من الأموات إلى الأحياء بين الشريعة الإسلامية والقانون الجزائري ص٤ نقلا عن: د.محمود أحمدج طه، المسؤولية الجنائية في تحديد لحظة الوفاة، مركز الدراسات والبحوث، الرياض، ٢٠٠١، ص١٣٤.

2- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

دەتوانین ئەو ئەندامانە کە لە لەشی مرۆڤن دیاری بکەین کە دەتوانرێت دەستکاری بکرێتو بگوازرێتەوە، چونکە هەموو ئەندامێکی لەش لەتوانایدا نییە بگوازرێتەوە، مەبەست لەوەی کە ناتوانرێت بگوازرێتەوە ئەوەنییە کە ناکرێتو نەکراوە بگوازرێتەوە لەلایەن پزیشکەکانەوە بەڵکو گواستراوەتەوە بەلام لەهەردوو لاوە زەرەرمەند بوونەوەو هیچ سودێکی لێ وەرنەگیراوەو بەکارنەهاتووە وەك ئەندامێکی گواستراو، بۆیە ئەوانەی کە دەتوانرێت بگوازرێتەوە بریتین لەمانەی خوارەوە:

## ١- چاندنی ددان بەزێرو زیو:

لەراستیدا ئەمە ناچێتە ژێر بواری چاندنی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤدا، بەڵکو بریتییە لەکرداری جوانکاری کە لەکۆندا لەبواری پزیشکی ددانـدا بەکار هێنراوە. کە لەشوێنی ئەندامی لەناوچوو زێر یان زیویان بەکار دەهێنرا لەشوێنی ددان یان لووت. هەروەك لەپێشدا باسمان کرد. کە ئەمە سەرەتایەك بوو بۆ لە دەست تێوەردانی لاشەی مرۆڤ لەلایەن خودی مرۆڤەکەوە یان لەلایەن کەسێکی تری پسپۆر لەم بوارەدا بەلام لەسەر داواکاری کەسی یەکەم بووە ئەم کردارە تا ئەمڕۆش بەردەوامە. ئەوەی لێرەدا گرنگە باسی لێوە بکرێت ئەوەیە کە زیاد کردنی ئەندامێکی لەش بۆ مەبەستی جوانکاری یان چارەسەری چ جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ کەمکردنەوە بۆ هەمان مەبەست لەنێوان شەرعو یاسادا؟ ئایا کێ ئەم مۆڵەتەی پێداوین کە کەمو زیادیو دەست تێوەردانی لاشەی خۆمان بەویستی خۆمان بێت ئینجا بۆ مەبەستی جوانکاری ئەمە لەبەشەکانی داهاتوودا باسی لێوە دەکەین.

## ٢- چاندنی پێست:

ئەم کردارە لەوانەیە هەمان مەبەستی یەکەمی هەبێت کە سەرەتا لەلایەن (هنودەکانە)وە سەری هەڵداوە لەساڵی ٧٠٠ی پێش زایینی کە هەڵساون بە گواستنەوەی

پێستی روومەتی مرۆڤ بۆ لووتەکانی دواتر ئەم کردارە گواسترایەوە بۆ ناو گەلی عەرەبو موسڵمانەکان دواتر بۆ وڵاتانی رۆژئاوا. هەروەك زانای ئیتالی (تاجلیا کوزی) کە هەڵسا بەگواستنەوەی پێست لە ڕانی مرۆڤ بۆ لووتەکان. ئەمەش لەوکاتەدا بوو کە پێستی مرۆڤ تایبەت لەشوێنە دیارەکان واتە دەموچاو ڕۆمەت کە بەهۆی هەندێك نەخۆشی یان سوتان لەناودەچێت، بۆیە بۆ جوان کردنی ئەم ناوچەیە پەنا دەبەنە بەر پێست لەشوێنێکی تری لەشی خودی کەسەکە یان کەسێکی تر هەروەك سودیان لە بەراز وەرگرتووە بۆ ئەم مەبەستە لەساڵی ١٩٧١.

## ٣- گواستنەوەی خوێن:

ئەم کردارە گواستنەوەیە لەهەموویان بەربڵاوترە کە لەماوەی ساڵێکدا برێکی زۆری خوێن دەگوازرێتەوە لەنێوان مرۆڤەکاندا. کە بۆ جاری یەکەم لەلایەن زانای (بەریتانی) (ریتشار دلاور) ئەنجام دراوە لەساڵی ١٦٦٥ کە سەرەتا لەنێوان سەگەکاندا تاقیکراوەتەوە دواتر (جین بابستن دینس) هەڵسا بەگواستنەوەی خوێن لەنێوان مرۆڤەکاندا کە گشتیان مردن. بێ ئەوەی هۆکاری مردنەکەیان لەلایەن زانایەکە روون ببێتەوە. هەر بۆیەش قەدەغەکرا بۆ ماوەی ١٥٠ ساڵ. دواتر لەسەدەی نۆزدەهەم (جیمس بلندڵ)ی ئینگلیزی لەساڵی ١٨١٨م هەڵسا بەگواستنەوەی خوێن لەنێوان مرۆڤەکاندا واتە لەنێوان هەندێك ئادەمیزادی توش بوو بەنەخۆشی تر بۆیە زۆربەیان مردن. تا وەکو ساڵی ١٩٠٠ زانایێکی بایۆلۆژی نەمساوی گرۆپەکانی خوێنی دۆزیەوە. ئینجا ئەم دیاردەیە بۆ بەکارێکی ئاسایی کە بەم شێوەیە[1].

---

1- بڕوانە: دکتور ایمن الحسینی. جسم الانسان، ص٩، طبعة ٢٠٠٤.

ئەم سیستەمە بەکاردێت بۆ دیاریکردنی جۆری خوێن و چۆنیەتی بەخشینی خوێن

| | A | B | AB | O |
|---|---|---|---|---|
| A | P | Î | P | Î |
| B | Î | P | P | Î |
| AB | Î | Î | P | Î |
| O | P | P | P | P |




بۆیە دەبینین ناتوانرێت هەموو کەسێك خوێن بدات بەکەسی تر تاوەکو گرۆپەکەیان دیاری نەکرێتو ئەو مەرجەی تێدا نەبێت، کە پێویستە لێ ئاگاداربین چونکە تووشی توپەڵ بوون دەبێت بۆیە تەنها گرۆپی (O) دەتوانرێت خوێن بە هەموو گروپی تر بداتو گروپی (AB) دەتوانرێت خوێن وەربگیرێت، جگە لەوەی کە هەر یەکەیان خوێن دەداتەوە خۆی.

## ٤- چاندنی ( بیلبیلەی چاو )

لەساڵی ١٨٣٥م زانا (بیگر) یەکەم سەرکەوتنی ئەم کردارەی لەنێوان دوو غەزاڵدا ئەنجامدا. دواتر دکتور (ادوارد دزیوم) لەوڵاتی (تیشکوسلوڤاکیا) لەنێوان مێرد منداڵێك بۆ پیاوێکی تۆش بوو بە نەخۆشی کوێری بەهۆی سوتانەوە لەئەنجامدا توانی سەربکەوێت تاساڵی ١٩٠٥. ئەم جۆرە چاندنە ئێستا باوەو لە زۆر وڵاتاندا کاری بۆ دەکەنو سەرکەوتوون، ناوەندەکانی تایبەت بەم جۆرە چاندنە ئێستا زۆرنو کاردەکەن بۆ هێنانەوەی چاوەکان. هەرچەندە ئەمە جۆرێکی مەترسیدارو هەستیارەو پێویستە

ئـەوەش بلـێین دوور لەنەشـتـەرگەری جـوانی کـە ئـەنجام دەدرێـت وەك دانـانی چـینێکی پەردەی لیزەری بۆ گۆڕینی بیلبیلەی چاو بـەڵام ئەمـە ناچێتە بـواری چـاندنەوە چـونکە تەنها گۆڕانکارییێکە لەڕۆخساری دەرەوەی چاو دروست دەبێت.

## ٥- چاندی دڵ:

چـاندنی دڵ بـە یـەکێك لـەگرنگترین کـرداری چـاندنی ئەندامـەکانی لەشـی مـرۆڤ دا دەنرێت. یەکەم جار لەلایەن زانـا (کریـستیان برنـارد) لەسـاڵی ١٩٦٧ ئـەنجامی داوە کـە ماوەی پانزدە ساڵ خەریکی لێکوڵینەوەو بەدواداچوون بووە، تاوەکو توانی ئەنـدامی دڵ بچینێت لەکەسـێکی تـردا لەباشـووری ئـەفریقا کـە نەخۆشـەکە تـوانی مـاوەی (١٥٠) رۆژ بـەردەوام بێـت لـەژیان. هـەروەها لەسـاڵی ١٩٠٥ (کاریـل وجـوپری) یەکـەم کـرداری گواسـتنەوەی دڵـی ئـەنجام داوە، ئینجـا گواسـتراوەتەوە لـەنێوان مرۆڤەکانـدا. هـەروەك (برنارد) کە یەکەم جار ئەم گواستنەوەی ئەنجامدا لەنێوان ئـافرەتێکی ڕەش پێـست کـە لەکارەساتێکی هاتوچوودا گیانی لەدەست دابوو گواستراوە بـۆ مرۆڤێکـی پێـست سـپی. دواتر کە ماوەیەك لەژیان بـەردەوام بـۆ لەکۆتایـدا گیـانی لەدەسـت دا. بـەڵام زانایـان لـە هەوڵـەکانیان بـەردەوام بـوون. بۆیـە تـا سـاڵی ١٩٧٩ نزیکـەی شەسـت (٦٠) کـرداری گواسـتنەوەو چـاندن لەجیهانـدا ئـەنجام دران. بـەرە بـەرە ئـەم گواسـتنەوەیە بـۆ بـە چارەسەرێکی سەرەکی لە چارەسەرکردنی نەخۆشـییەکان ئەوانـەی کـە تـۆش بوونـە بـە نەخۆشـی دڵ. تـاوەکۆ ئـەمڕۆ ئـەم کـردارە بەردەوامـە، بـەڵام لەبـەر کـەمی بەخـشینی ئەنـدامی دڵ. پزیـشکانی ئـەم بـوارە پـەنایان بردووتـە بـەر دڵـی دەسـتکرد. (القلـب الاصـطناعی) کـە ئـەویش ڕۆڵێکـی بـاڵای هەیـە لـە چارەسـەرکردنی نەخۆشـیەکانی دڵ لەوانەیە مەترسییەکەی کەمتر بێتو مەترسی تـەنها لەسـەر گیـانی کەسـێکە کـە لـەباری ئاساییدا نییە.




## ٦- چاندنی گورچیلە :

چـاندنی گورچــیلە ئــەمڕۆ ئاســانترو بــەربڵاوترە لەچاندنی دڵو ئەندامەکانی تری لەش. یەکەم کـەس کـە بـەم کـردارە هەڵساوە نەشـتەرگەری ئـەمریکی (أمـریش أرلمان) بووە لەساڵی ١٩٠٢ لەوڵاتی نەمسا. کە سـەرەتا وەکــو هــەموو زاناکــانی تــر پــشتی بەســتوە بــە تاقیکردنەوەیەك کە لەسەر سـەگێك ئەنجامیـداوە، بـەڵام چاندنەکە لـەجۆری خـۆیی بـووە، هۆکـاری سـەرکەوتنی ئـەم نەشـتەرگەریەش پـاش دۆزینــەوەی چارەســەری (ســیکلو ســبورین) بــوو[1]. دوای دۆزینــەوەی ئــەم ماددەیــە لەکــەرووی ناتــەواو دەورێکــی بــاڵای هــەبووە لەچــاندنی ئەتەمەکانی تایبەت بە گورچیلەکان. کە تـوانرا نەخۆشـەکە بـۆ مـاوەی سـاڵێك بـەردەوام بێت لەژیان، ئەو کەسەی کە گورچیلەی لێ وەردەگیرێت لەکەسێکی مردوو یان زیندوو لـە کەســوکارێکی نزیــك خــۆی ئــەویش بەرەزامەنــدی هــەردوو لایــەن دەبێــت. هــەروەك (M.BATIONG) دەڵێت[2]:

چاندنی گورچیلە بەوە جیادەکرێتەوە لە ئەندامەکانی تری لەش بە هـۆی ئـەوەی کـە ئەندامێکی دووانیە بۆیە دەتوانرێت بە گواستنەوەی یـەك ئەنـدام لـە هـەردوولا سـودمەند بن.

---

1- Cicloporine: ئەو جورە دەرمانەیە کەلە کەرووی ناتەواو دەردەهێنرێت بۆ چارەسەر کردنی ئـەم کردارەو یارمەتیدانی کە لەلایەن کۆمپانیایـەکی (سـاندوز)ی سویـسریەوە دروسـت کـراوە کـە تـاقی کراوەتەوەو دوورە لەماددەی سام ئینجا بەکار هێناوە.

2- (M.BATIONG. نامەی دکتورا، ١٩٩٢- ص٩١).

## ٧- چاندنی جگەر:

هەرچەندە توانای دابەش بوونی خانەکانی جگەر زیاتر لە هەموو خانەکانی تری ئەندامەکانە کە توانای گواستنەوەیان هەیە. بەڵام چاندنی جگەر تا ئەمڕۆ کارێکی ئاسان نەبووە. بۆیە کە یەکەم کرداری نەشتەرگەری جگەر ئەنجامدرا لەساڵی ١٩٦٣ لەلایەن نەشتەرگەری ئەمریکی (( توماس ستارزل) سەرکەوتوو نەبوو. ساڵی دواتر واتە لەساڵی ١٩٦٤ زانا (ولش) هەمان نەشتەرگەری جگەری ئەنجامدا کە نەخۆشەکە تەنها بۆ ماوەی دوو هەفتە ژیا. ئەو کەسانەی کە ئەم جورە نەشتەرگەریەیان بۆ ئەنجام دەدرێت بە زۆری ئەو کەسانەن کە لە ١١,٥٪ توشی هەوکردنی جگەر بوونەو هەروەها لە ٥٠٪ ئەو کەسانەی کە نەخۆشی درێژخایەنیان هەبووە لە ١٦٪ ئەو کەسانەن کە نەخۆشی شیرپەنجەیان هەیە[1].

چاندنی جگەر دوو جوری هەیە، یەکەمیان چاندنی جگەر لە بڕینی جگەر لەکەسێك بۆ کەسێکی تری نەخۆش ئەمە وەکو هەموو جورەکانی تری چاندنە وەکو باسمان کرد، بەڵام هەرچی جۆری ترە بریتییە لەزیاد کردنی بەشێکی تر بۆ جگەر. چونکە خانەکانی جگەر ئەو خانانەن کە توانای دابەش بوونو دروست بوونەوەیان هەیە، واتە ئەگەر پارچەیەکی لێ ببڕێیتەوە ئەوا خانەکانی لەتوانایاندایە دابەش ببنەوە.

## ٨- چاندنی پەنکریاس:

پەنکریاس ئەندامێکی تری سەرەکی ناوەوەی لەشی مرۆڤە کە گرنگی هەیە لە دەردانی ماددەی ئەنسولین کە هۆکاری سەرەکی کەم کردنەوەی رێژەی شەکرە لە لەشدا. بۆیە چاندنی پەنکریاس تەنها مەبەستی سەرەکی چارەسەرکردنی ئەو رێژە زۆرەی شەکرەیە کە لەناو لەشدا هەیە واتە کەم بوونی ئەنسولینو لاوازی پەنکریاسە،

---

1- ئەم رێژەیە لەتۆماری ئەوروپی تۆمارکراوە بۆ چاندنی جگەر.

هەرچەند توانراوە ئەم ئەنسولینە لەهەریەکە لە مانگاو بەراز وەربگیرێت، بەڵام ئەمە تاسەر نابێت. بۆیە هەوڵی ئەوە دراوە کە پەنکریاس لە لەشدا بچینرێت بۆیە لەساڵی ١٨٩٢ (هیدون– Hedon) هەڵسا بەچاندنی بەشێکی پەنکریاس لە سەگێکو دانانی لەژێر پێستی هەمان سەگدا ئەم کردارە سەرکەوتنی بەدەست هێنا کە لەجۆری (چاندنی خۆیی) بووە. کە بووە هۆی دابەزینی ڕێژەی شەکر لە لەشدا. پاشان زانایان لەهەوڵیان بەردەوام بوونو نەشتەرگەریەکەیان گواستراوە بۆ لەشی مرۆڤ هەروەك (J.M.Dubernand) لەولاتی فەرەنسا توانی تاقیکردنەوەیەك لەسەر پەنکریاسی مرۆڤ بکات ئەویش پاش لابردنی (Exocrin) کە ڕژێنێکە دەردراوی هەرس بۆ ناو دوانزدەگرێو ریخولە دواتر توانی ئەم نەشتەرگەریەی پەنکریاس ئەنجام بدات. چاندنی پەنکریاس بەم شێوەیە:

١) چاندنی خانەکانی ئەنسولین:

کە لەلایەن (Ballinger) و یاریدەدەری هەوڵیان بۆ داوە. کە چاندنی خانەکانی (Langerhans) لانگەرهانس دەگرێتەوە بۆ دەردانی ئەنسولین. ئەم نەشتەرگەریە ئاسانترە لە چاندنی پەنکریاسەکە خۆی، بەڵام پێویست دەکات ئەم خانانە ژمارەیان زۆر بێتو لەشوێنی گونجاو دابنرێت تا بتوانرێت بەردەوام بێت. بەپێی کۆنگرەی سێیەمی جیهانی بۆ چاندنی پەنکریاس کە لە (لیون) بەسترابوو. لەساڵی ١٩٩١ ڕێژەی سەرکەوتن بریتی بوو لە ١٥٪.

٢) چاندنی بەشێك لە پەنکریاس:

کە توانراوە تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتن بەدەست بهێنیت بۆ ماوەیەك درێژتر بژیت.

٣) چاندنی بەشێك لە پەنکریاس لەگەڵ پاشکۆیەکانی ریخولە.

٤) چاندنی پەنکریاس لەگەڵ گورچیلە:

ئەمەش لەوکاتانەدا دەبێت کاتی خوێنو میز تێکەڵ بە یەکتر بن ئەم جۆرە چاندنانەی هەریەك لەپەنکریاسو گورچیلە بەیەکەوە ئەنجامی بدرێت باشترە وەك پەنکریاس بە تەنیا بێت.

٥) چاندنی پەنکریاس بەتەواوی:

لە نیوەی یەکەمی هەشتاکان ئەم رێگەیە لە هەموویان زیاتر بەکار دەهات. کە ئێستاش باوەو ئەم بەشە بە تەواوەتی دەچێندرێت تایبەت ئەوانەی کە نەخۆشی یان لاوازی پەنکریاسیان هەیە کە دەبێتە هۆی کەمی دەردانی ئەنسولینو زیاتر بوونی رێژەی شەکر لەناو لەشداو لەئەنجامدا دەبێتە هۆی نەخۆشی شەکرە. کە ئەم نەخۆشییە لەجیهانی ئەمڕۆدا زۆر بڵاوبوتەوەو بە نەخۆشیەکی بۆماوەی درێژخایەن لەقەڵەم دەدرێت، بۆیە ئەگەر ئەم جۆرە نەشتەرگەریەش بۆیان ئەنجام نەدەن ئەوا لەلایەن پزیشکانەوە نەخۆشەکە بەوە ئامۆژگاری دەکرێت کە خواردنی خۆراکی شەکراوی کەم بکەنەوە.




## ٩- چاندنی (موخی ئێسك)




چاندنی (موخی) ئێسك هاوشێوەی گواستنەوەی خوێنە کە بەهۆی مولولەکانی خوێن لەکەسێکەوە وەردەگیرێتو دەگوازرێتەوە بۆ کەسی تر، ئەم جۆرە چاندنە ماوەیەکی زۆرە بەکارهاتووە. کە بری ٥٠٠-١٠٠٠ملم لە کەسێك وەردەگیرێت بۆ کەسی تر

دەگوازرێتەوە. هەروەها لەکۆنەوە بەکارهاتووە هەروەك لەپەرتوکی (منهاج الطالبين) ئیمام نەوەویو پەرتوکی (في عجائب المخلوقات) ئیمام قزوینی دا هاتووە باس لەم چەندەیە دەکات.

هەروەها تێدا هاتووە باس لەئێسکی بەراز دەکات کە دەتوانرێت زۆر بە ئاسانی لەگەڵ ئێسکی مرۆڤ یەك بگرێتەوە کە بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٨٧م لەویلایەتی یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بەکارهاتووە کە توانراوە نزیکەی (٢٥٠) هەزار نەشتەرگەری بەم جۆرە چارەسەر بکرێت.

## ١٠- چاندنی ئەندامەکانی زاوزێی مرۆڤ:

ئەمەش بریتیە لەکرداری چاندنو گواستنەوەو دەستکاری کردنو تێکەڵکردنی ئەندامەکانی زاوزێی مرۆڤ، لەم جۆرەدا لەرۆیی شەرعەوە رێگە نادرێت بە ئەنجامدانی ئەم نەشتەرگەریە، چونکە گواستنەوەی هەردوو ئەندامەکانی زاوزێ (گون) دەبێتە هۆی گواستنەوەی سیفەتەکانی بۆماوەیی لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی ترو دەبێتە هۆی تێکەڵ بوونو بزر بوونی ڕەچەڵەك. بەڵام هەر چۆنێك ئەم جۆرە نەشتەرگەریەش ئەنجام دەدرێت لەوڵاتانی تری رۆژئاوا بۆ مەبەستی تاقیکردنەوەو بۆ مەبەستی بازرگانی هەروەها بۆ مەبەستی گۆڕانکاری لە نەسەب لەنەوەی داهاتوویان چونکە لەوانەیە ئەوان ئەوەندە خەمخوری ئەنجامەکەی نەبن.

## ١١- چاندنی رژێنەکانی زاوزێی مرۆڤ:

ئەم جۆرە چاندنەش هەر دەکەوێتە ژێر بابەتی یەکەم واتە چاندنی ئەندامەکانی زاوزێ، بەڵام ئەمەیان ئاسانترەو مەبەستی تری هەیە کە بەکاردێت یان ئەنجام دەدرێت بۆ مەبەستی چالاککردنی ئەندامی زاوزێ ئەگەر زۆر لاواز ببێت بەجۆرێك توانای دروست

کردنی تۆی نەبێت. بەڵام لەئەنجامدا هەر تێکەڵاو بوونی دوو ئەندامی زاوزێی نێرینەیەو دەچێتەوە ژێر حوکمی جوری یەکەم کە باسمان کرد.

## ١٢- چاندنی خانەکانی مێشك و دەمارەخانە :

ئەمە کارێکی ئاسان نییە کە بتوانرێت هەموو کات ئەنجام بدرێت، تەنها گۆڕانکارییەکە لەخانەیەك لەخانەکانی دەمارو مێشکدا ئەمەش تەنها بۆ مەبەستی چارەسەری ئەم جورە نەخۆشانەیە کە لەبواری مێشکدا لاوازن.

## ١٣- چاندنی منداڵ و گواستنەوەی ئەندامەکانی :

ئەم جۆرە بەچاندن دانانرێت بەڵکو بریتییە لەکرداری گواستنەوەی منداڵ پێش دروست بوونیو دانانی لەناو هێلکەدانی ئافرەتێکی تر، کە هی یەکەم لاوازەو توانای هەڵگرتنی منداڵەکەی نییە یان هێلکەدانی لاوازەو توانای هەڵگرتنی نییە، لەو ماوە دوورو درێژەدا کە لەحەوت تا نۆ مانگ دەخایەنێت. لێرەدا ئەم جۆرە گواستنەوە مشتومرێکی زۆری لەسەرە کە ئایا ئەم منداڵە کوڕی کام دایکە؟ یەکەمیان کە هێلکەکە هی خۆیتی یان کوڕی ئەم دایکەیە کە ماوەی نۆ مانگە هەڵی گرتووەو لەدایکی دووەم بووە؟ لەبواری زانستی پزیشکیدا زۆر بەئاسانی دەتوانرێت بەرێگەی پشکنین بزانرێت کوڕی کێیەو بسەلمێنێت، لەڕووی شەرعەوەش لەفەرموودەیەکی پێغەمبەردا( d ) هاتووە کە دەفەرموێت (منداڵ هی ئەو دایکە کە لێی بووە) واتە دایکی دووەمە هەرچەندە ئەم چەندەیە لەزەمانی ئەوکات نەبووە، بەڵام دەکرێت پشت بەم بەڵگەیە ببەستێت بۆ جیاکردنەوەی دایکی منداڵەکەو دیاریکردنی. ئەم جۆرە گواستنەوەش ئەنجام دراوە لەنێوان دایكو کچێکدا کە کچی خۆی بوو هەڵسا بەهەڵگرتنی منداڵی دایکی کە توانای هەڵگرتنی نەبوو ئینجا ئەم کچە لەشوێنی دایکی بەم کارە هەڵسا تاوەکو منداڵەکە لێی بوو. بەڵام لێرەدا دیسان شەرعی خودا ڕێگرەو ئاگادارمان دەکاتەوە لەم

جۆرە هەلانە، چونکە لەم حاڵەتانەدا منداڵی پەیدابوو لەکاتێکدا کە منداڵی دایکی دووەمەو لەهەمان کاتدا دەبێتە خۆشکی یان برای.

## ١٣- تەکنیککاری نوێ بۆ دروست کردنی منداڵ:
## (گواستنەوەو چاندنی تۆو هێلکە).

ئەم تەکنیککاریە تەنها بەکرداری گواستنەوە دادەنرێت، کە لە زۆربەی وڵاتەکانی جیهاندا لەوانەش وڵاتە ئیسلامییەکان پەیڕەو دەکرێت، چونکە جۆرە چارەسەرێکە بۆ ئەوانەی تووشی نەزوکی بوونەو منداڵیان نابێت، لێرەشدا چەند هۆکارێك زاڵن بۆ ئەم دیاردەیە وەك (نەبوونی منداڵ) کە هەندێك هۆکار بۆ دایك (ئافرەت)و هەندێکی تر باوك (پیاو) دەگەرێتەوە. هەروەها نەزوکی لە هەردووکیان یان کەمی ژمارەی سپێرمو نەگەیشتنی بە هێلکەی ئافرەت. تەکنیککاریەکە دەرهێنانی تۆی پیاو هەروەها دەرهێنانی هێلکەی ئافرەتەو تێکهەڵکردنیانو دانانی بەناو ناوەندێکی کە (PH) گونجاو بێتو لەژێر (-١٧٠) °C بێت.

دوای تەواو تێکەڵبونیانو یەکگرتنیان دەتوانرێت جارێکی تر بگوازرێتەوە بۆ ناو هێلکەدانی ئافرەتەکەو بەسوری گەشەکردنی ئاساییدا بڕوات، تابێتە منداڵێکی تەواو. ئەم جۆرە تەکنیکاریە ئێستا زۆر باوە، بەڵام مەرجی سەرەکی دەبێت لەنێوان پیاوو ئافرەتەکەی خۆیدا بێت. ئەگەر لەنێوان ئافرەتێكو پیاوێکی تری بێگانە بێت ئەمە لەوڵاتە ئیسلامیەکان بەناڕەوا لەقەڵەم دەدرێت. لەگەڵ شەرعی خودا ناگرێتەوە، هەروەها لەنێوان پیاوەکەو ئافرەتێکی تر بێت بەهەمان شێوە ناکرێت.



# بەشی یەکەم

## یەکەی دووەم

## ئەو ئەندامانەی کە ناتوانرێن بگوازرێنەوە:

گواستنەوەی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ کارێکی ئەوتو ئاسان نییە. بۆیە ئەو ئەندامانەی کە توانران بگوازنەوە لەلایەن زاناو پزیشکەکان لەوانەیە گشتیان سەرکەوتوو نەبەنو نەخۆشەکە بەرەو ژیانێکی ترسناکی ڕۆشتبێتو پەشیمانی بەدواوە بێتو لەئەنجامیشدا مرد بێت. بەلاّم هەر هەولّیان داوە تاقی کردنەوە لەسەر هەموو ئەندامەکانی لەش بکەن. لەگەلّ ئەوەشدا هەندێك ئەندامی تر هەن بە هیچ شێوەیەك دەستکاری ناکرێت. دەستکاریەکی بچووك مەترسی مردنی هەیە. لەگەلّ ئەوەشدا پێویستە ئەوەش بلّێن کە لەئەنجامی گواستنەوەی ئەندامێکی وەك دلّ کە توانراوە بگوازرێتەوە، بەلاّم کارێکی نیگەتیڤی هەبووە لەسەر کەسەکە. وەك ئەوەی کە پرۆفیسور Billroth باس لەو کەسانە دەکاتو دەلّێت: ئەوانەی نەشتەرگەری گواستنەوەی دلّیان بۆ ئەنجام دراوە بەرامبەر بەهاوڕێکانی بێ رێز دەبن[(1)].

بۆیە مەرج نییە هەموو کردارێك کە ئەنجام درابێت سەر کەوتوو بێت، ئەگەر لەڕووی فەسلەجیو فرمانیەوە سەرکەوتوو بێت، بەلاّم لەهەندێك بواری تردا سەرکەوتوو نابێت. هەروەها رووداوی دلّتەزێن ناخۆشی سایکولوجی ئەوتۆی بەدوواوەیە کاریگەری دەروونی خراپ بۆ دەوروبەریش دروست دەبێت، نموونەش لەسەر ئەم بابەتە زۆرن کەوا کەسانی هەلّگری ئەندامێکی گواستراو یان چێندراو لەناو لەشی وەك گورچیلە دەبینین دەژی

---

1- الدائم (احمد عبدالدائم). اعضاء الجسم الانسان ضمن التعامل القانوني، دراسة مقدمة لنيل شهادة الدكتوراه فی الحقوق. بیروت- لبنان، ۱۹۹۱ نقلا عن Billroth P.I .DOLL ۱۹۷۰ ص٤٠.

بەڵام لەناو دەروونێکی بەرتەسکو ناسکدایە جگە لەوەی کە لەناو کومەڵگەدا بەچاوێکی کەم سەیری دەکرێت بۆ هەردوو کەسەکە بەخشەرو وەرگر، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك ئەندامی تر لەوانەیە بیریان لێ کردبێتەوە کە دەتوانرێت بگوزارێتەوە، بەڵام کە بیر لەداهاتووی کەسەکە دەکەنەوە دەبینن بەرەو خراپی دەرواتو ئەنجامێکی باشی نابێت. نموونە لەو ئەندامانەی کە ناتوانرێت لەگواستنەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنرێت بریتیە لە:

- چاندنی مێشك
- چاندنی سپڵ



## چاندنی مێشك

ئەگەر بڕینی گورچیلەو گواستنەوەی لەکەسێکی تەواو بۆ کەسێکی تری کە پێویستی پێیەتی بەجۆرێك هەردووکیان هیچ مەترسیان لەسەر نەبێت دوای گواستنەوە کارێکی ئاسایی بێت. ئەوا هەر دەستکارییێك لە دەماغ مردنی کەسی یەکەم واتە خۆدی کەسەکە مسوگەر دەبێت. بۆیە لەکۆنگرەی کۆمەڵەی گشتی بۆ چاندنی ئەندامەکانی لەش کە لە(لاهای) بەسترا بوو لەساڵی ١٩٧٠ بڕیاریان داوە کە چاندنی دەماغ بە هیچ شێوەیەك گونجاو نیە[1]. چونکە مردنی دەماغ واتە مردنی کەسەکە پاشان بڕینی تەنها لەکاتی زیندووی دەبێت. چونکە لەکاتی بڕینی دەماغ واتە کوشتنی کەسەکە. ئەو دەماغەی کە دەبڕێت پێویستە لەکەسێکی مردوو

---

1- In la presse medical ,lo mai 1971 h 22.

بێت نەك زیندوو. لەدوای مردنیش ماوەی پێنج دەقیقە خوێن ناتوانرێت هاتووچوو بکات. کەواتە ئەگەر زیاتر روون بکەینەوە دەبێت کرداری چاندنی یەکێك لەسودەکانی کە لەدوایدا باسی دەکەین بریتی بێت لە ڕزگار کردنی کەسەکە لەمردن، بەڵام لێرەدا کەسی یەکەم دەمرێتو ناتوانرێت لە کەسی دووەمدا بچینرێت.

ئێمە نالێین ئەم نەشتەرگەریە بە هیچ شێوەیەك ئەنجام نادرێت، چونکە ئەگەر نەکراوە بەیانی دەکرێت وەکو هەموو ئەندامەکانی تریش کە لەسەرەتاوە لەسەر گیانداران تاقیکردنەوەکە ئەنجام داوە وەك چوون لە دڵو گورچیلە بەم شێوەش یەکەم جار لەسەر سەگ تاقی کراوەتەوە لەلایەن زانا Guthrie، دواتر R.j White چاندنی مێشکی سەگی ئەنجام داوە کەواتە چاندنی دەماغ کارێکی ئەستەمەو ناتوانرێت ببڕێتو بگوازرێتەوە بۆ کەسی تر، دەماغ شوێنی بیرو هزرو سۆزە. بۆیە کە بگوازرێتەوە بۆ کەسێکی تر ئەوا ئەم کەسە هەموو بیرو سوزو هزری دەگۆڕێتو جیاواز دەبێت لەو کەسەی کە هەیەتی لەسەرەتای لەدایك بووندا. ئەندامەکانی تر بەم شێوە کاریگەر نابن وەك ئەوەی مێشك کاریگەرە کەواتە پێویست دەکات رێز لەکەسایەتی مرۆڤ و مرۆڤایەتی بگرێت[1]. چونکە ئەگەر گریمان لایەنی یاساییو شەرعیو مرۆڤایەتی رێك بکەون لەسەر ئەنجام دانی ئەم کردارە ئەوا بێگومان ڕێککەوتنیان لەسەر هیچ بنەماو مەرجێك نابێت جگە لەمەرجی پاراستنی مرۆڤەکانو خزمەت بەکۆمەڵگاو ژیانی هاولاتی نەبێت، ئەوەی لێرەدا بەتەواوەتی پێچەوانەیە، ئەوەی کە دەمێنێتەوە ئەوەیە کە بڵێین ئێمە لەسەر چەند کەسێك ئەنجامی دەدەین وەك هەموو ئەندامەکانی تر ئەگەرچی هەندێك کەسیش دەبنە قوربانی ئەم بابەتە دواتر وەك سەرەتا ڕێگە چارەیەك دەبێت تا کۆتایی ژیان. بەڵام یاسا ڕێگەی بەم چەندەیەی نەداوە.

---

1- دکتور.جی. ریناود Dr.j.RENAUD زرع الدماغ ام زرع الروح. Sciences ed,juillet,1968 .h610, p22a27

## چاندنی سپڵ:

سپڵ هەرچەندە ئەو مەترسیەی کە لەچاندنی دەماغ دەبینرێت لەوانەیە لەچاندنی سپڵ دا نەبینرێت. بەڵام هەرچونێك بێت تائیستا پاش هەوڵدانێکی زۆر سەرکەوتنی ئەم دوو ئەندامە ڕانەگەیەنراوە. Starzl لەساڵی ١٩٦٣ لەشاری Denre لە ١٩ی کانونی دووەمدا یەکەم نەشتەرگەری چاندنی سپڵ ئەنجامدا لە لەشی مرۆڤ. هەمان زانا لە ١٩٦٨ دیسان تاقیکردنەوەیەکی تری ئەنجامدا لەسەر منداڵێکی توش بوو بە خوێن بەربوون بەڵام تاماوەی ٤ رۆژ پێوە خەریك بوو دواتر لەکار کەوت. کەواتە چاندنی هەموو ئەندامەکان لەئارادایەو لەژێر تاقیکردنەوەدایە، بەڵام سەرنەکەوتنی یان بۆ خودی ئەندامەکە دەگەڕێتەوە یانیش بۆ نەدۆزینەوە ڕێگای زانستی لەگواستنەوەی ئەندامەکان یان ئەوەتا دەبێتە ناونیشانی بابەتی هەموو زانایانو بابەتی ئێمە کە ناکرێت ئەم ئەندامە بگوازرێتەوە.



# بەشی یەکەم

# یەکەی سێیەم:

# بۆچی کرداری گواستنەوەو چاندن ئەنجام دەدەرێت؟

هۆکارەکان زۆرن کە لەلایەن کەسانی شارەزاوە لە هەردوو بواری یاساییو پزیشکیدا دانراونو بڕیاری لەسەر دەدەن، هۆکاری سەرەکی خزمەتکردنی مرۆڤەو ڕزگارکردنی مرۆڤێکی نەساغە، چونکە مرۆڤەکان بۆ خزمەتکردنی یەکتر دەتوانن سوود لەیەکتر ببینن. هەروەك چوون لەنێوان کۆمەڵگایەکدا یەکگرتوویو هەرەوزەی هەیە، بۆ بەڕێوەبردنی ژیانیانو خزمەتکردنی یەکتری. تایبەت لەکاتێکدا کە ژیانی بکەوێتە مەترسیو چارەسەری تەنها لە کەسوکاریو کەسێکی نزیکی خۆی بێت بۆیە بڕیار دەدرێت لەلایەن هەردوولاوە بۆ ئەنجامدانی ئەم نەشتەرگەریە. ئەم کردارە ئەنجام دەدرێت لە مرۆڤ و گیاندارانـدا ئەم زاراوانە دێنە پێش لەکاتی ئامادەسازی بۆ ئەم کردارە. واتە وەك ئەوەی کە بڵێین پێویستە ئەم چەندانە ئامادەبنو لەئارادابن تاوەکو کرداری گواستنەوەو چاندن ئەنجام بدرێت ئینجا لە مرۆڤ بۆ مروڤ یان لە گیانەوەر لە بۆ مرۆڤ و گیانەوەر. هەروەها هۆی تریش هەن کە دەبنە هۆی ئەنجامدانی ئەم کرداری بڕینو گواستنەوەو چاندنی ئەندامەکانی لەش وەك ئەوەی کە لەم دوایەدا لەوڵاتی عێراق وەك نموونە ئەگەر وەربگرین دەبینین ڕێژەی بڕینی ئەندامەکانی لەش زۆر زیادی کردووەو ئێستاش روو لەزیادبوونە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەم دەرامەتی نەبوونی کارو بژێوی ژیان وەك ئەوەی کە چەندین نموونە لەسەر ئەم چەندەیە هەیە کە هەڵدەستن بە فرۆشتنی یەکێك لەئەندامەکانی لەشی وەك گورچیلە لە بەرامبەر پەیداکردنی ئیشو کارو

هەروەها لەوڵاتی میسر کە بەپێی چەند داتایەك لە چەند ساڵی رابردوودا بە پلەی سێیەم دەهات لەجیهاندا. بۆ ئەوەی ئەم کرداره ئەنجام بدرێت پێویستی بەم زاراوانە هەیە:

**١) ئەندام:**

بريتييه لەچاندنی ئەندامێکی تەواو یان کۆمەڵێك شانە لەکەسی بەخشەر Donner بۆ کەسی تری وەرگری نەساغ یان ئەو کەسەی ئەندامەکەی نەساغە تاوەکو شوێنی ئەو ئەندامە بگرێتە کە لە کارکەوتووە یان لاواز بووە.

**٢) بەخشەر ( Donner )**

ئەو کەسەیە یان ئەو گیاندارەیە کە ئەندامەکەی لێ وەردەگیرێت بەمەبەستی چاندنو گواستنەوە، کە بەزۆری لەنێوان مرۆڤەکاندا ئەنجام دەدرێت زۆر بەکەمیش لەنێوان مرۆڤو گیانەوەردا بەهۆی وەرنەگرتنی لەلایەن لەشی مرۆڤەوە، هەروەها دەکرێت لەکەسێکی زیندوو بۆ زیندوو بگوازرێتەوە یان لەکەسی مردوو (لە دەماغ) بگوازرێتەوە بۆ کەسی زیندوو. هەرچەندە پێویست دەکات ئەو ئەندامەی کە وەردەگیرێت لەحاڵەتی گونجاو تەواودا بێت.

**٣) وەرگر ( Hot )**

ئەو لاشەیە کە ئەندامەکەی پێ دەدرێتو دەکرێت مرۆڤ بێت یان گیانەوەر. لێرەدا زیاتر ئەم بەشە رووبەڕووی ترسناکی نابێتەوە وەك ئەوەی بەخشەر تووشی دەبێت هەرچەندە مەترسی لە هەردووکیاندا هەیە، چونکە کەسی بەخشەر لەوانەیە لەژیاندا مابێتو بەردەوام بێت وەك بەخشینی گورچیلە، بەڵام هەموو بەشیش وەك گورچیلە کەسی بەخشەر لەمەترسی ڕزگار ناکات. بۆیە کەسی وەرگر لەوانەیە ئەویش لەئەنجامی گواستنەوەی ئەندامێك لەکەسێکی تر ببێتە هۆی مردنی کەسەکە، ئەوکاتە گواستنەوەکە بەری گرتووە، بەڵام چاندنەکە سەری نەگرتووەو کەسی وەرگریش وەك کەسی بەخشەر تۆشی مردن دەبێتەوە.

## جۆرەکانی گواستنەوەو چاندن :

لەجۆرەکانی کرداری گواستنەوەی ئەندامەکانو چاندنیان بەگوێرەی کارەکان دەکرێنە چەند جۆرێکەوە، زۆری کارکردن لەم بوارەو تاقیکردنەوەی زۆری لەسەر یەك ئەم چەند جۆرەی دیاریکرد کەوا جۆری جیاواز هەیە لەکرداری گواستنەوەو چاندن لەنێوان زیندەوەراندا بۆیە دەبینین چوار جۆری سەرەکین ئەوانیش:

١) چاندنی خۆیی Auto Groff

٢) چاندنی وەك یەك Iso Groof

٣) چاندنی جیاواز How Groof

٤) چاندنی دەرەکی Xeno Groof

هەروەها جیاوازی جۆرەکانی چاندنی ئەندامەکانیو دابەش کردنیان بۆ ئەم چوار جۆرە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گونجاندنەی کە پێویستە هەبێت لەنێوان ئەندامەکانی لەشی بەخشەرو وەرگردا. هەروەها لەنێوان جۆرەکانی زیندەوەراندا.

### ١- چاندنی خۆیی:

ئەم جۆرە لەهەموو جۆرەکانی تر زیاتر پەیرەو دەکرێت تایبەت ئەگەر چاندنەکە بریتی بێت لەچاندنی پێست. پاش ئەوەی کە پێستەکە لەشوێنێك لە لەش دەبڕێتو دەگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی تری لەش کە لەناوچووە بەهۆی سوتان یان ماددەیەکی تری کیمیایی یا هەر هۆکارێك بێت. ئەم جۆرە چاندنە کێشەو گرفتی یاسایو مەرجی یاسای پێویست ناکات. چونکە تەنها لەنێوان کەسی داواکراوو پزیشکەکە دەبێت. ئەم نەشتەرگەریە زیاتر بۆ مەبەستی جوانکاری بەکاردێتو ئەوەندە مەترسییەکی نییە وەك ئەوەی لەجۆرەکانی تری گواستنەوەو چاندنی ئەندامەکانی لەش هەیانە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە مرۆڤ کاتێك پەنا بۆ ئەم جۆرە کردارە دەبات کاتێك دڵنیابووە لەوەی کە ئەمە کارێکی پوزەتیفەو ئەم کارە کارناکاتە سەر ئەندامی بەخشەرو ئەندامی وەرگریش سودمەند دەبێت لێی، هەروەها بڕیارەکەش بەدەست خۆیەتی.

## ٢- چاندنی وەك یەك:

وەرگرتنی ئەندامێکە یان کۆمەڵێك شانەیە لەنێوان دوو کەسی وەك یەکە بۆ نموونە لەنێوان برایەك بۆ برای تری دووانە: ئەم جۆرەش مەرجی یاسای پێویستە چونکە لەنێوان دوو کەسدا ئەنجام دەدرێتو دوو کەسەکەش لەڕوویی فەسلەجی پێکهاتەی جەستەیی وەك یەکن نەك هاوبیروڕاو هاوبڕیارن بۆیە ئەندامێکی وەك یەکە لەنێوان بەخشەرو وەرگرێکدا، ڕەزامەندی یەکەمی بەخشەر مانای رەزامەندی دووەمی وەرگر نییە، دووانەش دووجورە:

### دووانەی وێکچوو:

ئەم دووانەیە کە لەئەنجامی دابەش بوونی یەك -هێلکە- دروست بووە، کە پیتراوەو دواتر دابەش بووە بۆ دووخانەی سەربەخۆ هەریەکەیان دەبێتە کورپەلەیەکو هەریەکەیان لەوی تر دەچێت لەڕوویی بۆماوەو فەسلەجیەوە.

### دووانەی لێك نەچوو:

لەئەنجامی دوو هێلکوکە یان زیاتر پەیدابوونە لەیەك کاتدا. هەریەکەیان بەجیا پیتێنراون. بۆیە لێك جیانە لەڕوویی بۆماوەو فەسلەجیەوە، یەکچوونیان لە باوکە یان لە دایکە... یان یەکیان کچو ئەوی تریان کوڕ بێت.

لەجوری یەکەمدا پێویستی بە هیچ فاکتەرێکی یاریدەدەر نییە، چونکە وەك بەشێك لەلاشەی خۆی وەردەگیرێت، هەروەك لەساڵی ١٩٥٤ یەکەم نەشتەرگەری گورچیلە لەنێوان دووانەیەك ئەنجامدرا. رێژەی سەرکەوتنی زیاتر بوو وەك ئەوەی کە لەنێوان دوو تاکە کەسەکەی تری دووانەی لێك جیادا ئەنجام دراوە، چونکە ئەم دوو دووانەیە لەڕوویی بۆ ماوەییەوە لەیەکتر دەچوون[(١)].

---

1- الدائم (احمد عبدالدائم). اعضاء الجسم الانسان ضمن التعامل القانوني- دراسة مقدمة لنيل شهادة الدكتوراه في الحقوق، بيروت- لبنان، ١٩٩١ نقلا عن M.BATIGNE رسالة الدكتورا، ١٩٨٠- ص٨٤ زرع الاعضاء في قانون العقوبات.

بەڵام لەجۆری دووەمدا لەوانەیە تاڕادەیەك جیاوازی هەبێت چونکە لەڕووی بۆماوەوە لەیەك سیفەت نین‌و لەیەك ناچن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی وەرگرتن زیاترە وەك لەنێوان دووکەسی دوور لەیەکتردا بێت. ئینجا کرداری جیاکردنەوەیی دووانەش بەهەمان شێوە جیاوازە لەنێوان دوو تاکی دووانەی وەك یەك وەك ئەو دووانەی کە لێك جیاوازن.

## ٣- چاندنی جیاواز:

ئەم جۆرە ئەنجام دەدرێت لە نێوان دوو کەسی جیاوازدا، بەڵام هەمان خێزان‌و جۆردا وەك لەنێوان مرۆڤو مرۆڤ، سەگ بۆ سەگ، کەروێشك بۆ کەروێشك. ئەم جۆرەیان ئێستا زۆر پەیرەو دەکرێت، تایبەت لەنێوان گیاندارەکاندا کە پاش تاقیکردنەوە دواتر دەگوازێتەوە بۆ مرۆڤەکان واتە هەمان تاقیکردنەوە لەنێوان مرۆڤو مرۆڤەکاندا بێت. لێرەدا کە دەڵێین جیاواز مەبەستمان ئەوە نییە ئەم دوو بەخشەرو وەرگرە لەڕووی ڕەگەزی نێرەو مێیە لێك جیاوازبن، چونکە ئەو ئەندامەی کە مەبەستمانە وەك پێست‌و دڵ‌و گورچیلەیە نەك ئەوەی کە پەیوەندی بە زاوزێ‌و زۆربوونەوە هەیە، چونکە کە دەڵێن دوو مروڤی ڕەگەز جیاواز واتە جیاوازن لەڕووی ئەم کۆئەندامەی زاوزێ‌و زۆربوونەوە، ئەگەرنا زۆر لە ئەندمەکانی لەشی هەردوو ڕەگەز لەیەك نزیکن، وەك گورچیلەکان‌و گروپەکانی خوێن، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵیان داوە کە ئەم دوو کۆئەندامەش ئاڵوگوربکرێن لەنێوان نێرەو مێیەدا، بەڵام وەك پێویست سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە تەنها ئەوە نەبێت کە بووە هۆی زیادبوونی ڕژێنە هورمونی بەرپرس لەتۆخمە سیفەتی دووەمی.

## ٤- چاندنی دەرەکی:

ئەم جۆرەیان زۆر بە کەمی ئەنجام دەدرێت. واتە چاندنی ئەندامەکان لەنێوان مرۆڤو گیاندارەکانی تری وەك مەیمون‌و بەرازو سەگدا. ئەم جۆرەیان زۆرجار ئەنجام دراوە

هەروەك لەسەرەتادا لەگواستنەوەی بیلبیلەی چاو لـە سـەگ بـۆ مـرۆڤ هـەروەها چـاندنی دڵی مەیمون لە مرۆڤدا کە لەو پێشتر باسمان لێوە کردووە[1].

لێـــرەدا زۆرتـــر تاقیکردنـــەوە ئـــەنجام دراون ئـــەم جۆرەیـــان لـــەنێوان مـــرۆڤو زیندەوەراندایـە. بۆیـە زۆر هەسـت بـە لێپرسـینەوە ناکرێـت، چـونکە بـەبێ ڕەزامەنـدی گیانەوەرەکەیەو بەبێ ئەوەی کە خەم خواردن لەژیانی گیانەوەرانەوە بێو بێ بەزەییانـە ئەم کارەیان ئـەنجام دەدا، چـونکە ژیـانی مرۆڤێـك لـەژیانی گیانـەوەرێك گـرنگترە، بۆیـە پـاش ئـەوەی کـە ئـەم کـردارە تەشـەنەی کـرد ڕێکخـراوی پارێزگـاری مـافی گیانـەوەران سەریهەڵداو بەرگری لەم چـەندەی کـردووە. هـەر چـوونێك بێـت هـەر نەشـتەرگەریەك کـە ئەنجام درابێت ئەنجامەکەی شکست هێنانـە. هـەروەك لەسـاڵی ١٩٩٢ لـەوڵاتی ئـەفریقیا گورچیلەیان گواستەوە لەگیانەوەرێك بـۆ مـرۆڤ بـۆ مـاوەی دوو مـانگ ژیـاو دواتـر گیـانی لەدەستدا[2].

---

1- Barnard,le cap, october,1977.

2- د.حسین. نقل کبد سعدان. Lecancows medical, oq.09.01.1993.p.38.

# بەشی دووەم

# مەرجەکانی چاندنی ئەندامەکانی لەش

ئەو هەموو ئەندامانەی کە لە لەشی مرۆڤ دا هەنو توانای بڕینو گواستنەوەو چاندنی هەیە لەکەسێکی تردا. هەمووی دەچێتە ژێر دەستەواژەی دەستکاری کردن لە لەشی مرۆڤ. ئینجا بەڕەزامەندی هەردووکیان بێت لەگەڵ پزیشکدا یان ئەگەر لەکەسێکی مردوو بۆ کەسێکی زیندوو بێت ئەوا لەنێوان کەسوکاری مردووەکەو کەسی وەرگرو پزیشکدایە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك مەرج هەن کە پێویستە روونو ئاشکرابن لەنێوان هەریەکە لە کەسی بەخشەر (زیندوو یان مردوو) هەروەها کەسی وەرگرو پزیشکدا. جگە لەمەرجەکانی پزیشکیو مەرجەکانی یاسایی ئەوا مەرجەکانی شەریعەتیش پێویست دەکات زۆر روونو ئاشکرا بن تاوەکو بتوانرێت ئەم نەشتەرگەریە ئەنجام بدرێت. چونکە مەبەستی سەرەکی لەئەنجامدانی ئەم نەشتەرگەریە ڕزگارکردنی مرۆڤێکە کە ژیانی لەمەترسیدایە بەبێ ئەوەی کەسی بەخشەر زیانی بەربکەوێت، چونکە لە هەندێك ئەندامدا تەنها لەدوای مردنی کەسی بەخشەر دەتوانرێت سودی لێ وەربگیرێت، ئەگەر بە زیندوویی ئەم کردارە گواستنەوەی لەسەر ئەنجام بدرێت ئەوا دەبێتە هۆی مردنیو لەکارکەوتنی ئەندامەکانی جگە لەوانەی کە بەزیندوویی ئەنجام دەدرێت وەك پێستو گورچیلە.

بەڵام ئەندامێکی وەك دڵ ناتوانرێت لەکەسێکی زیندوو ببڕێتو بگوازرێتەوە بۆ کەسی تر. بۆیە کە باس لەم نەشتەرگەریە دەکرێت پێویست دەکات مەرجەکانی زۆر بەڕوونیو ئاشکراو دیار بن. بۆیە ئەگەر لەنێوان دوو کەسی زیندوودا دابێت ئەوا سود لە هەموو ئەندامەکان وەرناگیرێت وەك ئەوەی کە بەمردوویی سودی لێ دەبینرێت. بەڵام لێرەدا ئەوەش پێویستە باس بکەین کەسی مردوو واتە مردوو لە دڵ یان مردوو لە دەماغ. ئەو کەسەی مردوو تەنها لە دەماغ یان لە دڵیش مردووە. چونکە جیاوازییەکی فەسلەجیو شەرعی زۆر هەیە لەنێوان ئەم دوو جۆرە مردنەدا.

## پێناسەی مردن و جۆرەکانی:

مردن: پێناسەی‌و ناسینی مردن واتای تەنها دیاردەیەکی کتوپڕو لەناکاو نییە، بەڵکو بریتی دەبێت لە مردنی خانەو ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ[١] بریتییە لەدەرچوونی روح لەجەستەوە[٢].

- پێناسەی مردن لەڕووی یاساوە. بریتییە لەناوچوونی ئەندامی دەماغ بەتەواوەتی‌و لەکارکەوتنی.
- بەڵام پێناسەی مردن لەلایەن پزیشکەکانەوە، بریتییە لەوەستانی بە تەواوەتی لە هەموو خانەکانی کە چالاکن لەپێکهێنە کرداردا.

هەروەها Paillas دەڵێت: مردن واتە رۆیشتنی مرۆڤ بەرەو لایەنەك كە چارەسەری بۆ نییە. مردنی هەریەك لە خانەو شانەو ئەندامەکانی[٣].

- مردن لەڕووی زمانەوانیەوە: بێ دەنگی، نوستن، رۆیشتن بەرەو هێزی شاراوەو نەمانی هەست‌و لەدەستدانی ژیانە.
- لەڕووی چەمکەوە: شێوازیکی ئامادەبوویە کە پێچەوانەی ژیانە[٤]. دەرچوونی روح لەلاشە[٥].

---

1- بڕوانە: الدائم (احمد عبدالدائم)- اعضاء الجسم الانسان ضمن التعامل القانوني، دراسة مقدمة لنيل شهادة الدكتوراة فى الحقوق- بيروت- لبنان، ص٢٠٠- ١٩٩١.

2- بڕوانە: الگزني= د.محمد احمد مصطفى- حكم نقل وغرس الاعضاء البشرية في الفقه الاسلامي والقانون- دراسة مقارنة ص٥٠- ١٩٩٩.

3- هەمان سەرچاوەی پێشوو. Paillas معاير الموت المتبرع ضمن زرع الاعضاء رقم (٥) ١٩٧٠.

4- انظر الرازى- التفسير الكبير ٣٠-٥٤.

5- الشيخ صالح موسى شرف- مجلة مجمع الفقه الاسلامي- الدورة الثالثة العدد الثالث الجزء الثانى ص٧٢٣.

– شێخ جاد الحق علی جاد الحق سەبارەت بە مردن دەڵێت: مردن کۆتایی ناهێت تاوەکو هەموو شێوازەکانی ژیانی نەمێنێ بە هەموو کۆئەندامەکانی لەشەوە[1].

ئیمام نەوەوی دەڵێت: مردن واتە جیابوونەوەی روحە.

ئیبن قەیم دەڵێت: مردن جیابوونەوەی روحە لەجەستە هەروەك (الحافظ ابن الحجر)یش هەمان بیرۆرای هەبووە.

## جۆرەکانی مردنیش بریتین لە دوو جور:

١– مردنی دڵ: مردنی دڵو وەستانی لە هەموو کارو چالاکییەکانو نەمانی هەناسە.

٢– مردنی مێشك: نەبوونی هیچ جووڵەیەكو نەبوونی هیچ چالاکییەکی ئەگەر بەدەزگای پزیشکی نەبێت. لەکاتی مردنی دڵ ئەوا دەماغ بەردەوام دەبێت ماوەی ١٤ رۆژ[2].

١– مردنی دەماغ: بەگوێرەی ڕاپۆرتی پزیشکی ئەم کەسە لەجووڵەو چالاکی کارەبای وەستاوە. ئەم کەسە بەکەسێکی زیندوو دادەنرێت. چونکە چالاکی ناوەکی بەهۆی ئامێری پزیشکی ئەنجام دەدات.

٢– مردنی دڵ: واتە وەستانی دڵو وەستانی کرداری هەناسەدان. بۆیە بەکەسێکی مردوو دەژمێردرێت. چونکە هیچ چالاکی بەهۆی ئامێری پزیشکی ناتوانرێت ئەنجامی بدات.

ئەوەی جێگای پرسیارکردنە لەکام جۆری مردنی مرۆڤ دەتوانرێت سود لەکرداری بڕینی ئەندامەکانو گواستنەوەی وەربگیرێت؟ چونکە ئەو ئەندامەی کە دەگوازرێتەوە بۆ کەسی وەرگر پێویست دەکات زیندوو چالاكو ئامادەباشی هەبێت بۆ کەسی وەرگر. بۆیە

1– بڕوانە (جريدة الأهرام القاهرية) لە ١٩٩٥/٩/١١ الموافق ١٤ ربيع الأول.

2– مجلس مجمع الفقه الاسلامي فەتوای ژمارە (٥) کونگرەی سێیەم لەئوردن لە ١٩٨٦/١٠/١٦ بەرامبەر ٨ تا ١٣ سەفەر ساڵی ١٤٠٧.

لەجۆری مردنی دەماغ دا زیاتر کەڵك لە ئەندامەکانی لەش وەردەگیرێت وەك ئەوەی کە لەمردنی دڵدا سودی لێ وەردەگیرێت. بەڵام تا ئەم کەسە بەتەواوەتی گیانی لەدەست نەدات هیچ دەستکاریەکی لەسەر لاشەی ئەنجام نادرێت. لەجۆری مردنی (دەماغ)دا کردارەکە لەنێوان دوو کەسی زیندوودا دەبێت بۆیە ئێمە ڕووبەڕوی پرسیارێکی تر دەبینەوە ئەویش ئەوەیە ئایا دەتوانرێت ئەم کەسە (پێداویستی پزیشکی) وەکو دەرمان کە بەکارهێناوە کە وەکو ئامێری وەرگرتنی ئۆکسجین ئەگەر لەسەردەمی لابرێت لێی بگەڕێین تا بمرێت؟ بەڵام ئەم چەندە دەبێتە هۆی نەمان و پێنەدانی (دەرمان) بەم نەخۆشە، چونکە تاکە چارەسەرە کە ئەم نەخۆشە بەهۆیەوە دەژیت. بۆیە لابردنی دەبێتە هۆی مردنی نەخۆشەکە ئەمەش دەچێتە بابەتی (قتل) کوشتن.

بەڵام دەتوانرێت لەلایەکی ترەوە بڕوانینە مەسەلەکە وەك دەبینین ئەم نەخۆشە دەمرێت ئەگەر ئەم ئۆکسیجینە نەدرێتێ. ئەگەر لەشوێنێك یان لەنەخۆشخانەیەك ئەم ئامێرانە نەبوون ئەوا نەخۆشەکە دەمرێت. لێرەشدا بەهەمان شێوە یان لەسەردەمی کۆندا ئەم چەندەیە نەبووە تاوەکو نەخۆش بتوانرێت بۆ ماوەیەکی تر لەژێر ئەم ئامێرەدا بژیت... بۆیە پزیشك ئەمەی بۆی داناوە ئەگەر دانەنرێت و ئەگەر لابدرێت ئەنجامەکە هەر مردنە بۆیە نابێتە هۆی کوشتنی نەخۆشەکە بەڵکو ڕزگار کردنە لەم نەخۆشییە بەڵام بەرەو مردن نەك چاك بوونەوە.

زۆربەی ئەندامەکان دەتوانرێت لەجۆری (مردنی دەماغ)دا بگوازرێتەوە. چونکە لەم کاتانەدا (دڵ) لەژیاندا بەردەوامە تاوەکو ماوەی ١٤ چواردە ڕۆژ.. بۆیە لەو ماوەیەدا دەتوانرێت سود لەئەندامەکانی تری لەش وەربگیرێت. ئەگەر لەجۆری (مردنی دڵ)یشدا بێت ئەوا بەهۆی گەورەی پەردەکانی دڵ هەموو خانەکانی بە یەك لەکار ناکەون بەڵکو جیاوازن لە مردن و لەناوچوون واتە پاش مردنی مرۆڤ هەندێك خانە تا ماوەیەك بەردەوامن لەژیان، بۆیە دەتوانرێت سودی لێ وەربگیرێت بەهۆی دانانی ئەندامەکان لەناو ناوەندێکی هایدروجینی ساردا... وەك ئەوەی لەتووی نێرەی مرۆڤدا هەیە کە دەتوانرێت

بۆ ماوەی چەند ساڵێك لەناو ناوەندێکی هایدروجینی کە PH (١٧٠-) لەژێر سفرە وە هەڵبگیرێت. ئەمانەش نموونەیەکن لەو ئەندامانەی ماوەی مانەوەیان تا دوای بەتەواوەتی لەکاردەکەون:

١- دەماغ: بەبێ ساركردنەوەی تا ٤ خۆلەك نامرێت. بەساركردنەوە تا دوا ژیان بەردەوام دەبێت.

٢- دڵ : بەبێ ساركردنەوە تا چەند خۆلەك نامرێت، بەڵام بە ساركردنەوە تا دوو کاتژمێر یان زیاتر بەردەوام دەبێتو نامرێت.

٣- جگەر: بەبێ ساركردنەوە تا (٨) خۆلەك نامرێت. بەڵام بە ساركردنەوە تا (٨) کاتژمێر نامرێت.

٤-پەنکریاس: بە بێ ساركردنەوە تا (٤٠) خۆلەك نامرێت. بەڵام بە ساركردنەوە تا (١٢) کاتژمێر نامرێت.

٥- گورچیلە: بەبێ ساركردنەوە تا (٤٥) خۆلەك نامرێت. بەڵام بە ساركردنەوە تا (٧٢) کاتژمێر نامرێت.

٦- بلبیلەی چاو: بەبێ ساركردنەوە تا (١٢) کاتژمێر نامرێت. بەڵام بە ساركردنەوە تا (ڕۆژێك) یان زیاتر.

٧- پێست: ١٢ کاتژمێر لەژۆری ساردا بەڵام بە ساركردنەوە تا مانگێك یان زیاتر.

٨- ئێسك: بەبێ ساركردنەوە تا (٢٤) کاتژمێر، بەڵام بە ساركردنەوە (٥ مانگ یان زیاتر).

٩- ڕێخۆلەکانو سیەکان: بەبێ ساركردنەوە تا (٣٠) خۆلەك بەڵام بە ساركردنەوە (چەند کاتژمێرێك) لەژیان بەردەوام دەبێت.

ئەو ئەندامانەی کە توانای گواستنەوەیان هەیە لەکەسێکی زیندوو یان مردوو بۆ کەسێکی زیندوو ژمارەیان کەمە لەچاو ئەو ئەندامانەی کە ڕۆژانە بەهۆی کارەساتە جیاجیاکانی جیهان ڕوودەداتو دەبنە هۆی لەناوچوونیان، جگە لەمە ئەو ئەندامانەی کە

ئەمڕۆ تووشی نەخۆشی هاتوون مەرج نییە گشتیان بەداوو دەرمان چارەسەر بکرێن، بەڵکو لەهەندێك جاردا پێویستی بەگۆڕینەوەو لەجیاتی دانان هەیە. بۆیە شارەزایانی ئەنەتومی بیر لە هەموو گریمانێك دەکەنەوەو تاقیکردنەوە لەسەر هەموو ئەندامەکانی لەش ئەنجام دەدەن. چونکە لە زۆری پێویستی بەم ئەندامانە لە نەخۆشخانەکان وای کردووە بەم شێوەیە ئەوانیش هەوڵی بۆ بدەن. تاوەکو بتوانن چارەسەریەك بۆ نەخۆشەکە بدۆزنەوە، یان بەشێوەیەکی تر هەوڵی بۆ دەدەن. کە لەڕووداوێکی هاتوچوودا کەسێك تووشی مردنی دەماغ بووە. کە لەپێشەوە باسمان کرد دواتر بەرەو مردنی دڵ دەروات، بۆیە کەسی بەرامبەر لە نەخۆشخانە پێویستی بەیەکێك لە ئەندامەکانییەتی، بۆیە بەدانانی مەرجەکانی گواستنەوە ئەوا لاشەی دەپشکێننو تشریحی دەکەن.

# بەشی سێیەم
# یەکەی یەکەم
# ئەو مەرجە گشیانەی کە پێویستە لە نەشتەرگەری گواستنەوەدا هەبن..

پاش لێکولینەوەو تاقیکردنەوەو گەیشتن بەچەند ئەنجامێکی مسوگەرو پوزەتیڤی ئەم هەنگاوانە زۆر بەخێرا لە زۆربەی وڵاتاندا ئەنجام درا، بەڵام هەندێك جار لەیاساو سنوورو رێساکانی مرۆڤیو پزیشکیو یاساو شەرعی لا دەدران، بۆیە بیریان لەوە کردەوە کە کردارێکی بەم جۆرە پێویستی بەچەند مەرجێکی هەیە ئەوانیش بریتی بوون لە:

١- پێویستە ئەو ئەندامەی کە دەگوازرێتەوە بۆ مەبەستی چارەسەرکردن بێت نەك بازرگانی پێ کردن.

٢- پێویستە کەسی بەخشەر لەتەمەنی ١٨ هەژدا ساڵی بەسەرەوە بێت.

٣- پێویستە کەسی بەخشەر دووچاری مەترسی مردن نەبێتەوە لەکاتی بەخشینی ئەندامەکانی وەك یەکێك لەگورچیلەکان.

٤- ئەو ئەندامانەی کە دەگوازرێنەوە پێویست دەکات بەڕەزامەندی کەسی بەخشەر بێت. یان بە ئامادە بوونی کەسوکارەکانی بێت.

٥- ئەو ئەندامەی کە دەگوازرێتەوە پێویست دەکات بۆ مەبەستی تاقیکردنەوە نەبێت چونکە لەوانەیە ببێتە هۆی مردنی وەرگرەکە.

٦- ئەو ئەندامەی کە دەگوازرێتەوە لەنێوان دوو کەسانی نزیك یەکتر بن یان لەجۆری توخم نزیك بن وەك گواستنەوەی خوێن.

٧- پێویستە لەکرداری چاندنو گواستنەوەی بەپێی راپورتی پزیشکی بێت.

٨- ئەو کەسەی (پزیشکەی) هەڵدەستێت بەم نەشتەرگەریە پێویست دەکات شارەزای تەواوی هەبێتو لەلایەن دەسەڵاتەوە بەهۆی زۆری شارەزاییو پێویستی بەم نەشتەرگەرییە دانرابێت.

٩- لەڕووی یاساییەوە پێویست دەکات کەسی بەخشەر رەگەزی ئەو وڵاتەی هەڵگر بێت.

١٠- دەتوانرێت ئەو کەسەی ئەندامەکانی دەبەخشێت بەرامبەر بە برێکی پارە ئەگەر ژیانی لاشەی نەکەوێتە مەترسییەوە ئەمەش بە رەزامەندی هەردوولاو بەئامادەبوونی پزیشكو کەسوکاری هەردوولادا.

١١- ئەگەر ئەندامەکان لەدەزگایەکی بازرگانی چێنرابێتو سەرپەرشتی کرابێت... مەرجێکی تەواو نییە. بەڵکو پێویست دەکات لەلایەن دەسەڵاتەوە ئاگادار کرابێتەوە.

١٢- گواستنەوە لەنێوان کەسی بەخشەری (مردو) بۆ وەرگری زیندوو پێویست دەکات جۆری مردنەکە دیاری بکرێت لەلایەن پزیشکەوە.

١٣- پێویست دەکات کەسوکاری مردووەکە ئامادە بن تا بتوانرێت ئەندامەکانی لەشی ببڕێت.

١٤- لەدوای مردنی بە هیچ جۆرێك دەستکاری لاشەی ناکرێت مەگەر لە (وەسیەتنامەکەیدا) هاتبێت.

١٥- ئەندامی گواستراوە کاریگەری خراپی نەبێت لەسەر بەخشەر وەك چاو، دەست، پێ.

# یەکەی دووەم:

# گواستنەوی ئەندامەکانی لەش لەڕوویی یاساوە:

لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین چاوێك بەیاساکانی جیهانیدا بخشێنین سەبارەت بەبڕینی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ و گواستنەوەی بۆ کەسی تر، چونکە یاساکان کە دادەنرێن مەرج نییە تەنها بۆ کەسی سەرپێچی کار بێت. بەڵکو هەندێك جار بۆ پارێزگاری کردنە لە خۆدی مرۆڤ و پارێزگاری کردنە لەمافەکانی مرۆڤ بەشێوازێکی یاسایی، چونکە بەڕێگای یاسای واتە ئەگەر هەر هەلەو نەگەیەشتنە ئەنجامێك رووبدات ئەوا دیسان هەر بەهەمان یاساوە مافی کەسەکە وەردەگیرێتەوە. بۆیە زۆر جار یاسا ڕێگرە لەبەردەم هەر هەڕەشەیەك کە لەتاکە کەسێك دەکرێتو هەوڵی ئەوەی بدرێت کە مافی بخورێت ئەوا دەدرێتە دادگاو بەپێی بەندو یاسای ئەم وڵاتە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێتو سزادەدرێت. کەواتە ئەم یاسایە بۆ ئەو کەسانەن کە لەسنوور دەردەچن. لێرەشدا پێویست دەکات ئەوە بلێین کە بۆ پارێزگاری کردنی لاشەی مرۆڤ لە هەر وڵاتێك یاسایەك هەیە بۆ چۆنیەتی پارێزگاری کردن لەلاشەی تاکە کەس، چ بەزیندوویی بێت یان بە مردوویی، ئەم یاسایانە زۆر لەیەکتر دوورنین، چونکە گشتیان بۆ مرۆڤن گشتیان بۆ بەرژەوەندی تاکە کەسن، ئەگەر جیاوازیەك هەبێت لەوانەیە کاریگەری جوگرافیاو حاڵەتی ئەم تاکە کەسانە بێت یان هۆکاری ئایینی کە لەدواتردا باسی لەسەر دەکەین، ئەمەش نموونەی یاسای چەند وڵاتێکن کە یاسای تایبەتی بەم بوارەیان داناوە:

### ١- لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا:

بڕیار دراوە بەچاندنی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە لەوێ ئەم کردارە زۆر بەخێرا پەرەی سەندو گەشەی کرد کار گەیشتە ڕادەیەك کە پێویست بوو یاسایەك دابنرێت بۆ سنووردانانو کەمکردنەوەی ئەم کرادرە، سەرەرای بوونی هێزێکی

ئاینی کریستیانی لەو وڵاتەدا کە کاریگەر بوو بۆ ڕیکخستنو دانانی مەرجی پێویست، بۆیە ئەوەش روون کراوەتەوە کە نابێت لەڕێگەی کرینو فروشتن بێت، ئەم یاسایە لەساڵی ١٩٨٤ دەرچووە[1].

## ٢- لەوڵاتی ئیتالیا:

بریارێك سەبارەت بەچاندنی (گورچیلە) دەرچووە لەساڵی ١٩٦٧. لەم یاسایەدا ڕێگە دراوە بەچاندنی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ. کە چەند مەرجێکی بۆ دانرابوو، لەوانە پێویست دەکات لەنێوان کەسوکاری نزیك یەکتر بنو یان لەپلەی دووەمدا بن. هەروەها سەرچاوەیەکی بەخشینەکە بەخوراییی بێت نەك بەپارە[2] ئەم وڵاتەش کەوتووتە ژێر هەڕەشەی مافیای ئیتالی کە دەستیان خستووتە ناو کاروباری وڵاتو بۆیتە ئەگەرێك کە کاریگەری خراپ لەسەر هاوڵاتییانی ئەم وڵاتە هەبێت بەجۆرێك کە کرینو فرۆشتنی بەمادده بیٚ هوشکەرەکانو ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ دەکەن.

## ٣- لەوڵاتی فەرەنسا:

چەند دەزگایەکی تایبەت بەم مەسەلەیە دانراون کە گرنگییەکی تەواو بە نەشتەرگەری چاندنی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ دەدەن هەروەها لەیاسای ژمارە ٢٧٦/٧٧٨٧ کە لە ١٩٧٢/١٢/٢٢ دەرچووە تێدا هاتووە دەکرێت ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ بچێنرێت تایبەت لەکەسێك ئەگەر کەسەکە پێگەیشتوو تەواو بێت لەڕووی عەقلەوە. هەروەها ئەوانەی کە کورتە باڵان بەهەمان شێوە، بەمەرجێك ئاگاداری خزمو کەسوکاری بکرێنەوە.

## ٤- لەوڵاتی دانیمارك:

نەشتەرگەری گورچیلەو چاندنی بۆ بەکارێکی فەرمی بەپێی یاسای ١٩٦٧.

---

1- الدكتور منذر الفضل- التصرف القانوني في الاعضاء البشرية ص٧٣.

2- هەمان سەرچاوە.

**٥- لەوڵاتی بەرازیل:**

بەهەمان شێوە ڕێگا دراوە بەچاندنی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ بەپێی یاسای دەرچووی ساڵی ١٩٦٨[1].

**٦- لەوڵاتە ئیسلامییەکانیشدا:**

گرنگییەکی تەواو بە چاندنی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ داوە. هەروەك چۆن گرنگی بە ئاینو تایبەت مەسەلەی فیقهی ئیسلامیان داوە بەڵکو زیاتر، چونکە لێرەدا ئەم بابەتە تایبەتمەندی خۆی هەیەو پێویستی بەبڕیارو ڕوونکردنەوەی زیاتری هەیە تاوەکو بتوانن بەشێوەیەکی ڕاستیو زانستی فیقهی لەلایەك سوودمەند بنو لەلایەکی تریش لەسنووری ئاینی ئیسلامدا دەرنەچێت وەك وڵاتانی تری ڕۆژئاوا لەگەڵ ڕەچاوکردنی یاسای شەرعی ئیسلامی. وەك ئەوەی کە لەوڵاتی کوێتدا، لەساڵی ١٩٨٣ بڕیاری یاسایەك درا لەسەر ڕێگە پێدان بەچاندنی گورچیلە بۆ کەسی تۆش بوو بەم نەخۆشییە. بەڵام باس لە قەدەغەکردنی کڕینو فروشتن ناکات، لەوانەیە لەم وڵاتانەش هەریەکەو یاسایەك هەبێت بەڵام وڵاتانی ئیسلامی لەم بابەتە زیاتر لەیەك تر نزیك دەبنەوە بەهۆی ئەوەی کە هەموویان سەرچاوەیان وەك یەکەو لەلایەکی تریش بەهۆی بوونی چەند دامەزراوەیەکی ئاینیو بوونی کۆنگرەی (مجمع الفقه الاسلامي) لەوێ گفتوگۆی لەسەر دەکەن بە ئامادەبوونی هەموو زانایانی ئاینی ئیسلامی، هەرجارەو لەوڵاتێك گرێ دەدرێت هەموو بڕگەو بابەتو یاسایەك کە لەوێ دەردەچێت لەهەموو وڵاتانی ئیسلامی دەچێتە واری پڕەکتیزەکردنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بابەتە لە سەرچاوە کۆنەکانی ئاینیدا زۆر باسی لێوەکراوە کە دواتر باس لەو بابەتە دەکەینو ڕای زانایان وەردەگرین، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك یاسای وڵاتانی ئیسلامی باس دەکەین تایبەت ئەوانەی کە خاوەن هەندێك تایبەتمەندی ئاینیو جوگرافین:

---

1- د.احمد محمود سعد. الاعضاء بين الحظر والاباحة.

## ٧- لەوڵاتی لوبناندا:

لەساڵی ١٩٨٣ بریارێکی تایبەت بەچاندنی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ دەرچووە. کە ئەوەی جیاوازی هەبووە لەگەڵ هەمان یاسای وڵاتی کوێت. لێرەدا بەتەواوەتی لەیاساکەدا هاتووە کە بە هیچ جۆرێك نابێت بازرگانی بە ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ بکرێت کە تێدا هاتووە: رێگە دەدریت بە چاندنی شانەو ئەندامەکانی لەشی مرۆڤێك بۆ کەسێکی تری نەخۆش بەپێی ئەم مەرجانە:

١) لە رۆیی تەمەنەوە کەسی بەخشەرە لەسەرویی هەژدە ساڵیەوە بێت.

٢) لەلایەن پزیشکی تایبەت لەم بوارەوە نەشتەرگەریەکە ئەنجام بدرێتو کەسی بەخشەر لە هەر روودانێك ئاگادار بکرێتەوە.

٣) کەسی بەخشەر ئازادە لەئەنجامدانی ئەم نەشتەرگەرییە.

٤) ئەو کەسەی کە دەبەخشێت بەخۆرایی بێت نەك بەپارە.

## ٨- لەوڵاتی میسر:

تاماوەیەك لەوڵاتی میسر هیچ یاسایەکی دەرنەکردبوو سەبارەت بەچاندنی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ. تا دەستووری ١٩٧١ کە لەماددەی (٤٣) رێگە دراوە بە تاقیکردنەوەی پزیشکی بۆ ئەم جۆرە نەشتەرگەریە. بەمەرجێك رازی بوونی هەردوو لای هەبێت[1]. هەرچەندە لەیاساکەدا باس لە تەمەن ناکات بۆ هەردوولا هەروەها یاسایەك دەربارەی (بنکەی چاو) لەساڵی ١٩٥٩ دەرچوو سەبارەت بەچاندنی چاو، بەڵام لابرا دواتر یاسای ١٠٣ ساڵی ١٩٦٢ لەشوێنی ئەم یاسایەی گرتەوە. هەرچەندە لەسەر ئەم ئەندامە بیرو بۆچوونی زۆری لەسەر هەبووە لەسەر چاندنی ئەم ئەندامەو بوون بە دوو گروپ یەکەمیان:

لەچاندنی (چاو) لەسەر ئەوە رێککەوتن کە رێگە نەدرێت بەچاندنی ئەم ئەندامە، چونکە بەپێی بیرو باوەریان چاو گرنگترین ئەندامی لەشی مرۆڤە.

---

1- الدكتور محمد عيد الغريب– التجارب الطبية والعلمية ص٣٧ ف١١ و١٣٣ ف١٠٠.

هەرچی کومەڵەی دووەمە: لەگەڵ ئەوەدا بوون کە تەنها (چاو) دەتوانرێت رێگەی چاندنی پیٚ بدرێت.

## ٩- لەعێراق:

بەهەمان شێوە وەك وڵاتانی تر بڕیارِی چاندنی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ داوە بەپێی بڕیاری ژمارە (٨٥) لەساڵی ١٩٨٦ کە لەماددەی یەکەمدا هاتووە (ڕێگە دەدرێت بە ئەنجامدانی نەشتەرگەری ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ بۆ مەبەستی چاکسازیو چارەسەری ژیانی کەسی تر) هەروەها تێدا هاتووە مەرجە ئەو ئەندامەش کە دەبەخشرێت لەڕێگەی خۆراییو خێرات بێت. یان لەوەسیەتنامەی کەسێکی مردوودا هاتبێت. ئەویش بەم شێوەیە:

**یەکەم:** ئەوەی بیەوێت ئەندامەکانی لەشی ببەخشرێت پێویست دەکات بە نووسینەوە بێتو بەئاگاداری کەسوکاری بێت.

**دووەم:** تۆش بوو بەنەخۆشی (بە مردنی دەماغ) بەپێی بەڵگەی زانستی نویٚ لەکاتی ڕازی بوونی یەکێك لە کەسوکارەکانی بە پلەی یەكو دوو.

ئەم یاسایە زۆر گونجاوە چونکە زۆربەی مەرجەکانی باس کردووە. وەك قەدەغەکردنی بازرگانی بەئەندامەکانی لەشی مرۆڤ و کەسێکی تەواو پێگەیشتوو بێت یان لەوەسیەتنامەدا هاتبێتو بە ئامادەبوونی کەسوکارەکانیو هەروەها ئەوەش باس کردووە کە ئامانجی سەرەکی بۆ چاکسازیو رزگارکردنی کەسی نەخۆشەکەیە بەبیٚ بەرامبەر بێت.

لەعێراقدا باس لەچاندنی (چاو) دەکرێت وەك ئەوەی لەوڵاتی میسر یاسایەکی بۆ دەرچووە. بەڵام کەموکورتی لەیاسای ساڵی ١٩٧٠ دەبینرێت لەعێراق. چونکە دەڵێت دەکرێت ئەندامی چاوی کەسێکی بیٚ خزمو کەس بچینرێت. بەڵام باس لە ڕازی بوونو مەرجەکانی ئەم بەخشەرە ناکات تەنها دەڵێت بەڕەزامەندی یەکێك لە کەسوکاری بێت ئەمەش ناکرێت[1].

1- الكزني- د.محمد احمد مصطفى- حكم نقل وغرس الاعضاء البشرية في الفقه الاسلامي والقانون- دراسة مقارنة.

# یەکەی سێیەم
# گواستنەوەی ئەندامەکان
# لە کەسی مردوو بۆ زیندوو لەڕووی یاساوە:

یاسا بەشێوەیەکی پیرۆز سەیری لاشەی مرۆڤ دەکاتو پارێزگاری تەواوی لێ دەکات، ئەم چەندەیەش پەسەند ناکات کە دەستکاری لەلاشەی کەسێك بکرێت لەدوای مردنی بە هەر شێوەیەك بێتو بۆ هەر مەبەستێك بێت. بۆیە وا بۆی دەچێت کە مرۆڤ چون بووەو بەو شێوەیە بگەڕێتەوە بۆ لای خودا... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەپرسین ئایا لاشەی مرۆڤێکی مردوو بۆچییە ئەگەر لەژیان وەستا بێت؟ لەوەش گرنگتر ئەگەر بتوانرێت لەدوای مردنی سودی لەیەکێك لە سەروەتو سامانی وەربگیرێت لەوانەش بتوانرێت بۆ نموونە ئەندامێکی لەشی وەك (گورچیلە) کە هیچ زەرەرمەند نابێتو لەبەرامبەردا ژیانێکی تر بۆ کەسێکی تر مسوگەر دەکات. هەر بۆیەش پرۆفیسور (R.Savatier)[1]. ئەم چەندەی روون کردووتەوە کە بڕینی ئەندامی لەشی کەسێکی مردوو بۆ کەسی زیندوو هیچ لەم (مردوو) وە کەم نابێتەوە چونکە بووە هۆی ڕزگارکردنی ژیانی کەسێکی تری زیندوو. ئەوەی جێگای باس کردنە کە گۆمانی لێ کەوتووە. ئەویش ئەوەیەکە ئایا یاسا ڕێگە بەم چەندەیە دەدات دەستکاری لەلاشەی ئەم کەسە مردووە بکات ئەگەرچی بۆ مەبەستی ڕزگارکردنی ژیانی کەسی تریش بێت؟ ئایا ئەگەر خۆی زیندوو بوایە ڕازی دەبوو؟ ئەگەر ڕەزامەندی خۆی دابوایە بەزیندووی ئایا بۆ هەموو کەس رازی دەبوو؟ ئایا هەموو کەس وەك یەك بوو بۆ ئەو؟ ئایا ئەو دەزانێت یان ئاگادارە کە ئەم

1- المشاكل القانونية لزرع الاعضاء البشري j.c.p 1969، ٢٢٤٧، رقم (٥).

(گورچیلە)یە بۆ نموونـە بـەکێی بەخـشیووە؟ یـان ئـەوەتا ئـەو رازی دەبـوو دەسـتکاری لەلاشەی بکرێت؟ چـونکە لـەڕوویی یاسـاوە ئـەو خـۆی بەتـەنها بەرپرسـیارە لـەو هـەموو ئەندامەکانی لەشی خۆی.لەڕوویی یاسایەوە مرۆڤ بـۆی هەیـە چارەنووسـی لاشـەی خـۆی دیاری بکات لەدوای مردنی بەجورێك کە بەیاسا لەسەر گشت ئەندامـەکانی خێزانـی فـەرز ببێـت بـەجۆرێك کـە خـۆی بڕیـاری لەسـەر داوە دەسـتکاری لەلاشـەی بکـەین هـەروەك لەهەمان سەرچاوەی پێشتردا (R.Savatier) باسی کردووە[1].

لەکۆمـەڵگا کۆنەکانـدا کەسـی مـردوو پێویـست بـوو لـەلایان بمێنێتـەوە. بـەڵام بـە مردوویی بۆیە پێویست بوو لەسەر ئەوانی تـر کـە بـە هـیچ جۆرێـك دەسـتکاری لەلاشـەی مردووەکانیـان نەکـەن بەهـەر شـێوەیەك بێـت. ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ چـاخی بـەردین (العصر الحجري) کە پاراستنی لاشەی کەسی مردوو یەکێك بوو لەکارە سەرەکییەکان کـە ئـەوان پێـوەی خـەریك بـوون. کـە لـەو کاتـەدا ئەشـکەوتەکانو شـوێنەکانی هاوشـێوەی ئەشکەوتو تابلیتیان بـەکاردەهێنا بـۆ پاراسـتنی لاشـەی مردووەکانیـان لەگیانـدارەکانی دڕندەو گوشت خـۆر ئینجـا شـاردنەوەیان بـە تـاك بێـت یـان بەشـێوەی کۆمـەڵ. لەگـەڵ ئەوەشـدا گـشت پێداویـستی (کەسـی) لەگەڵیـدا دەنێـژران وەك ئـەوەی کـە لەلایـەن (میـسریو هیندوسـەکان) وابـووە هەرچـەند لـە زۆر بـوارەوە لەیـەکتر جیـابوون، بـەڵام لەلایـەکی تـرەوە بـە یـەك دەچـوون. ئـەویش بریتـی بـوو لەناشـتنی پاشـاو کەهـەنوتی گەورەکانیانو مردووەکانیان دەتوانن بەرەو نهێنیـەکانی جیهـانی تـر بـڕوون. دواتـر ئـەم چەندە بەرەو نەمان رۆیشتو بوو بەکارێکی گشتی بۆ خەڵکەکە. واتە هـەموو خـەڵك بـەم جـۆرە رێـز لـەمردووەکانیان دەگـرت. بۆیـە میـسرییەکان لـەدوای ئـەم چـەندە هەڵـسان بەشاردنەوەی گشت پێداویستی مردوو لەگەڵی وەك (خواردن- زەیـت- ئـارەق) تـاوەکو یارمەتی ئەم گەشتەیەی بۆ بدات. بەم جۆرە رێز لە مردووەکانیان دەگیرا. ئـەم چـەندەیە

---

1- المشاكل القانونية لزرع الاعضاء البشري، رقم (١) صفحة ٢٤ CAN.LANNEC ١٩٥٦.

وەك کەلتورێکی پیرۆز مایەوە تاوەکو وای لێهات لـە زۆر وڵاتـانی تـردا تـاوەکو ئێـستاش هەنـدێك لـەم جـۆرە ڕێـز گرتنـە بـەپێی بیرۆکـەی خۆیـان ماوەتـەوە بـۆ مردووەکانیـان. ئەمانەش چەند نموونەیەکن لەو جۆرە بیرو باوەڕانە سەبارەت بەمردووەکانیان:

* لە زۆر لە شارستانییە کۆنەکان وای بـۆی دەچـن کـە مـردن دومـاهی نییـە، بـەڵکو قۆناغێکی تاقیکردنەوەیەو پێویستە روحو گیان لەلاشـەی گـشتیان دەربـچێت. پێویـستە لەسـەر کەسـی زینـدوو یارمـەتی شـاردنەوەی بـدات بەشـێوەی مـاددی یـان بـە لێـدانی سەلەواتو یان سیحر کردن.

* لە زۆربەی شارسـتانییە کۆنەکانـدا تـاوەکو ئـەمڕۆش وای بـۆی دەچـن کـە لاشـەی مرۆڤ هیچ رۆڵێکی نییە بەڵکو ئـەوەی کـە پاکـە بریتییـە لـە (روحـی) مـرۆڤ. بۆیـە وابـوی دەچـن کـە روحـی مـرۆڤ دەمێنێتـەوە، بـەڵام پێویـستە لەسـەر زەوی لەگوناهـەکان پـاك بکرێتەوە.

* رێز گرتن لە مـردن ئەرکێکـەو گـشت کەسـێك پێویـستە بـڕوای پێـی هـەبێتو لێـی مەترسێتو پێویستە بێزاری نەکەیت لەڕووی لاشەو لەڕووی مەعنەویەوە. ئـەم چـەندەش لەپیاوانی ئاینییەوە وەردەگیرێت بۆیە رێزگرتن لەپیاوانی ئاینی جـۆرێکی تـری رێزگرتنـە لە مردن.

* لەپەرتوکی Dollدا هاتووە بەناونیشانی (زرع الاعضاء) واتـە چـاندنی ئەندامـەکان ئەم چەمکە کۆنە بەرامبەر بە کەسـی مـردوو وەڵامدانەوەیەکـە بـۆ ئـەو دوژمنداریـەی کـە ئەنجام دەدرێت بەرامبەر بە لاشەی مردوو بۆ مەبەستی چارەسەری. یان لـەوە زیـاتر بـۆ مەبەستی زانستی[1].

زۆر یاسای تایبەت بەبڕینی ئەندامی لەشی مردوو دەرچووە، بـەڵام بەرەبـەرە بـەپێی پێویست گۆڕانکاریان بەسەرداهاتووە. لەساڵی ١٩٤١ بڕیاردرا بەبڕینی ئـەو ئەندامـەی کـە

---

1- P.J.Doll ١٩٧٠ ص١٤٣.

پێویستی پێیەتی، بەڵام دوای مردنی ماوەی ٢٤ کاتژمێر. دوای دەرچوونی بڕیاری تـەواو کە کەسەکە مردووە. لەلایەن هەریەکە لەپارێزگار یان بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس. بەڵام ئـەم چەندە تاسەر نەبوو تایبەت لەنەخۆشخانەکانو لـەهوڵی (تـشريح)دا. لـە ١٩٤٣ بڕیـاردرا ئەگەر لەلایەن ئەندامانی خێزانییەوە نـارەزای نیـشاندا ئـەوا ناکرێـت دەسـتکاری لاشـەی بکرێت. ئەمەش بووە هۆی کەموکورتیەك لەبواری زانستیدا.

بۆیە لەساڵی ١٩٤٧ کە بڕیار درا ئەگەر پێویست بوو هەریەکە لە سەرۆکی پزیـشکانو دەزگای تەندروستی بڕیاریدا کە پێویستە ئەندامی لەشی مردووەکە ببڕێتەوە ئـەوا ئەگـەر نـارەزایش هەڵبداتــەوە لەلایـەن ئەنـدامانی خێزانـی. ئـەوا دەکرێـت ئـەم نەشـتـەرگەرییە ئەنجام بدرێت چونکە ئەمە (لەبەرژەوەندی گشتییە) لەکۆتاییـدا پـەنایان بـردە بـەربڕینی لاشەی کەسانی کە بەهۆی حاڵەتی خۆ کۆشتنو حاڵەتی مردنی هاتوو چوودا روودەدەن. کە ئەمـە لەسـاڵی ١٩٥٥ بڕیـاردرا لەسـەری کـە دەکرێـت بـۆ مەبەسـتی چارەسـەری یـان زانستی بکەین بەباشترین سەرچاوە.

# بەشی چوارەم
# مەرجەکانی گواستنەوەی ئەندامەکانی لەش لەڕووی شەرعەوە

لەوانەیە مەرجەکانی یاسای بەشێك بن لەو مەرجانەی کە پێویستە لەڕووی شەرعەوە هەبن. چونکە وەکو باسمان کردووە لەڕووی یاساییەوە هەندێك جار مەرجەکانی شەرع ڕێگرە لەبەردەم ئەم مەسەلەیە. نموونەشمان هێناوە وەك ئەوەی کە لەسەر (توو-هێلکە) روون کراوەتەوە. یان بەکارهێنان کورپەلە وەك سەرچاوەیەك بۆ چاندنو بۆ تاقی کردنەوە ئەگەر لە هەندێك یاسای جیهاندا کاری پێ بکرێت. بەڵام لەڕووی شەرعەوە کارێکی قەدەغەکراوە وەك ئەوەی کە لەکۆنگرەی وڵاتی کوێت لەساڵی ١٩٨٧ ئەنجامدا بەئاشکرا ئەم چەندەیە باسی لێوە کراوە. کە ناکرێت کورپەڵە لەبار ببرێت بۆ مەسەلەیەکی تاقیکردنەوەیی یان چاندنی یەکێك لەئەندامەکانەوە. مەرجەکانی شەرعی خودا جوانتر خزمەتی ئەم مەسەلەیە دەکاتو بەفراوانتر دەروانێتە مافی هەر تاکە کەسێك لەم جیهانەدا. بۆیە زانایان دابەش دەکرێت بۆ دوو بیروڕای جیاواز لەسەر چاندنو گواستنەوەی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ ئەویش هەر لەپێناو خزمەتکردنی مافی مرۆڤە، بەڵام هەریەکەیان بەئاڕاستەو جۆرێکو بەپشت بەستن بەبەڵگەو سەرچاوەکانی ئایینی خودایە، کۆمەڵێك باس لەمافی کەسی بەخشەرو ئەندام لێبڕاو یان کەسی مردوو دەکات بەچەند بەڵگەیەك کە پێویستە ئەوانە مافیان پارێزراو بێت، هەرچی کۆمەڵەی ترە باس لەجۆرێك لەکاری هاریکاریو یارمەتیدانی یەکتر ئەگەر لایەنی زانستی بڕیاربدات لەسەر لاشەی گیانەوەرو کەسی زیندوو مردوو کە پێویستە دەستکاری بکرێت لەژێر هەندێك مەرجو بنەمای شەرعیو یاسایی. ئەوانیش:

**یەکەم:** بەهیچ جۆرێك ڕێگە نادات بۆ ئەنجامدانی هیچ نەشتەرگەریەكو دەستکاری کردنێك لەلاشەی مرۆڤ لەوانە. دکتور حسن الشاذلي[1] و کۆمەڵێك زانای تر کە لەدوایدا ناویان دەهێنینو شرۆڤەی ئەم بیرو بۆچوونەیان دەکەین.

**دووەم:** چەند مەرجێکی هێناوەتەوە بەبەڵگەوە تاوەکو ئەم کارە وەك خزمەتێك بەمرۆڤەکان ئەنجام بدرێت، چونکە ئەم کارە ئەگەر بە هەر ڕێگەیەك بێت ئەوا پەنای دەبرێتە بەرو ئەنجام دەدەرێت بۆیە دەکرێت نەشتەرگەریەکە ئەنجام بدرێت، چونکە ئەم کارە ئەنجام دراوە ئینجا مەرجی بۆ دانراوە ئەو مەرجانەش:

١- کەسی بەخشەر تووشی نەمانی ئەندامەکە نەبێتو زەرەرمەند نەبێت.

٢- ئەو ئەندامەی کە دەبەخشرێت لەدەرەوەی لەش دیار نەبێت وەك دەستو چاو.

٣- زەرەر بەو کەسەی کە بەخشەرەو ئەو کەسەی لێی بەرپرسیارە نەکەوێت وەك ئەوەی پیاو مافی هەیە لەسەر ئافرەت کە ئاگاداری یەکتر بن.

٤- کەسی بەخشەر کەسی کافرو لەدین دەرچوو هەروەها شەڕکەر نەبێت دژی ئیسلام هەروەك (دکتور یوسف قەرزاوی لەگەڵ ئەم بۆچوونەیە بووەو بۆی دەچێت)[2].

٥- ئەو نەشتەرگەریە گۆڕینەوە نەبێت لەنێوان ئەندامێکی دەستکردو ئەندامێکی سروشتی ئەمە مەرجی هەندێك زانایانی ترە.

---

1- الگزني- د.محمد احمد مصطفى- حكم نقل وغرس الاعضاء البشرية في الفقه الاسلامي والقانون- دراسة مقارنة، د.عبدالسلام السكرى. نقل وزراعة الاعضاء ص١٣٤- دكتور حسن الشاذلي مجلة مجمع السلطة السلامي الدورة الرابعة، عدد: ٤- ج١، ص٣١٨-٣١٩.

2- سەرچاوەی پێشوو وەرگیراوە لە (الدكتور القرضاوي معاصرة ٢/٥٣٣-٥٣٤).

٦- هەروەها هەمان کۆمەڵە مەرجی ئەوەیان داناوە کە پێویستە ئەم جۆرە بەخشینە بۆ کەسی زیناکەرو مورتەد نەبێتو لەو کەسەش وەرنەگیرێت کە سزای ڕجماندنی بەسەردا سەپێنراوە. هەروەك شێخ بوتی بۆی چووە[1].

٧- بەپێی ڕاپورتێکی پزیشکی بێت کە لەئەنجامدا کەسی دووەم سودمەند دەبیت بێ ئەوەی کەسی یەکەم زەرەرمەند بێت. هەروەك دکتور احمد عمر هاشم بۆی چووە[2].

٨- ئەو ئەندامەی کە دەبەخشرێت بە بەرامبەر هیچ پارە نەبێت، چونکە ئەگەر بەرامبەر بە پارە بێت یان هەرشتێك ئەمە نابێت لەوانە دکتور عبدالرحمن النجار بۆی چووە[3].

٩- پێویستە ئەو کەسەی کە دەبێتە بەخشەر تەمەنی لە هەژدە ساڵی زیاتر بێت.

١٠- ئەو کەسەی بەم نەشتەرگەریە هەڵدەستێت لەلایەن دەسەڵاتەوە ڕێپێدراو بێ جێگای متمانە بێت لەکارەکانیدا.

١١- ناکرێت دەزگایەکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە دابمەزرێت بۆ وەرگرتنی ئەندامەکانی بەرامبەر بەپارە.

١٢- پێویست دەکات پزیشکی ئەم نەشتەرگەریە ئەمە روون بکاتەوە کە ئەگەر ئەم ئەندامە نەگۆڕێت ئەوا مەترسی نەخۆشەکە بەرەو مردن زیاد دەکاتو ئەو ئەندامەی کە بۆی دەگوازرێتەوە دەبێتە هۆی چاك بوونەوەی لەم نەخۆشییە بێ ئەوەی کەسی بەخشەر ژیانی بکەوێتە مەترسییەوە.

١٣- ئەو مەرجە لەنێوانیاندا هەبێت کە لەبەخشینی ئەندامەکەی پەشیمان نەبێتەوە بۆ نموونە یەکێك لەو (گورچیلەی) ماوە تووشی نەخۆشی ببێت.

١٤- ئەو کارە کە ئەنجام دەدرێت بەئاگاداری خزمو کەسوکاریان بێت.

---

1- الدكتور محمد سعيد رمضان البوطي. (انتفاع الإنسان بأعضاء إنسان آخر حياً أو ميتاً، مجلة الفقه الاسلامي) الدورة ٤- عدد- ج ١ ص٢٠٢-٢٠٣.

2- نقلأ عن الدكتور عبدالسلام السكري/ ص١٤٠ نفس المصدر.

3- الدكتور عبدالسلام السكري/ المصدر سابق ص١٤٠.

١٥- ئەگەر لەنێوان دوو کەسی زیندوو مردوو دابێت. ئەوا پێویست دەکات لەوەسیەتنامەکەیدا ئاماژە بەم چەندەی کردبێت.

١٦- ئەگەر ئاماژەی پێی نەکردبێت پێویستە (ولی امری) ئامادەبێت.

١٧- ئەو کەسە تووشی نەخۆشی ئایدز نەبێت.

١٨- ئەگەر لەکاتی مردنی دەماغ دابوو ئەوکات پزیشکەکان سوودی لە ئەندامەکانی دەبینن. بەڵام پێویستە نەبێتە هۆی مردنی کەسەکە یان کوشتنی کەسەکە.

١٩- لایەنی فیقهی ئەوەش دەکاتە مەرجێك کە پێویستە کەسی مردوو لەلایەن پزیشكو کارمەندانەوە نهێنی جەستەیو شەرەفی بپارێزێت[1].

٢٠- ناکرێت کرداری گواستنەوە لەنێوان مرۆڤ و گیانداران بێت:

بۆ نموونە گواستنەوەی ئەندامێکی لەشی بەراز بۆ مرۆڤ ئەگەر بۆ مەبەستی چارەسەریش بێت، چونکە لاشەی ئەم گیاندارەی وەك بەراز پاك نییە. ئەم بابەتە نوێیە وەك بابەتەکانی تر نییە کە زۆر رای ئاینی لەسەر هەبێت، چونکە لاشەی گیانداری وەك بەراز ئەگەرچی دەکرێت سود لەئەندامەکانی وەربگیرێت وەك نزیکترین گیاندار لەمرۆڤ کە دەتوانرێت لەرێگەی ئەندازەی بۆماوەوە سودی لێ وەربگیرێت[2]. لەدوایدا بەدرێژی باسی لێوە دەکەین، ئەو مەرجانەی کە لەیاسایدا هەن نزیکن لەوانەی کە لەشەرعی خودادا هەن بۆیە هەموو مەرجەکان خزمەتکردنی مرۆڤەکانە بەڵام دەرچوون لەم مەرجانە حاڵەتی سلبی (نیگەتیڤ) لێ دەکەوێتەوە. ئەو مەرجانەش کە دانراون دیارە لەهەندێك وڵاتاندا هەن کە گرنگی بەم مەرجانە نادەنو کاری نەشتەرگەری بۆیان ئەنجام دەدەن. لەڕووی شەرعەوە دەتوانیین بڵێین زانایانی شارەزا لەبواری شەرعی ئیسلامەوە دابەش بوون بۆ دوو رای جیاواز کە لەپێشەوە باسمان لێوە کردووە. بەڵام پێویستە بۆ

---

1- يوسف بن عبدالله بن أحمد الأحمد- ملخص البحث أحكام نقل أعضاء الإنسان في الفقه الإسلامي- ص٩.

2- بڕوانە "المجلة العربية" ژمارە (٢٤٢) ساڵی (٢١) ربيعى الأول ١٤١٨هـ- يوليو/ أغسطس ١٩٩٧.

ئێوەی خوێنەری بەڕێز روون بکەینەوە رازی بوونو رازی نەبوونیان لە چ سەرچاوەیەکەوە خۆیانی پێوە بەستووە. ئەگەر ئەم مەرجانە هەبن یان لەکاتی نەبوونیان. ئەوانەی کە دەڵێن ناکرێت هیچ ئەندامێکی لەشی مرۆڤ ببرێتو بگوازرێتەوە بۆ کەسی تر. ئەوانە بەپشت بەستن بە هەندێك بەڵگەو بەپێی تێگەشتنیان ئەم بڕیارەیان داوە، بۆیە لە هەندێك کات ئەم بەڵگانە دەتوانرێت وەك خۆی شروڤە بکرێتو بکرێتە بەڵگەیەکی تەواو لەسەر ئەنجام نەدانی ئەم کارە تایبەت ئەگەر بزانرێت ئەنجامدانی کارێك (ئەم کارەی گواستنەوەو چاندن) دەبێتە هۆی کوشتنو لەناوچوونی مرۆڤ، ئەمە شتێکی چاوەڕوان کراوە کە ئەگەر لەکەسی زیندوو بۆ زیندوو بوو چاوەڕوانی مردنی لە هەردووکیان دەکرێت، بەڵام کەسی بەخشەر زیاتر وەك ئەوەی لەگواستنەوەی گورچیلە کە ژیانی بەخشەر دەخاتە مەترسیەوە واتە مردنەوە ئەوکاتەش دەچێتە ژێر ماناو شروڤەی ئەم ئایەتە کە یەکێك لە ئایەتەکاندا خودای گەورە دەفەرمووێت ﴿ t u v w x ﴾[1] واتە خودای گەورە نەهی لە ئێمە کردووە خۆمان بەرەو هیلاکەت ببەین. یەکێك لە ئەندامەکانی نزیکە لە مەترسی لە ناو چوون خۆمان هەوڵی لە ناو بردنی بدەین. ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەگەر بە تەواوەتی شروڤە بکەین دەبینین خودای گەورە ئەم ئایەتە دوو شتی بە یەکەوە بەستوە وەك دەفەرموویت ﴿ p q r s t u v w x ﴾ کە باس (انفاق) دەکات واتە پێدان لەپێناو خودا. هەروەها تەواوکەری ئایەتەکە دەفەرمووێت ﴿ t u v w x ﴾ کەواتە بەپێی بیروڕای کۆمەڵەی یەکەم ئەگەر کارەکەش لەپێناو خودابێت، بەڵام بەرەو هیلاك بوونە کەواتە ناکرێت ئەم نەشتەرگەریە ئەنجام بدرێت ئەگەرچی ئامانجێکی باشی هەبێتو مەرجی شەرعیو یاسای تێدابێت. چونکە ئامانج لەو کارە ڕزگارکردنی کەسێکی ترە کە

1- سورة البقرة الاية: ١٩٥.

ژیانی لەمەترسیدایە بۆ ئەوەی لەم مەترسیە ڕزگار بێت کەچی یەکی تر کە هیچ نەخۆشیو مەترسی نییە ئەوا هەوڵ دەدرێت ژیانی بخرێتە مەترسیەوە ئەمە ناکرێت چونکە روحو گیانی هەموو مروڤێك وەك یەك شیرینو پیرۆزە لەهەر تەمەنێك بێت. بەڵام ئەگەر وردببینەوە دەبینین ئەم ئایەتە باس لە زیاد رووی دەکات لە سامانو ماڵو پاشان یەکێك لەمەرجەکانی ئەوەیە کە کەسی یەکەم نەکەوێتە مەترسییەوە.. ئەم ئایەتە هەروەك لەفەرموودەی صحیحدا هاتووە کە (حوزەیفە) باس دەکات لە دابەزینی ئەم ئایەتە مەبەستی سەرەکی لەبەخشینی ماڵو سامانە. پاشان ئەگەر بەگریمان لێك بدەینەوە کە ناکرێت بە هیچ شێوەیەك هەتا لەڕێگەی خوداش بێت نابێت بچینە ناو ڕێگەی لەناوچوونو هیلاك بوون. ئەوا لە زۆر حاڵەتی شەڕدا تۆ دەزانی ئەم شەڕە لەپێناو خودایەو دەرچوونی کارێکی ئەستەمە. یان لەناو کۆمەڵێك دوژمنیو خۆت بۆیان دەچی ئەوا دڵنیابە کە دەکوژرێت ئەمە لەناوبردنە لەپێناو خودایە. یان ئەو هەواڵانەی پێغەمبەری خودا( d ) کە لەسەر بەرگری کردن لەئاینو پێغەمبەر یان لەناو چوونو لەقسەکانیان پەشیمان نەبوونەوە. کەواتە بەیەکجاری ناکرێت بڕیار بدرێت لەسەر ئەوەی کە ئەگەر لە پێناو خوداش بێت بچیتە ڕێگایەك کەبەرەو هیلاك چوونە. پاشان بەخشینی ئەندامێکی وەك گورچیلە نابێتە هۆی مردنی بەخشەرەکە بەڵکو لەچالاکی پاڵاوتنی خوێنو میز کردن کەم دەبێتەوە. هەمان بیرۆرای یەکەم پشتیان بەستوە بەم ئایەتە پیرۆزە کە خودایی گەورە دەفەرموێت ﴿ I J K ﴾[1].

لێرەدا زیاتر جەخت لەسەر ئەوەی دەکاتەوە کە ئەم بابەتە دەکەوێتە ژێر شرۆڤەی ئەم ئایەتە پیرۆزە چونکە خودای گەورە فەرمانمان پێدەکات کە خۆمان نەکوژینو دووربکەوینەوە لەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی کوشتنمان. ئینجا هەر کارێك کە نزیکمان دەکاتەوە لەمردن. بەو پێیە کە ئەم جۆرە بەخشینە نزیکمان دەکاتەوە لە مردنو

---

1- سورة النساء الاية ٢٩.

خۆمان ئەم کارە دەکەین‌و خۆمان لە کۆشتن نزیك دەکەینەوە بە بەخشینی ئەندامـەکانی لەش. ئەگەر لەپێناو خوداش دابێت. ئەوەی ڕاستی بێـت ئەمـە نزیکمـان دەکاتـەوە وەك چۆن کەسێك لەکاتی جەنگدا دوای ئەوەی دەکەوێتە بەردەسـتی گاورەکـان یـان لـەکاتی برینداریـدا خـۆی هـەوڵی خۆکوشـتن دەدات، وەك ئـەوەی لەسـەر یـەکێك لەهەواڵـەکانی پێغەمبەردا روویدا کە خۆی بەکۆشـتندا تـاوەکو لـەم ئـازارە ڕزگـاری بێـت بۆیـە ئەمـەش نابێت لەئیـسلامداو پێغەمبـەر فـەرمووی چـوو بـۆ ئـاگر. ئینجـا ئەگـەر کەسـەکە بیـەوێت ئەندامێکی خۆی ببەخشێت بەکەسی دووەم. بـۆ دوو مەبەسـت بێـت مەبەسـتێکی نهێنـی خـۆی کـە بێـزارە لـەژیانی خـۆی هـەوڵ دەدات خـۆی لـەم ڕێگەیـەدا بـە کۆشـتن بـدات‌و بەکارێکی چاك بزانرێت‌و مەبەستی دووەم والێك بداتەوە کـە تـازە لـەژیانی خـۆی بیـزارە ئەم ئەندامەی کە کەسی دووەم پێویـستی پێیـە ببەخـشرێت‌و خـۆی لـەناوببات. ئەمـەش جۆرێکی نەخۆشی دەروونییـەو ناکرێـت ئـەم نەشـتەرگەیە بـۆی ئـەنجام بـدرێت، چـونکە یـەکێك لـە مەرجـەکانی بەخـشین پێویـستە کەسـێکی تـەواو دوور بێـت لەهـەر جـۆرە نەخۆشـیەك، پاشـان وەکـو گوتمـان ئـەم نەشـتەرگەریە بەمـەرجێك ئـەنجام دەدرێـت کـە کەسی بەخشەر دووچاری هیچ مەترسی نەبێتەوە. وەك بەخشینی یەك گورچیلە ئەمـەش دووچاری مردن نابێتەوە، ئەگەر خۆی داوا بکات کە هـەردوو گورچیلەی ببەخـشێت ئـەوا پێویستە پزیشکی نەشتەرگەری ئەم کارە ئەنجام نەدات، چونکە خۆی دەبێتە (قاتل) بـە پلەی یەکەم. شروڤەی ئەم ئایەتە ﴿ I J K ﴾ زۆر مانـاو شـرۆڤەی تـری هەیـە لێرەدا دەتوانین وا لێك بدەینەوە کەوا ئەم ئایەتە مەبەستی یـەکتر نـەکوژن وەك ئیمـامی قورتـوبی لەشـرۆڤەکەیدا دەفـەرمووێت مەبەسـتی سـەرەکی ئـەم ئایەتـە واتـە یـەکتری نەکوژن. وەك ئەوەی کە ئەمڕۆ کوشتنی یەکتری لەنێوان تیرو هـۆز تایفەگەریـدا هەیـە[1]. هەروەها رازی دەڵێت: لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەمە بەڵگەیە کەوا ناکرێت یـەکتری بکـوژن،

---

1- القرطبي جامع الاحكام القرآن ٥/١٥٦.

بۆیەش گوتراوە ﴿ K ﴾ چونکە هەروەك پێغەمبەر( d ) فەرمویەتی بڕواداران وەك (یەك نەفس وانە) (ئیبن جەوزی) چەند بۆچوونێك بۆ ئەم ئایەتە دەهێنێتەوە:

یەکەمیان ﴿ I J K ﴾ واتە خودای گەورە لەسەر بەندەی خۆی حەرام کردووە کە خۆی بکوژێت.

دووەمیان: ﴿ I J K ﴾ واتە نابێت یەکتری بکوژن ئەمەش وتەی هەریەکە لە (ابن عباس، الحسن، سعید بن جبیر، عکرمە، قتادە، السدی، مقاتل، ابن قتیبە).

سێیەم: واتە کارێك ئەنجام نەدەی کە ببێتە هۆی لەناوبردنت‌و لەناوبردنی یەکی تر.

چوارەم: مەبەستی گوناه کردن تابگاتە رادەیەکی لەناوچوون.

لەلایەکی ترەوە ئەم کۆمەڵەی یەکەم بەپشت بەستن‌و بەشرۆڤەکردنی هەندێك فەرموودە کە تاڕادەیەك ڕاستی ئەوان بەرچاو دەردەکەوێت کە لەهەندێك فەرموودەدا هاتووە بەشێوەیەك باس لەوە دەکات کە ناکرێت دەستکاری خەلقی خودا بکرێت هەروەها ناکرێت بە لە بەکارهێنانی هەندێك (دەرمان) وەك چارەسەری بۆ هەندێك نەخۆشی کە دەچێتە بابەتی (حرام)و قەدەغە کراوە وەك ئەوەی لەفەرموودەیەکدا هاتووە کە پێغەمبەری خودا( d ) فەرموویەتی: (ان الله انزل الدواء وجعل لکل داء دواء. فتداوا ولاتداوا بالحرام)(1). لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەرمان( d ) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەرگیز خودا نەخۆشیەکی نەهێناوە مەگەر چارەسەرییەکەی بۆ نەهێنا بێتەوە، بەڵام چارەسەری نەخۆش بەشتی حەرام ئەوە نەهی لێکراوە، ئەم کۆمەڵەیەش وابۆی دەچن کە لە بەکارهێنانی ئەندامانی لەشی ئادەمیزاد کارێکی حەرامە بۆ چارەسەری بەکار نایەت. بەڵام ئەمە مەرجێك نییە کە ئەندامی لەشی مرۆڤ لە (محرمات)

---

1- رواه ابو داوود. سنن ابی داود ٤/٧ رقم الحدیث: ٣٧٨٤.

بێت چونکە ئێمە پێشتر باسی ئەم مەسەلەیەمان کردووە کە لەشی مرۆڤی موسڵمان نەك بەزیندوو بە تەنیا بەڵکو بە مردووش بێت پیس نییە وەك لەفەرموودەیەکدا هاتووە.

ئینجا لەئەندامانی لەشی مرۆڤدا لە مرۆڤێك بۆ مرۆڤێکی تـر هـیچ پەیوەنـدی بـەوەوە نییە کە بلێین لەنێوان دوو کەسی نا مەحرەمەوە یان دوور لەیـەکترن یـان یـەکیان لەشـی پاکەو ئەوی تریان لەشی پیسە.. بەڵکو لەوانەیە ئەم چەندیە زیـاتر بـۆ ئـەوەی بێـت کـە نەبێتە رێگەیەك هەریەکەو بەجورێكو بەبیانویەك هەوڵی برینو گواستنەوەی لەشـی مـرۆڤ بـداتو دواتـر ببێتـە هـۆی رکابـەریو لەئەنجامـدا ببێتـە هـۆی کوشـتنی یـەکترو ئـەوکات دەچێتەوە ژێر مانای ئایەتی یەکەم کە خودای گـەورە فـەرمویـەتی ﴿ I J K ﴾ پاشـان ئەگـەر گریمـان بـەکارێکی حـەرام بـژمێردرێت لەبـەر ناپـاکی لەشـی مـرۆڤ ئـەوا لەشـوێنێکی تـر ئـەوەمان دێتـە پـێش کـە پێغەمبـەری خـودا لـە چـەندین شـوێندا بـاس لەوەدەکات کە دەکرێت بۆ مەبەستی چارەسـەری پـەنا ببرێتـە بـەر هەنـدێك شـتی پـیس وەك (میزو زۆر دەرمـانی تـر جگـە لـە کحـول) هـەروەك فـەرمانی داوە بـە (عـەرنین) کـە لـەپاشماوەی حوشـتر بخواتـەوە بـۆ چارەسـەری نەخۆشـیەکەی، ئـەم چـەندەیەش کـە تایبەتـە بـۆ ئـەو لەگـەڵ ئەوەشـدا (میـزی) حوشـتر بەشـتێکی پـیس لەقەڵـەم دەدرێـت. هـەروەها لەمەزهـەبی ئیمـامی شـافعیدا هـاتووە کـە (ابـن رسـلان) لـە –شـرح الـسنن– دەڵێت[1]: (جگە لە کحول هەموو شتێکی تر بۆ چارەسەری بەکاردێت)، ئەگـەر جگـە لـە کحول هیچی تریش نەبوو ئەوا دەتوانرێت بۆ رزگارکردنی ژیانی مرۆڤ ئـەویش بـەکاربێت. هەروەها لەمەزهەبی (حەنیفـە) (هـەموو شـتێکی پـاك دەکرێتـە چارەسـەر، بـەڵام ئەگـەر پزیـشکی موسـڵمان بڕیـار بـدات لـە شـتی ناپـاکیش دروسـتە، ئـیبن عابـدین لەپـەراوێزی پەرتوکەکەیدا دەڵێت: بۆ کەسی نەخۆش هەیە میـزو خـوێن بخواتـەوە هـەروەها بەشـتی

1– الدكتور حسن علي الشاذلي (حكم نقل اعضاء الانسان في الفقه الاسلامي) ص٣٤.

مردوو چارەسـەری نەخۆشـیەکەی بکـات ئـەویش ئەگـەر پزیـشکی موسـڵمان پێـی بڵێـت دەبێتـە چارەسـەرو شـتی پەسـەند نەبێتـە هـۆی چارەسـەری. لەسـەر ئـەوەی کـە ئـەم نەشتەرگەریە کارێکی نادروستە ئـەو فـەرموودەی پێغەمبـەرە( d ) کـە بـاس لـە (بـوق) دەکات وەك دەفەرمووێت (عن عبدالرحمن بن عثمان ان طبيبا سـالَ النبـی عليـه الـصلاة والسلام عن قتل الضفضدع يجعلها فی دواء فنها النبي عن قتلها) رواه ابو داوود[1]. ئەمـە بەڵگەیـە کـە ناکرێـت زینـدەوەرێکی وەك (بـوق) بکوژرێـتو بـۆ مەبەسـتی چارەسـەری نەخۆشی بەکار بهێنرێت. پێغەمبەر( d ) بۆیە فەرموویـەتی بـۆ پاراسـتنی گیاندارەکانـە لە لەناوچوون. کەواتە مرۆڤ لە گیانەوەران بەرزترە پێویستە پارێزگاری زیـاتر لێ بکرێـت. بـەڵام پێویـستە وەڵامـی کۆمەڵـەی یەکـەم لەسـەر ئـەم فەرموودەیـە بـە روونو ئاشـکرا بدرێتەوە کە مەبەست لەوە نییە کە نابێت بە هـیچ شـێوەیەكو بـۆ هـیچ مەبەسـتێك بـوق بکوژرێت. بەڵکو پێغەمبەر( d ) بـاس لـەو جـورە نەخۆشـییە دەکـات کـە ئـەم پزیـشکە ویستبوی (بوق) وەك دەرمان بەکار بهێنیت کە نەخۆش بۆ ئەم نەخۆشییە بـەم دەرمانـە چارەسەرییێکی تەواو گونجاو نەبوو بۆیی. هەروەك ئەوەیە بڵێین پێغەمبـەری خـودا( d ) لەوە حاڵی ببوو کە ئەم پزیشکە بەهەڵەدا رۆیشتبوو کە بـوق بـۆ ئـەم نەخۆشـیە گونجـاو نییە. نەك لەبەر کۆشتنی بوق بووە. چونکە لە مەزهەبی ئیمام مالیکیدا (بوقی دەریـایی) دەخورێت ئەمەش لەحاڵەتێکـە کـە زۆر پێویـستەو خـۆراکی بەدەسـت ناکـەوێت بەپـشت بەستن بەم ئایەتە پیرۆزە کـە خـودای گـەورە دەفـەرموێت ﴿ i j k l m n o p q ﴾. هەروەك دیارە کە خواردنی بوق لەدوای کۆشـتنییەتی بۆیـە ئـەم بەڵگەیـە تەواو نییە بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە نەشتەرگەریانە پاشان لەکاتی بەخشینی ئەنـدامێکی

---

1- سنن ابی داود ٤/٧ رقم الحديث ٣٨٧١.

لەشی هەروەك لەو مەرجانەدا باسمان کردووە نابێتە هۆی کوشتنی کەسی بەخشەر ئەگەر دابنرێت بۆیە ئەمە ناکرێت بە (قتل) بژمێردرێت[1].

پێویستە ئەوەش بلێین ئەگەر بکرێت گیاندارێك ئەندامێکی لەشی بەمەبەستی چارەسەری مرۆڤێك بەکار بێنێت ئەوا دەکرێت چونکە ئەمە ڕزگارکردنی مرۆڤێکە لەمەترسی مردن وەك دەزانین مرۆڤ گەورەترە لەگیاندارانی تر. لێرەش ئەم کردارە ئەگەر ئەنجام بدرێت ئەوا پێویستە گیاندارەکە بکوژرێت کوشتنی گیاندارانیش دوو جورە ئەوانەی کە پێغەمبەرمان( d ) فەرموویەتی ئەوانەی کە زیانبەخشن بیکوژن وەك مارو دووپشكو... هتد هەروەها ئەوانەی کە لەکاتی نەبووندا وەك خۆراك یان چارەسەری بەکاردێت.

کەواتە لێردا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کەوا رای یەکەم ئەوەیە کە مەبەست لەئەنجام نەدانی کاری بڕینو گواستنەوەو چاندنی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ بۆ ئەوەیە تاوەکو هیچ کەسێك خۆی بەهۆیەوە نەخاتە مەترسی مردنەوەو دەستکاری لاشەی مرۆڤ نەکرێت تاوەکو وەك خۆی بۆ لای خودا بگەرێتەوە، بەڵام لێرەدا باس لەوە نەکراوە کەوا دەکرێت ئەم کارە لەنێوان کەسی مردوو بۆ زیندوو ئەنجام بدرێت؟ چونکە لێرەدا هیچ مەترسی مردن نابینرێت لەکەسی بەخشەرەوە، پاشان ئەگەر مەبەستیان ئەوەبێت هیچ کەسێك نەکەوێتە مەترسی لەناوچوونو مردنەوە بۆچی ناکرێت بەپێچەوانەوە ئەم جارە کەسێك بەهۆی بڕینی ئەندامی لەشی کەسێکی مردوو کەسێکی تری زیندوو لەمەترسی مردن ڕزگار بکەین؟ ئایا ئەگەر کەسێکی مردوو (مردن لەجوری دەماغ) ئەندامێکی وەك گورچیلەی هەبێتو تازە کاری پێ نەبێتو کەسێکی تری زیندوو پێویستی بە

---

1- الگزني. د.محمد احمد مصطفى- حكم نقل وغرس الاعضاء البشرية في الفقه الاسلامي والقانون- دراسة مقارنة نقلا عن الطحاوى، مشكل الاثار ٣١٣/٢، والزرقاني، شرح مختصر الخليل ٢١/١-٢٢.

گورچیلەکانی بێتو ئەم کارە بەهۆی ڕێگە پێنەدانی شەرعەوە ئەنجام نەدرێتو لەئەنجامدا کەسە زیندووەکە بەهۆیەوە مرد ئەمەش ناچێتە بواری (تهلکە)و کوشتنەوە؟

رای دووەم: کە بە چەند مەرجێك ڕیگە بەم چەندەیە دەدات کە کرداری بڕینی ئەندامەکانی لەشو گواستنەوەیانو چاندنیان ئەنجام بدرێت پشتیان بەستووە بەم چەند بەڵگەی ئایەتو فەرموودەو رای زانایان:

هەموو کارێك کە لایەنی شەرعی حەڵاڵی کردبێت یان حەرام ئامانجی سەرەکی بریتییە لەخزمەتکردن مرۆڤەکانە، ئەم سنوردانانەش لەلایەن خودای گەورەوەیە کە بە پێغەمبەرەکەی ڕاگەیاندووە، بۆیە ئەمە دەبێتە یاساییکی سەرتاسەری هەتایی، بەدرێژای ژیان چەندین گۆڕانکاری روو دەدن لەوانەش خۆدی مروڤ کە بەرپرسیارە بۆیە مرۆڤەکانیش خۆیان تێدەکەون، لێرەدا لایەنی زانستی کە بەردەوام لە پێشکەوتندایە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە لاشەی هەموو مرۆڤ و زیندەوران لەخاڵی پێکهاتەیاندا هاوبەشن، ئەمەش جێگای خۆشحاڵیە، چونکە لەناوچوونی هەرخانەو ئەندامێك پێویستی بەدروست بوونەوەیە تا لەژیان بەردەوام بین، ئەم چەندەیەش لایەنی زانستی فەسلەجی دیار کردووە کە ناکرێت، بۆیە گەیشتونەتە ڕێگە چارەیەك کە دەتوانرێت سود لەئەندامی لاشەی کەسێکی تر وەربگیرێت، ئەمەش جێگای خۆشحاڵیە. تایبەت لەنێوان کەسێك کە تازە ژیانی کۆتایی پیّ هاتووەو لەدوای مردنی سودی لەهەندێك لە ئەندامانی وەردەگیرێت، بۆیە رای دووەم ئەم پێشەکیە دەکەنە پاساوێك کە دەکرێت ئەم کارە ئەنجام بدرێت، بۆیە دوای ئەوەی کە بڕیار لەسەر ڕەزامەندی لەسەر ئەم چەندەیە دراو بووە هۆی بڵاوبونەوەی ئەم ڕێگە چارەسەریەو هەندێك جار لەسنوری دیاریکراو دەردەچوو بووە هۆی لەناوبردنی یەکترو کوشتنو توقاندن بازرگانی پیّ کردن بۆیە ئەم جارە بڕیاریان بەڕەزامەندی ئەریّ درا لەژێر چەند مەرجێکی شەرعیو یاسایی کە ئاماژەمان بەهەندێکی کردووە.

ئەوانەی کە لەگەڵ ئەوەدا بوون کە ئەم کارە ئەنجام بدرێت بەمەرجەوە تایبەت لایەنی فیقهیو شەرعی ئەویش بەپشت بەستن بەم بنەمای شەرعی خودا کە لەکاتی نەبوونو بەهیلاك چوون دەتوانی پەنا بۆ هەندێك شتی وا ببەیت کە ڕێگە پێ نەدراوە ئەمەش بۆ ئەوەی کە لەمەترسی مردن ڕزگار ببین کە خۆی باس دەکاتو دەفەرموێت: ﴿i j k l m n o p q﴾[1] هەروەها فەرموویەتی ﴿W X Y Z [ \ ] _ ` a b﴾[2] هەروەها فەرموویەتی ﴿فَمَنِ © غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَإِنَّ رَبَّكَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾[3] جمهوری زانایانی ئیسلام لەگەڵ ئەوەدان کەوا وشەی (فَمَنِ ©) واتای لە نەبوونو بەرەو برسیەتیو هیلاك بوون بچێت[4] بۆیە لەشەرعی ئیسلامدا یاسایەك هەیە کە لەکاتی پێویستی زۆر کەوا مرۆڤ لەکاتی نەبوونی لەناو دەچێت بۆی هەیە پەنا بباتە بەر هەندێك کاری وەك خواردنی گوشتی بوقی دەریاییو گوشتی گیاندارو مرۆڤی تر، وەك لەئایەتەکانی سەرەوەدا هاتووە (فَمَنِ ©) ئیمامی مالیکی دەفەرموێت (کاتێ مرۆڤ بزانێ بەتەواوەتی لەناو دەچێت)[5] ئیمامی حەنەفی دەفەرموێت: (کاتێك نەفسی مرۆڤ ترسی بەرەو هیلاکو نەمان دەچێت یان ئەندامەکانی لەشی بەهۆی نەبوونی خۆراکەوە)[6] ئیمامی حەنبەلی دەفەرموێت:

---

1- سورة البقرة الاية ١٧٣.

2- سورة المائدة الاية ٣.

3- سورة الانعام الاية ١٤٥.

4- الدكتور حسن علي الشاذلي (حكم نقل اعضاء الانسان في الفقه الاسلامي) ص٣٤.

5- الدكتور حسن علي الشاذلي (حكم نقل اعضاء الانسان في الفقه الاسلامي) ص٤٠ نقلا عن الشرح الكبير ج٢- ص١٠٣.

6- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

ترسی لەناوچوونی مرۆڤە ئەگەر شتێکی حەرام نەخوات ئەوا لەناو دەچێت جگە لە ژەهر)[1].

کەواتە بۆ ئەوەی مرۆڤ بژیت بۆی هەیە پەنا بباتە بەر لاشەی کەسێکی مردوو ئینجا بۆ خواردنی لەشی بێت یان بەکارهێنانی ئەندامێکی لەشی مرۆڤ، وەك دەزانین ئەك کردارەش تەنها لەکاتێکدا مرۆڤ پەنای بۆ دەبات کە زۆر پێویست بێتو ئەگەر ئەم کارە ئەنجام نەدات ئەوا دەمرێت. ئەمە یاسای (الضرورات تبیح المحظورات).

1- هەمان سەرچاوەی پێشوو گواستراوەتەوە لە (الروض المربع ج٢ ص٣٥٦-٣٥٧).

# بەشی پێنجەم

# چاندنی ئەندامەکانی لەش لەڕووی شەرعەوە لەکەسی زیندوو بۆ زیندوو

ئەگەر لەڕووی یاسایەوە چەند ماددەو یاسایەك هەبن سەبارەت بەم مەسەلەیە، ئەوا تەنها بۆ پاراستنی ژیانی مرۆڤایەتییە. چونکە یاسا بۆ کەسێك دەردەچێت کە سەرپێچی ئەنجام بدات. بەڵام لێرەدا رێگە پێدانی بۆ زیندوو کردنەوەی کەسێك کە پێویستی بە ئەندامێکە کە لەکار کەوتووە. بەرامبەر بە ئەندامێکی تری تەواو کە لەکار نەکەوتووە بێ ئەوەی ژیانی بەرامبەر بکەوێتە مەترسیەوە. لەوانەیە جیاوازیەکی ئەوتو نەبێت لەنێوان یاساکانی گشتی وڵاتان. چونکە گشتیان مەرجی ئەنجامدانیان دانراوە. ئەوەی جیاوازی دەکرا لەوانەیە بەگوێرەی ئەو ئەندامەیە بێت کە بەزۆری لەکار دەکەوێت. لەجۆری نەخۆشی تووش بوو لەو وڵاتەدا بۆ نموونە مەرج نییە لەهەموو وڵاتانی جیهان لەکارکەوتنی گورچیلەو وەستانی دڵ یەك بێت لەرێژەدا، بەهەر شێوەیەك بێت ئەمە باس کراوە.

ئێستا ئەگەر لەڕووی شەرعەوە بڕوانینە ئەم مەسەلەیە زیاتر بۆمان روون دەبێتەوە کە چ مەرجێك پێویستە هەبێت بۆ ئەنجامدانی ئەم نەشتەرگەرییەو بۆچی پێویستە مەرج هەبێت و جیاوازە لەئایینەکاندا ئەگەر لەم ڕوانگەوە سەیری بکەین دەبینین زۆر بەمەترسی و هۆشیاری لەم مەسەلەیە دەکۆڵنەوە. چونکە ئەمە پەیوەندی بە روح و گیانی مرۆڤەوە هەیە ئەگەرچی ئەم نەشتەرگەرییەش بۆ ڕزگارکردنی روح و گیانی مرۆڤێکی ترە، بەڵام ناکرێت جیاوازی بکرێت لەنێوان دوو مرۆڤدا. ئەگەرچی لەهەموو سیفەتەکانی ژیان لەیەکتر جیابن و لەئاست یەکتر نەبن و لەڕووی خزم و کەسوکارو

بنەماڵەو هۆز لەیەکتر جیابنو لەیەك ئاست دانەبن. بەڵام ناکرێت ئـەم جیاوازییـە تێبینـی بکرێت، چونکە لەڕووی جەستەوە وەك یەکن بۆیە پێویـستیان بـەئاڵوگوری یـان چـاندنی ئەنـدامانی یـەکتری هەیـە. بۆیـە خـودا گـشتیان بـە بەنـدەی خـۆی دەزانێـت وەك یـەك دروستی کردوون.

ئەگەر بکرێت ئەم نەشتەرگەرییە ئەنجام بدرێت لەسەر لەشی مـرۆڤ پێویـست دەکـات زۆر مەرجی سەرەکی تیایـدا هـەبێت کـە لەدوایدا باسـی لێـوە دەکـەین. ئـەم مەسـەلەیە دەستکاری کردنە لە (خەلقی) خودا. کە هەر خۆی لێ بەرپرسیارە لەم لاشە چونکە مـرۆڤ موڵكو سامانی خۆی نییە تاوەکو بڕیار لەسەر خۆی بدات. لەوەش خـراپتر نەشـتەرگەری لەسـەر کەسـی تـر ئـەنجام بـدەیت. ئـەم نەشـتەرگەریە لـەنێوان دوو کەسـدا ڕوودەدات (زیندوو+ زیندوو) یان (زیندوو+ مردوو) لەجۆری یەکەم ئەگەر ئەنجامـدرا بێـت تـا ئـەمڕۆ مـەرجی سـەرەکی یاسـای ئـەوەبووە کـە ژیـانی کەسـی یەکـەمی بەخـشەر نەکەوێتـە مەترسیەوە لەڕووی شەرعەوە ئەم چەندەیە زۆر تیشکی خراوەتـە سـەرێ چـونکە ئەگـەر شەرع ڕێگاش پێ بدات ئەوا مەرجی هەرە سەرەکی ڕزگار کردنی هەردوو کەسی یەکـەمو دووەمە، نەك کوشتنی یەکەمو زیندوو کردنەوەی دووەم. چونکە ئەگەر بـەم جـۆرە بێـت ئەوا هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێت. بەپێچەوانەوە هـەروەك خۆیـەتی بـەڵکو خـراپتر چـونکە خودای گەورە خـۆی دەفـەرموێت لەسـورەتی مائـدە ﴿ ( * + , - . /

0 1 2 3 4 5 6 7 8 9 : ; ﴾.

لەوانەیـە بـە هـیچ شـێوەیەك ئـەم نەشـتەرگەریە ئـەنجام نـەدرێت، بـەڵام لێـرەدا ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە دەبینـەوە. ئەگـەر کەسـی یەکـەم بە هـیچ شـێوەیەك لـەدوای بەخشینی ئەندامە دیارکراوەکەی تووشی مەترسیەکی ژیانی جەستەی نەبێتـەوە، کەسـی دووەمیش لەدوای وەرگرتنی ئەم ئەندامە ژیانی لەمردن ڕزگار ببێـت ئـەوا شـەرعی خـودا لەچی ڕێگرە؟ یا ئەگەر کەسێك لەداوی ئەوەی کە مردوو کەسوکاری ڕازی بوون بەسـوود وەرگرتن لەجەستەی یان خۆی وەسیەتی کردبێتو کەسی نەخۆش هەبێت پێویـستی بـە

ئەندامێکی هەبێت تا لەمردن ڕزگار ببێتو ئەمە تاکە ڕێگەی چارەسەر بێت ئایا شەرع لەچیدا ڕیگرە؟ ئا لەو مەسەلەیەدا شەرعی خودا کارئاسانی بۆ ئەم چەندەیە دەکات؟ لەکاتێکدا کە شەرعی خودا زۆر بەپەرۆشەوە بۆ خزمەتکردنی مرۆڤەکان بە قسە دێتو ئەم ئایەتەی خودا شروڤە دەکات کە بۆ هەردوو جۆری یەکەمو دووەم بەڵگەیە کە دەفەرمووێت ﴿ _ ` b a ﴾ واتە خودا ڕێزی لەمرۆڤەکان گرتووە ئادەمیزاد لای دروستکەری پلەو پایەی هەیە، پێویستە ئێمەش ڕێز لەیەکتری بگرینو هەموو هەوڵێك بدەین بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی لەچوارچێوەی شەرعو یاسای خودا دا بۆیە لەم ئایەتەدا کە خودا دەفەرموێت ﴿ _ ` b a ﴾[1].

واتە ئێمە ڕێزمان لە ئادەمیزاد گرتووە. واتە ڕێز لە روحو گیانو جەستەی ئادەمیزاد گرتووە پێویستە ئێوەش ڕێز لەیەکتر بگرنو دەستکاری لەخەلقی خودا مەکەن. ئەمە بۆ کەسی یەکەم.

دووەم: دەتوانین بۆ کەسی دووەمی وەرگر لێك بدەینەوە کە دەفەرموێت ئێمە ڕێز لە ئادەمیزادمان گرتووە واتە ڕزگارکردنو پاراستنی روحو گیانی مرۆڤەکان گرنگە. سوود لەهەر چی وەربگیرێت بۆ ڕزگارکردنی روحی ئادەمیزاد کەواتە لێرەدا هەردووکیان گرنگن لای خودا... مەبەستی سەرەکی ڕێزگرتنە لەلاشەی مرۆڤ و خزمەتکردن بەیەکترە.

کەواتە لێرەدا دەگەڕێینەوە سەر جۆری ئەو ئەندامانەی کە دەگوازرێتەوە لەکەسێك بۆ کەسێکی تر کە لەپێشدا باسی لێوەکراوە. من لەگەڵ ئەوەدام کە ئەگەر شەرع مەرجێکی هەبێت بۆ پاراستنی مرۆڤەکانە تایبەت نەوەکانی چونکە هەندێك ئەندام هەن گواستنەوەیان هیچ مەترسیەکی نییە لەسەر یەکەمو دووەم شەرعی خودا هیچ بەرهەڵستی ناکات بۆ نموونە: گواستنەوەی خوێن بەپێی جۆری گرۆپیان کە لە هیچ کامێکیان تووشی مەترسی مردن نابن، ئەگەر مەرجی پزیشکیان هەبێت بۆیە لەم

---

1- سورة الاسراء الاية: ٧٠.

مەسـەلەیەدا شـەرعی خـوداو ئاینـەکان بەگشتی بـەم خزمەتکردنەیـە خۆشـحاڵن. بـەڵام جـۆری تـری نەشـتـەرگەری هەیـە وەك چـاندنی ئەندامـەکانی زاوزێو چـاندنی تـوو لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر ئەمە جێگـای گۆمانـە، دەرئـەنجامی نەگـەتیڤی بینـراوە لـە نەوەکانی دواتر. یان چاندنی توو هێلکـەی پـیتراو Zygot لـەنێوان دوو ئـافرەتی هـەمان پیاو کە لەئەنجامدا دیار نابێت منداڵی کام ئافرەتە. هەرچـەندە دیـارە کـەهی کـام باوکـە یـان گواسـتنەوە هێلکـەی پـیتراو لـەنێوان دایـكو کـچدا. کـە زۆرجـار دایکەکـە توانـای هـەڵگرتنی کورپەلەکـەی نییـە. واتـە پـەنا دەباتـە بـەر لـەجیاتی دانـان وەك ئـەوەی کـە لەیەکێك لەوڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیادا لەنێوان دایكو کچەکەیدا روویدا ئەمە هەڵەیـە لەبـەر ئەوەی ئەم منداڵەی کە لەدایك دەبێت هەم دەبێتە برای کچەکە لەلایەکو لەلایەکی تـریش دەبێتە کوڕی خۆی.

یان گواستنەوەی –تووی پیاوێك بۆ ئافرەتێکی تری کە خێزانی خـۆی نییـە–. ئەمـە بـەکاری زینـا دەژمێردرێـت. چـونکە ئـەم ئافرەتـە خێزانـی کەسـێکی تـرە، ئەگەرچـی پیاوەکەی بەدەم کـەمی (تـوو) دەنـاڵێنی بـەڵام ئەمـە رێگـە چارە نییـە، شـەرعی خـودا پشتگیری لە هیچ یاسایەك ناکـات کـە خزمـەت بەمرۆڤایـەتی نەگەیـەنێت بـەپێی مـەرجی خودایی. هەنـدێك جـار شـەرعی خـۆدا رێگـە نـادات بەگواسـتنەوەی ئەندامـەکان لـەنێوان کەسی زیندوو و مردوودا، چونکە کەسی مردوو گەڕاوەتەوە لای ئەو کەسەی کـە دروسـت کراوە، پێویست دەکات چون هاتووە بۆ دونیا بـەم شـێوەیەش بگەڕێتـەوە لای خـودا... ئەمە لەدوایدا لەسەری دەدوێن.

کەواتـە پێویـست دەکـات ئـەو مەرجانـەش بـۆ ئێـوەی خوێنـەری بـەرێزیش روون بکەینەوە کە شـەرعی خـودا داینـاوە بـۆ ئەنجامـدانی ئـەم نەشـتەرگەرییە تازەیـە. بـەڵام پێش ئەوەی ئەو مەرجانە بخەینەڕوو پێویست دەکات ئەو بیروڕایانـە بخەینـەڕوو لـەڕووی شەرعەوە کە لە هەر چوار مەزهەبە سەرەکییەکاندا هاتووە تاوەکو ببێتە یـەك سەرچـاوە بۆ بریاردان لەسەر ئەم نەشتەرگەرییە هەرچەند جیـاوازی زۆری نییـە لەنێوانیانـدا. بـەڵام

ئەگەر هەشبێت با ئێمەش بزانینو هۆی ئەم جیاوازیانەش بۆ ئێوەی خوێنەری بەڕێز ڕوون بکەینەوە کە ئەمە بیروڕای ئەم زانایانە، چونکە ئەم چەندە لەسەردەمی پێغەمبەریشدا( d ) هەبووە. بەڵام بەرە بەرە ئەم نەشتەرگەرییە پەرەی سەندوەو دەستکاری لەهەموو ئەندامەکانی لەشی مردوو کراوە بۆیە لەوانەیە لەسەردەمی ئەوانیش ئەم چەندەیە نەبێت.

دیارە هەر چوار مەزهەبەکانی (ئەحمەدو شافعیو مالیکیو حەنەفی) زیاتر لەسەر ئەم چەندە باسیان کردووە ئایا ئەگەر ئەم نەشتەرگەرییە بەپێی شەرعی خودا ئەنجام دراو بەپێی راپۆرتی پزیشکی ئایا جەستەی مرۆڤ پاکە؟ ئینجا گواستنەوە لەزیندوو یان مردوو بۆ زیندوو؟.

روونو ئاشکرایە کە پێغەمبەری خودا فەرمویەتی (المؤمن لاینجس)[1] واتە کەسی بڕوادار پیس نییەو پیس نابێت، هەروەك لەڕیوایەتی تردا هاتووە فەرمویەتی (المسلم لاینجس حیا ومیتاً) واتە موسڵمان لاشەی پیس نییە چ زیندوو بێت یان مردوو، هەروەها دەفەرمووێت لەریوایەتی تر (ولانه لو نجس لم یطهر بالغسل)[2]. واتە ئەگەر پیس بووایە ئەوا لە شوشتنی پاك نەدەبووە، بەپشت بەستن بەم فەرمودانەی پێغەمبەر( d ) دەبینین زۆربەی زانایانی ئایینی بەیەکەوە دەبەستێتەوە. هەروەك ئیمام ئەحمەدو ئیمام حەنیفە دەڵێن:

لەشی ئادەمیزاد پاکە چ بەمردوویی یان زیندووی بێت بە پشت بەستن بەئایەتی سورەی ئیسرا ﴿ _ ` a b ﴾ هەرچی ئیمام شافیعیو مالیکی، بەدوو جۆر رایان دەربریوە سەبارەت بەمردوو، هەروەك ئیمام نەوەوی سەبارەت بەوەی کە ئایا لەدوای مردنی ئادەمیزاد ئایا لەشی پاکە یان نا؟ رای یەکەم لەگەڵ ئەوەدان کە لەشی

---

1- البخاري- فتح الباري ٣/١٠٢.

2- البهوتي- شرح فتح الارادات ١-١٠١- وابن الهام شرح فتح القدير ٦٧/١.

مـرۆڤ لـەدوای مـردن پـیس نییـە کـە زۆربـەی هاوەڵـەکانی پێغەمبـەر( d ) لەسـەری ڕێککـەوتوون. کەواتـە لێـرەدا دەردەکـەوێت کـە لەشـی مـرۆڤ پاکـە لـەکاتی زیندوویـدا. هـەروەها مـردووش پاکـە لەلایـەن ئیمـام حنبـلو حنیفـەو تاڕادەیـەك لەلایـەن شـافیعیو مالیکیـەوە. لـە زۆربـەی زۆری زانایـان کـە بـاس لـە هەنـدێك ئەندامـەکانی لـەش دەکـەن لـەدوای بڕینــی بــە ناپــاك لــە قەڵــەم دەدەن. وەك دەرهێنــانی ددان لەکەسـێك ئەگـەر بگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی ئەوا بە ناپاك دادەنرێت یان بڕینی گوێی کەسـێك وەك ئیمـام شافیعیو ابـن المسیب وعطـا. بـەڵام هەریـەك لـە ئیمـام ئەحمـەدو ئیمـام قورتـوبی لـەم بوارەدا بەکارێکی ئاسایی دەژمێردرێن.

زانایانی ئاینی لەمەسەلەی چاندنی توو هێلکە لەکەسێك بۆ یەکی تر بەکارێکی ڕاسـت نازانن وەکو لەپێشەوە باسمـان کـرد. نـەك لەبـەر پیـسی ئـەم دوو ئەندامەیـە بـەڵکو زۆر لەوە گەورەترە. کە بە پـاكو ناپـاکی لەقەڵـەم بـدەین هەرچـەندە بـۆی هەیـە یـەکێك بـە ئەندامی پیس ناوببرێت، چونکە وەکو پاشەڕۆ وایە یـان ئەگـەر لەپاشـەڕۆش نـەبێت ئـەوا لـەو دوو ئەندامانـە پاشـەڕۆیان دەردەکرێتـە دەرەوە. هەرچـەند هەریەکـە لـە مەزهەبـە چوارینەکان لەسەر ئەم چـەندە هیـچی وایـان بـاس نـەکردووە، بـەڵام ئەگـەر گریمـان بـە ئەندامێك لە لەشی مرۆڤ بژمێردرێتو ئەم نەشتەرگەریە ئەنجام بـدرێت ئـەوا ئەنجامەکـەی چی لێ دێت؟ تووی مرۆڤی نێر لەلایەن جووتێك گون Tests دروست دەبێـت. ئەوکاتـەش دەست دەکات بەدروستکردنی توو لەکاتی تەمەنی پێگەیشتن (بلوغ) ئەگەر ئەم ئەندامـە بگوازرێتەوە بۆ کەسی تر. ئەوا سیفەتی بۆماوەیی لەگەڵی دەگوازرێتـەوە. لـەو شـوێنەدا جێی کەسی یەکەم دەگرێتـەوە کەواتـە تووەکـان تێکـەڵ بەکەسـی تـر دەبێـت. ئەمـەش بـەگوێرەی بڕیـاڕی کـۆنگرەی ئەنجومـەنی فیقهـی ئیـسلامی لـەکۆنگرەی شەشـەم کـە لەجەددەی پایتەختی سعودیە لـەماوەی ١٧–٢٣ شـەعبان ١٤١٠هــ بەرامبـەر بـە ١٤–٢٠ ئازار (مـارس) ١٩٩٠ بەسـترابوو، تێدا هـاتووە کـەوا چـاندنی هەریەکـە لـە هێلکـەو تـوو کـارێکی حەرامـە بـەهۆی ئـەوەی کـەوا بـەردەوام سـیفاتی بۆمـاوەیی دەردەدەن، بـەڵام

چاندنی هەندێك لەبەشەکانی کۆئەندامی زاوزێ ئەوانەی کە سیفەتی بۆماوەی دەرنادەن دەکرێت بەهۆی هەندێك پێوەر کە هەریەکە لە پزیشكو کەسانی شارەزا ئەویش بەپێی زەروریەت هەروەك لەبڕیاری ژمارە ٢٦ (٤/١) هاتووە لەهەمان سەرچاوەدا. بۆیە ئەگەر ئەم کارە ئەنجام بدرێت ئەوا کەسی پەیدابوو (منداڵ) هەمان سیفەتی پیاوی یەکەم (ئەوەی بەخشەرە) دەبێت، کەسی دووەمیش (وەرگر) هیچ دەورێکی نابینێت. ئەگەر ئەم نەشتەرگەرییەش ئەنجام درا ئەوا لەگەڵ یەکتر تێکەل دەبن. بەهەمان شێوە ئەوەی لەسەر پیاوە روون کراوەتەوە بەهەمان شێوە بۆ ئافرەتانیش... کەواتە ئەو منداڵەی کە دروست دەبێت پێویست دەکات دایكو باوکی دیاری بکرێتو زانراو بێت بەپشت بەستن بەئایەتی سورەتی (تارق) کە خودای گەورە دەفەرموویت ﴿ 3 4 5 6 7 8 8 9 : ; < = >? @ A ﴾[1]. ئەگەر لە شرۆڤەی ئەم ئایەتە ورد ببینەوە، دەبینن لەدوو سەرچاوەی سەرەکی منداڵ دروست دەبێت کە بریتییە لە (صلب الرجل) واتە پشتی پیاو (ترائب المرأة) واتە ئیسکی سینگی ئافرەت. لێرەشدا رای تر هەیە کە پێویستە باس بکرێت کە بریتییە لەدەرکەوتنی (توو) لەنێوان پشتی پیاوو سنگی پیاو هەروەها هێلکە لەنێوان پشتی ئافرەتو سنگی ئافرەت[2]. هەروەها پێکچوونێك هەیە لەنێوان ئاوی –توو– دەماغ لە ڕەنگو شێوەدا بۆیە لەوانە (امام البیضاوي) ئەم چەندە باس دەکات کە لەوێوە دروست دەبێت[3]، هەروەها دەڵێن شوێنەکەی لەنێوان (صلب وترائب)[4] کەواتە لەهەر شوێنێك دەربچێت کێشە نییە، بەڵام ئەوەی گرنگە لەسەری بدوێین ئەم دوو ئەندامەی زاوزێیە واتە بەردەوام لەدەردانی شفرەی بۆماوەیی دانە،

---

1- سورەتی تارق ئایەتی: ٥-٧.

2- القرطبي. الجامع لاحکام القرآن ٢٠/٦/٧.

3- الشهاب- حاشیة الشهاب علي البیضاوي ٨/٣٤٧.

4- ابن کثیر- تفسیر القران الکریم- ٤/٤٩٨.

گۆڕانگاریـەکی بـچووك لەهەریـەکیان گۆڕانکـاری لەمنداڵەکەیـدا دەردەکـەوێت. ئەمـەش دەبێتە هۆی کاریگەری نیگەتیڤ لەسەر نەوەی داهاتوودا. بۆیە شـەرع ڕێگـە بـەم جـۆرە چاندنە نادات چونکە دەبێتە هۆی تێکەڵاوبوون لەئەنجامـدا منداڵەکـە بـۆ ئـەو ئافرەتەیـە کە لێی بووە لەسەر جێگا.

هەروەك پێغەمبەر( d ) دەفەرموێت (الولـد للفـراش وللعاصـر الجيمـر) بـەڵام ئەگـەر منداڵەکەش بۆ ئەو ئافرەتە بێت کە لـەو دابـەزیوە، ئـەوا لەئـەنجامی گواسـتنەوەدا (تـوو هێلکە) ئەوا منداڵەکە لەڕووی بۆماوەیی یان لەڕووی مورفولوجییـەوە جیـاوازە لـەدایکیو باوکی[1] هەر بۆیـە لـەکۆنگرەی پزیـشکی پێنجـەم لـەکوێت لـە ٢٣-٢٦ ئۆکتوبـەر ١٩٨٩ بڕیاریـان داوە بەقەدەغـەکردنی گواسـتنەوەو چـاندنی ئـەم ئەندامـە چـونکە لـەدەردانی شیفرەی بۆماوەی بەردەوامە[2].

جۆرێکی تر لەگواستنەوەی ئـاوی پیـاو بـۆ ئافرەتێـك کـە بەڕاسـتی نێگـەتیڤێکی زۆر هەیـە لـەنێوان هەنـدێك لەشـارەزایانی ئـەو بـوارەدا. لەوانـە (الزرقـانی) بـاس لـەم جـۆرە گواستنەوە سروشتییە دەکات کە دەڵێت: ئەگەر ئاوی پیاوێك بچێتە ناو لەشی ئافرەتێـك کە لەحەمام جێ ماوە، ئـەوا ئەگـەر هـەمان ژنو پیـاو بێـت ئـەوا (غەسـلی لەسـەر نییـە) بەپێچەوانەوە ئەوا بەجۆرێکی ترە، لەلای هەندێك کەسـی تـر دروسـت بـوونی منـداڵ لـەم جۆرە گواستنەوە بۆ کەسی خاوەن ئـاوی تووەکـە دەگەڕێتـەوە. ئینجـا ئەگـەر پیاوەکـە بێگانە بوو. ئەوا منداڵەکە هی ئەو کەسەیە ئەوەش دەبێتە زینا. لەوانەیە لـە زۆر شـوێنی تر ئەم جۆرە بابەتە بەم شێوە خرابێتـەڕوو، بـەڵام بـەڕای مـن ئـەوان بەهەڵـەدا چـوونە. چونکە لەدوای ڕژانی ئاوی پیاو پاش بەرەڵا بوونی بۆ ماوەیـەکی کـورت ئـــــەم سـپێرم -تـوو- کـە تێیـدا بـە بـەر هـەوا دەکـەونو دەمـرن، بۆیـە توانایـان نییـە ئـەم کردارەی

1- البخاري- فتح الباري ١٢-١١٣.

2- التوصية في مجمع الفقه السلامي الدورة (٦) العدد ٦ جزء (٣) ص٢٦٧.

یەککگرتن لەگەڵ هێلکەی ئافرەتەکە ئەنجام بدات ئەگەر بەگریمان بڵێین چویتە ژورەوە، بەڵام توانای یەککگرتنی نامینێتو لەناودەچێت... چونکە تەمەنێکی کورتی هەیە ئەوەندە چالاکیش نییە تاوەکو بۆ ماوەیەکی زۆر بەر هەوا بکەوێت. ئەگەر سەیری گواستنەوەی- تووی پیاو بدەین کاتێك تەکنیکاری پیتێنی دەرەوەی لەش بۆ ئەنجام دەدرێت لەناو دەزگایەکی داخراوەو دووره لەهەوا لەناو Tissue Culture واتە ناوەندێکی چینراو کە پلەی سەدی (-١٧٠) لەژێر سفر پلەدا.

## ئەو کەسانەی کە فەتوایان داوە لەسەر دروستی ئەم نەشتەرگەریانە بەگشتی لەرووی شەرعەوە:

١- فەتوای شیخ محمد خاطر لە (٣-فبرایر ١٩٧٣) تایبەت بەچاندنی پێست لەکەسێکی مردوو بۆ کەسێکی زیندوو کە پێستی سوتابێت هەروەها لەفەتوای ژمارە (١٠٦٣)دا باس لەو کەسانە دەکات کە مردوون بەبێ کەسوکارن یان کەسوکاریان مۆڵەتی پێدرا بێ.

٢- فەتوای شیخ حسن مأمون (٤ ئیبریل ١٩٥٩) ژمارە ١٠٨٧ کە تایبەتە بەچاندنی چاوی کەسی مردوو بۆ کەسی زیندوو کە بەهەمان شێوەی فەتوای یەکەم.

٣- فەتوای شیخ أحمد هویدی (١٩٦٦/١٠/٢٣) ژمارە ٩٣٣ کە تایبەتە بە گلینەی چاو کە دەتوانرێت بچینرێت لە کەسی مردوو بۆ زیندوو کە خۆی لەوەسیەتنامەکەیدا نووسیبێت یان بە ئامادەبوونی خزمو کەسوکاری بێت.

٤- فەتوای شیخ جادالحق علی جاد الحق: کە لە ١٩٧٩/١١/٥ ژمارە (١٣٢٣)دا هاتووە کە رێگە دەدات بەگواستنەوەی ئەندامی لەشی مرۆڤ لە کەسێك بۆ کەسی تر. بەهەمان مەرجی پێشتر.

٥- فەتوای بەشی (الطب الانسان) کە لە سەنتەری (الملك فهد) بۆ لێکولینەوەی پزیشکی لەزانکۆی (مەلیك عبدالعزین) لە جەددە. هەروەها لە لێکۆڵینەوەی هەریەك لە شیخ احمد السامرانو عمر حامد گیلانیو محمد عبدالجواد محمد) کە گشتیان رێگە بە گواستنەوەی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ دەدەن.

٦- هەروەها لە لێکۆڵینەوەی **شیخ عبدالله البسام** داهاتووە لەرابیتەی جیهانی ئیسلامی خۆلی هەشتەم لەساڵی ١٤٠٥دا. رێگە دراوە بەگواستنەوەی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ لەکەسێك بۆ کەسێکی تر.

٧- فەتوای دەرچوو لەرابیتەی جیهانی ئیسلامی کە لەوەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئیسلامی لەولاتی کوەیت بەژمارەی (٧٩/١٣٢ لە ١٩٧٩/١٢/٢٤م ٥/صفر ١٤٠٠ ھ)

بەفەرمی فەتوای لەسەر درا بەمەرجێك کەسی بەخشەر زەرەرمەند نەبێت. هەروەها ئەوەشیان روونکردووتەوە کە دەکرێت ئەندامێکی لەش یان زیاتر لەکەسێکی زیندوو یان لەکەسی مردوو وەربگیرێتو بگوازرێتەوە. ئەگەر کەسەکە مردووبێت ئینجا لەوەسیەتنامەکەیدا هاتبێت یاخوت نەهاتبێت.

٨- فەتوای (هيئة كبار العلماء) لەوڵاتی سعودیە بەژمارە ٩٩/ کە لە ١١/٦/--- دەرچووە رێگە بەم چەندە دەدات.

٩- رێکخراوی ئیسلامی بۆ زانستی پزیشکی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی کوەیت لەکۆنگرەیەکدا بەناونیشانی (ژیانی مرۆڤایەتی لەسەرەتاوە تا کۆتایی لەچەمکی ئیسلامیدا) لەماوەی نێوان ٢٦/٢٤ ربیع یەکەم ١٤٠٥هـ بەرامبەر بە (١٧/١٥- ینایر ١٩٨٥) کە ژمارەیەکی زۆری لەشارەزایانی ئەم بوارە تیایدا بەشدار بوون باس لە(دەماغ) دەکرا لەسەر ئەم چەندە رازی بوون کە مردنی (دەماغ) واتە مردنی مرۆڤ.

١٠- هەروەك لەساڵی (١٤٠٦هـ /١٩٨٦م) لە جەددەو لە (١٤٠٧ صفر) ١٩٨٦ ئوکتوبەر لە(عمان) دوو خۆلی تایبەت بە(دەماغ) بەڕێوەچوون لەلایەن کۆمەڵی فقهی ئیسلامی سەر بەرێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی. تیایدا هاتووە کە مردنی دەماغ واتە مردنی مرۆڤ هەر وەك تیایدا هاتووە.

مرۆڤ بە مردوو دەژمێردرێت لەم دوو حاڵاتانە.

١) ئەگەر دڵی وەستاو لەهەناسەدان کەوتو بەبڕیاری پزیشکی گەڕانەوەی بۆ نییە.

٢) ئەگەر گشت فەرمانەکان (دەماغ) لەکار کەوتن، راپۆرتی پزیشکی بڕیاری گەڕانەوەی بۆ ژیان مستحیل کردبێت.

لەو کاتەشدا دەتوانرێت دەزگای هەناسە لەسەردەمی لاببرێت ئەگەرچی لە لێدانی دڵی بەردەوام بێت.

١١- دکتۆر محمد زین العابدین: لەلێکۆڵینەوەیەکی گرنگدا کە بۆ بەدەستهێنانی شهادەی (دکتۆرا) بەناونیشانی (گواستنەوەی ئەندامەکانی لەش لەنێوان شەرعو یاسادا) تیایدا ڕێگە دەدات لەسەر ئەم چەندە بەڵام لەژێر چەند مەرجێکدا کە لەپێشدا باس کراوە. کە تیایدا پلەی نایابی وەرگرتووە.

١٢- لەتوێژینەوەك د.محمد سعید ڕەمەزان بوتی لەژێر ناونیشانی (سود وەرگرتنی مرۆڤ لەگواستنەوەی ئەندام لەزیندوو یان مردوو) کە پێشکەش بە (مجمع الفقه الاسلامی) لەجدە کردووە لە ١٤٠٨هـ ١٩٨٧م تیایدا ڕێگە دەدات بەگواستنەوەی ئەندامەکان. بەمەرجێك کەسی بەخشەر زەرەرمەند نەبێت. هەروەها دەتوانرێت لەکەسی مردوو وەربگیرێت، بەڵام بەئامادەبوونی میراتگرەکەی. یان ئەوانەی سزای لەسێدارەدانی لەسەر جێبەجێ کراوە. یان کەسی بێ ڕێو بێ وەلی ئەمر. هەروەها لەکەسی مردوو لەدەماغ. بەڵام نابێت هێشتا لەلێدانی دڵ بەردەوام بێت.

١٣- هەروەك د.محمد فوزی فیض الله لەتوێژنەوەکەیدا لەژێر ناونیشانی (التصرف في الاعضاء الانسان) کە پێشکەش بەوەزارەتی تەندروستی وڵاتی کویتی کردووە. بەهەمان مەرجەکانی د.محمد سعید البوتی. کە پێشتر باس کراوە.

ئەمەش دەقی بڕیاری دەرچووە لەسەرۆکایەتی لێکۆڵینەوەی زانستیو فەتوای تایبەت بەکرداری گواستنەوەو چاندنی لەش:

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**المملكه العربيه السعودية** **الرقم: ٩٩**

**رئاسة ادارات البحوث العلمية والافتاء** **التاريخ:٦/ ١١ /١٤٠٢**

**والدعوه والارشاد**

**الموضوع: مضمون قرار هيئة كبار العلماء رقم ٩٩ وتاريخ ١٤٠٢/١١/٦هـ**

قرار المجلس بالاجماع جواز نقل عضو جزئه من انسان حي مسلم أو ذمي الى نفسه اذا دعت الحاجة اليه وامن الخطر فى نزعة وغلب على الظن نجح زرعة كما قرر بالاكثرية مايلي:

١- جواز نقل عضو او جزئه من انسان ميت الى مسلم اذا اضطر الى ذلك وامنت الفتنتة في نزعه ممن اخذ منة وغلب على الظن نجاح زرعة فيمن سيزرع فيه.

٢- جواز تبرع الانسان الحى بنقل عضو منهأو جزئه الى مسلم مضطر الى ذلك. وبالله التوفيق وصلى الله على محد وعلى آله وصحبه وسلم.

**هيئة كبار العلماء**

ئەمەش دەقی بڕیاری دەرچووە لەئەنجومەنی فیقهی ئیسلامی لەعەمان تایبەت بەکرداری گواستنەوەو چاندنی لەش:

## بسم الله الرحمن الرحيم

## القرار رقم (٥) د ٨٦/٠٧/٣

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على سدينا محمد خاتم النبيين وعلى آله وصحبه.

## بشأن "اجهزة ألانعاش"

أن مجلس مجمع الفقه الاسلامي المنعقد في دورة مؤتمره الثالث بعمان عاصمة المملكة الاردنية الهاشمية من ٨ الى ١٣ صفر ١٤٠٧هـ/ ١١ الى ١٦ اكتوبر ١٩٨٦م بعد تداولة في سائر النواحي التي اثيرت حول موضوع "اجهزة ألانعاش" واستماعة الى شرح مستفيض من الاطباء المختصين.

قرر مايلي:

زراعة الاعضاء الادمية

يعتبر شرعا ان الشخص قد مات وتترتب جميع الاحكام المقررة شرعا للوفاة عند ذلك اذا تبينت فيه احدى العلامتين التاليتين:

١- اذا توقف قلبه وتنفسه توقفا تاما وحكم الاطباء بأن هده التوقف لارجعة فيه.

٢- اذا تعطلت جميع وظائف دماغة تعطلا نهائيا،و حكم الاطباء الاختصاصيون الخبراء بأن هذا التعطيل لارجعة فيه، واخذ دماغة في التحلل.

١٤- بڕیاری كۆمەڵەی فیقهی ئیسلامی سەر بەڕابیتەی جیهانی ئیسلامی سەبارەت بە چاندنی ئەندامەكانی لەشی مرۆڤی زیندوو یان مردوو. كە لەماوەی ٢٨ ربیع الاخر تاوەكو ٧ جمادی یەكەم هەمان ساڵ بەرامبەر بە ١٩-٢٨ ینایر ١٩٨٥ لەمەككە بەسترابوو بڕیارەكە بریتی بوو لە:

* وەرگرتنی ئەندامێك لە لەشی كەسێكی زیندوو و چاندنی لەكەسێكی تر بۆ مەبەستی ڕزگار كردنی ژیانی یان گەڕانەوەی فرمانی لەشی لەكاركەوتووە. كارێكی پەسەندەو گۆنجاوە ئەگەر مەرجی ئەوەی تێدا بێت كە كەسی بەخشەر زەرەرمەند نابێتو بەخشینەكەش هیچ بەرامبەری وەرنەگرێتو تاكە ڕێگە بێت بۆ چارەسەری كەسی دووەم بەم ڕێگەیە بێتو هەردوو كرداری بەخشینو چاندن كارێكی سادەبێت بۆ هەردوو كەسەكە.

* لەڕووی شەرعەوە جائزە ئەندامێكی لەشی وەربگیرێت وەك ئەوەی كە لەكەسێكی مردوو بۆ كەسێكی زیندوو دەكرێت بەمەرجێك پێش مردنی ئەم چەندەیە لای كەسی بەخشەرەوە ئاماژە پیٚ كرابێت.

١٥- بڕیاری ژمارە (١) ١٩٨٨/٨/٤ لە (مجمع الفقه الاسلامی)دا دەرچووە سەبارەت بە چاندنی ئەندامەكانی لەشی مرۆڤ لەكۆنگرەی چوارەم لە جدە بەڕێوەچووە. ئەم بڕیارانەی دەركرد كە ڕێگە دەدرێت بەسوود وەرگرتن لەئەندامەكانی لەشی مرۆڤ بەهەمان مەرجەكانی پێشتر كە باسمان كراون.

١٦- بڕیاری ژمارە (٥٦) ٦/٥ سەبارەت بەچاندنی شانەو مێشك کۆئەندامی دەمار. کە لەلایەن (مجمع الفقه الاسلامی) دەرچووە لەکۆنگرەی شەشەم لەجدە لە ٢٣ شعبان/ ١٤١١/ ١٤-٢٠/ ئازار (مارس) ١٩٩٠ ئەگەر بۆ بەدەستهێنانی شانەیەك یان رژێنێك بێت بۆ نەخۆشەکە ئەم چەندە تەواوە.

١٧- کۆنگرەی (مجمع البحوث الإسلامي) خولی سێزدەهەم لەقاهیرە مارسی ٢٠٠٩ کۆمەڵێك زانای پایەبەرز لەوێ ئامادەبوون لەسەرۆیی هەموویان دکتور محمد سید تەنتاوی سەرۆکی (مجمع الإسلامي) هەروەها دکتۆر یوسف قەرزاوی سەرۆکی یەکێتی زانایانی موسڵمانانو شیخ محمد رشید قبانی موفتی لبنان[1].

---

1- رواب جمال وطحطاح علال، نقل الأعضاء البشرية من الأموات إلى الأحياء بين الشريعة الإسلامية والقانون الجزائري.

# بەشی شەشەم
# گواستنەوەی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ لەڕووی شەرعەوە

## گواستنەوەی ئەندام لەکەسێکی مردوو بۆ کەسی زیندوو:

ئەوەی کە باسمان کردووە تائێستا بریتی بوو لەکرداری گواستنەوەی لەنێوان کەسێکی زیندوو بۆ کەسێکی زیندووە. بەڵام ئەوەی دەمانەوێت لەسەری بدوێین بریتییە لە گواستنەوەی ئەندامەکان لە کەسی مردوو بۆ کەسی زیندوو. بۆیە لێرەدا زیاتر مەرجی یاسایی و شەرعی دێتە ئاراوە. چونکە کەسی بەخشەر لێرەدا هیچ وجودێکی نییەو ئەم کردارەو یاری کردنە لەسەر لاشە ئەگەر لەوەسیەتنامەیدا نەهاتبێت ئەوا خۆی لەم چەندەیە بێ ئاگایە. بۆیە پێویست دەکات مافی ئەم کەسە چۆن بە زیندوو پاراستووە بەم شێوەش لەمردووی مافی پاراستنی هەبێت. هەرچەندە لەپێشتر لەسەر ئەم چەندەیە دواوین بۆیە لێرەدا دووبارە ناکەینەوە تەنها رای هەندێك زانایان شرۆڤەیان دەکەین کە لەگەڵ ئەوەدا بوون دەستکاری لاشەی مرۆڤی مردوو بکرێت لەداوی مردنی بەمەبەستی چارەسەری کەسی تر لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە رای هەموو زانایانی فیقهی نییە سەبارەت بەم دەستکاری کردنەی لاشەی مردوو.

وەك نموونەیەك کە زانایانی شەرعی زۆر لێ وردبووتەوەو مشتومری زۆری لەسەر هەیە کردارێکە کە لەدوای مردنی کەسێك دەکرێت دەستکاری لاشەی بکرێت؟ ئایا ئەگەر دەستکاری بکرێت بۆ چ مەبەستێکە؟ هۆکاری ئەو دەستکاری کردنە چییە؟

لەدەستپێکدا ئەوانەی کە دەستکاریان لێ دەکرێت بەرەزامەنی خۆی نییە، بەلاَم ئایا ڕەزامەندی کەسوکاریی لەسەرە؟ خۆ ئەگەر ڕەزامەندی کەسوکاری لەسەربێت ئایا ئەگەر خۆیی زیندوو بوایە بەم چەندەیە رازی دەبوو؟

دەستکاری کردنی لاشەی مرۆڤ لەدوای مردنیش بە چەند جۆرێك دەبێت کە هەر جۆرێکیان بەپێی کاتو ساتی کەسەکە دەگۆڕێت.

**جۆری یەکەم:** دەستکاری کردنە لەڕووی دەرەوەو ڕۆخساری کەسەکەیە ئەویش ئەگەر پیاو بێت زیاتر ئەم جۆرەی دەگرێتەوە، بۆ نموونە کەمکردنەوەی پرچو ڕیشو مۆیی بەگشتی کە ئەمەش مانای وانییە کە ئەم جۆرە کەسە بۆ شێوەی ڕاستیەکەی گەڕاندووتەوە، بەڵکو دەستکاری کردنە لەلاشەی کەسەکەی کە ئەگەر ویستی ئەویش بێت ئەوا دەچێتە ناو گفتوگۆیەکی شەرعی زۆر ئالۆزدا، بۆ نموونە لەهەر سێ ئایینە ئاسمانییەکاندا پیاوە ئایینەیەکانیانو فەیلەسوفە گەورەکان بەڕیشی گەورە ژیان دەبەنە سەر هەرچەندە ئەمە تەنها تایبەت بەئەوان نییە بەڵکو سونەتێکە کە خودای گەورە خۆی ئەمری کردووە بەم جۆرە بێت ئینجا لەدوای مردنی دەستکاری بکرێت ئەوا لە هەر سێ ئایینەکاندا ئەم چەندەیە قەدەغەیەو ناکرێت[1].

---

1- ئەم چەندەیە تێبینی دەکرێت لەلایەن هەندێك ئاینەکانی تر جگە لەئایینە ئاسمانییەکان، مەبەستی سەرەکیان بۆ ئەوەیە تاوەکو بە پاکی بگاتە لای خودا، بیروڕای تر هەیە کە دەڵێت: تاوەکو گوناهو تاوانی نەمینێ لەسەر دونیا، بیروڕای تر دەڵێت: تاوەکو لەدنیایی تر بەجوانترو باشتر بهێتەوە، ئەمەش دەچێتە ژێر چەتری بابەتێکی تری زانستی کە باس لەوە دەکات کە لەدوای دەرهێنانی لاشەی هەندێك کەس لەگوڕستان ڕیشو نینوکیان گەشەی کردووەو درێژبوونە. بەڕاستی ئەمە وانییە بەڵکو تاماوەیە لەوانەیە خانەکانی سەلکە موو خەرمانەی ڕەگی نینوك گەشەی کردبێت بەلاَم زیاد ئەم درێژبوونە بریتییە لەهەڵکشانو نەمانی لاشەی مردووەکەیە (ئەم بابەتە بەدرێژی باسم لێوە کردوو لەپەرتووکی (هەڵەی زانستی) کە هێشتان لە ئامادەکردنیدام).

ئەمەش ناچێتە ناو ناوەرۆکی بابەتەکەمانەوە وەك ئەوە وایە یەکێك لەشوێنێك بمرێتو بەبێ وەسیەتنامەی بگوازرێتەوە بۆ شوێنی تر کە ئەمەش زیاتر بڕیاری کەسوکاری مردووەکە دەبێت کە ئەوان وا بەباشتری دەزانن. سەبارەت بەو مەرجانەش کە پێویستە هەبن لەکاتی مردنی کەسێك دوای مردنی تایبەت مرۆڤی موسڵمان بریتی دەبێت لەمانەی خوارەوە هەروەك لە پێغەمبەری خودا دەگێرنەوە کە دەفەرموێت (اغسلوه بماء وسدر) کاتێك کەسێك مرد ئەمانەی لەگەڵ شوشتنی ئەنجام بدەن:-

١- شوشتنی بە سێ جار یان زیاتر.

٢- ژمارەی شوشتنەکە تاك بێت نەك کۆ.

٣- پاك بکرێتەوە بەجۆرێك لە پاککەرەوە وەك سابوون.

٤- دواجاری شوشتن بەبوونێکی خۆشی وەك گوڵاو.

٥- داهێنانی پرچی بەرێكو پێکی.

٦- پیاو پیاو بشواتو ئافرەتیش ئافرەت.

**جوری دووەم:** دەستکاری کردنە لەلاشەی مردوو بۆ چەند مەبەستێك :

- بۆ مەبەستی گواستنەوەو چاندنی لەکەسێکی تردا وەك ئەوەی کە لەپێشدا باسمان لێوە کردووە.

- بۆ مەبەستی بازرگانی کردن بەرێگەی نایاسایی.

- بۆ مەبەستی فرۆشتن بەرامبەر پارەو کارو شوێندا.

لەم جۆرەدا ئەو ئەندامانە دەگرێتەوە کە باسمان کرد کە لەتوانای گواستنەوەو چاندنی هەبێت لەکەسی تری پێویستدا. ئاینی ئیسلام بەچاوێکی بەرز سەیری مرۆڤەکان دەکات بەمردوویی هەروەك بەزیندویی بەڵگەش لەسەر ئەم چەندەیە هەروەك پێغەمبەری خودا فەرمویەتی (كسْرُ عَظْمِ المؤمن ميْتاً كَكَسرِهِ حياً)[1].

---

1- أخرجه أبو داود وابن ماجه وصححه ابن حبان.

لێرەدا جەخت لەسەر مافی مرۆڤی مردوو دەکاتەوە کە دەفەرمووێت شکاندنی ئێسکی مرۆڤی ئیماندار بەمردوویی هەروەك ئەوەیە کە بەزیندوویی شکێندرابێت، لێرەدا باس لە مافی کەسی زیندوو دەکات کە ناکرێت دەستکاری لێ بکرێت ئینجا کە مردیش ناکرێت ببێتە دەرفەتێك کە تازە ئەم کەسە تەواو رۆحی لەگیانیدا نەماوەو دەتوانرێت دەستکاری لەلاشەی بکرێتو سۆزو بەزەیی پێ نەباتو بێ رێزی بەرامبەری بکات.

ئاینە ئاسمانییەکان پەیامیان لەلایەن دروستکراوی ئەم گەردوونەو بوونەوەرەوە دەکەنە پاساو بۆ چۆنیەتی خزمەتکردنی مرۆڤەکان لەهەموو روویەکەوە بۆیە ئامۆژگاریکردنو رێنوینیکردنو سنوردانو قەدەغەکردنی هەر کارو کردەوەیەك ئەوان تەنها لایەنی بڕیاردەرو ئاگادارکەرەوەن، بۆیەش لە هەموو کارو کردەوەیەك زانایانی ئایینی هاوشێوەی پیاوانی یاساییو پزیشکان بەڵکو خەمخورترن تایبەت لەم مەسەلەیەدا چونکە ئەمە جۆرە خزمەتکردنێکە لەمرۆڤەکان کە ئەگەر هۆشداری ئەوان نەبێت ئەوا لەزۆر لایەنەوە ئەگەرچی زاناو پزیشکانیش بن ئەوا لەلایەنی فیقهیو تێگەیشتن لەمافی مرۆڤەوە تیدەکەون، بەڵگەش لەسەر ئەم چەندەیە ئەگەر تەنها لایەنی یاسای وەربگرین دەبینین لەهەر وڵاتێك بەجۆرێك یاسایەك دەردەچێت، کە زۆر جیاوازە لەوڵاتی تر لەلایەنی پاراستنو خزمەتکردنی مافی مرۆڤەوە لەگەڵ ئەوەی کە لەلایەنی تەنەتومی زانستی پزیشکی وەك یەکن، ئەگەر بپرسین بۆچی ئەم کارە دەکرێت ئەوا بەبێ یەك دوو بۆ خزمەتکردنی مافی مرۆڤە، بەلام ئەوەی جێگای پرسیارە لێرەو لەوێ هەمان مرۆڤن لەهەموو لایەکەی جەستەییو فەسلەجیەوە، بۆیە پێویستە لێرەدا ئاین کە پەیامی ئاسمانیە هاوکارو بڕیاری یەك لاکەرەوە بێت لەو مەسەلەیەدا، ئەگەرچی بیروڕای جیاوازیش دەبینرێت لەنێوان ئایینە ئاسمانییەکانو پیاوانی ئاینی کە لەدوایدا ئەم چەندەیە روون دەکەینەوەو هۆی ئەم جیاوازیەش بەبەڵگەوە دەیسەلمێنین، بۆیە سەرەتادا ئاینی ئسلامی پیرۆزدا باس دەکەین کە بۆ چەند کۆمەڵە دابەش دەبن. بوونی

ئەم جیاوازیەش هیچ مانایەکی نییە تەنها زیاتر هەستیاری بابەتەکەیەو بۆ ئاگاداربوون لەمافەکانی کەسی بەخشەرو وەرگر بکوڵنەوەو لەسنوەری خۆیدا دەرنەچن. لێرەشدا زانایان دەبنە چەند کۆمەڵە:

## کۆمەڵی یەکەم:

ئەم کۆمەڵەیە وای بۆی دەچوون ناکرێت ئەندامی لەشی مردوو ببڕێتەوە بۆ مەبەستی چارەسەری لەکەسی دووەمی زیندوودا، هەر کەسەو لاشەی خۆی رێگە پێنادەن بۆ ئەم چەندەیە لەوانە دکتور عبدالسلام السکریو شێخ أدم عبدالله[1]. هەروەها شیخ محمد متولی الشعراویو شیخ عبدالرحمن العدوی[2] جگە لەمە شێخ ئیبن باز دەڵێت: من لەگەڵ ئەوەدام کە کارێکی ڕاستو دروست نییە، چونکە ئەم کارە خودا خۆی بەخشیوە بەبەندەکەی نەك بۆ ئەوەی کە دەستکاری بکرێت هەروەها شێخ محمد صالح عوسەیمین گواستنەوەی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ بەکارێکی حەرام دەزانێت[3].

کومەڵەی یەکەم: ئەوانەی کە دەستکاری کردن لەلاشەی مرۆڤی مردوو بە هەموو جۆرێك ڕەت دەکەنەوە بەپشت بەستن بەم بەڵگانە:

١: پێغەمبەری خودا فەرمویەتی (كسْرُ عَظْمِ المؤمن ميْتاً كَكَسرِهِ حياً) واتە شکاندنی ئێسکی مرۆڤی ئیماندار بەمردوویی هەروەك ئەوەیە كە بەزیندوویی شکێنرابێت.

---

1- الدكتور عبدالسلام السكرى والشيخ أدم عبدالله على مجلة الفقه الاسلامي. الدورة الرابعة. العدد الرابع، الجزءالاول ص٤٢٥.

2- رواب جمال وطحطاح علال، نقل الأعضاء البشرية من الأموات إلى الأحياء بين الشريعة الإسلامية والقانون الجزائري ص٦.

3- بڕوانە: الكلام المنظم في بيان حكم التصرف بالأعضاء والدم، محمد فنخور العبدلي ص٣.

الحافظ ابن حجر دەڵێت: بەسود وەرگرتن لەم فەرمودەیە پاراستنی مرۆڤی بڕواداری مردوو وەك ئەوەی دەبێت کەوا زیندوو وابووە[1] لەریوایەتی ابن ماجە (كسر عظم الميت ككسر عظم الحيّ في الإثم)[2].

٢: هەروەها ابن مسعود دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خودا کە فەرمویەتی: (أذى المؤمن في موته كأذاه في حياته)[3] واتە ئەزیەتی کەسی مردوو وەك ئەوە وایە کە بەزیندوویی ئەزیەتی دابێت.

٣: هەروەها لەفەرمودەی تردا هاتووە کەوا عائیشا ڕەزای خوای لەسەربێت دەگێڕێتەوە کەوا پێغەمبەر( d ) فەرمویەتی (لا تَسُبُّوا الأَمْوَاتَ فَإِنَّهُمْ قَدْ أَفْضَوْا إِلَى مَا قَدَّمُوا)[4] لێرەدا باس لەجۆرێکی تری مافی کەسی مردوو دەکرێت کە نابێت قسەی نارێك جنێویشیان پێ بدەن مەبەستی سەرەکی لەو هەموو فەرموودانە بۆ ئەوەیە تا رێز لە کەسی مردوو بگیرێتو کە ئەوەی وابێت کەوا زیندوویە، چونکە ئەگەر زیندوو بوایەو ئامادەبوایە ئەوا نەدەتوانرا ڕووبەڕوو ئەم قسەو کردارانە بەرامبەری ئەنجام بدەی، هەمان مەسەلە ئەگەر زیندوو بوایە نەدەکرا دەستکاری لەلاشەی بکەیتو کرداری بڕینو گواستنەوەی ئەندامەکانی ئەنجام بدرێت چونکە بەویستو ئاگاداری ئەو نەبووە ئینجا بگوازرێتەوە بۆ کەسێك ئەو کەسی دووەم نییەو خزمو کەسوکاری نییە بۆ کەسێك کە لەوانەیە نایناسێتو پێی خۆش نەبووبێت لەکاتی زیندوویدا، لەفەرمودەیەکی تردا

1- بروانە: فتح الباري: ١١٣/٩.
2- سنن ابن ماجه ٥١٦/١.
3- رواه ابن أبي شيبة في المصنف. وأخرج سعيد بن منصور عن ابن مسعود( c ): أنه سئل عن الوطء على القبر فقال: كما أكره أذى المؤمن في حياته فإني أكره أذاه بعد موته: واتە ناكرێت لەسەر گۆڕێك دابنیشی چونكە ئەمە كەمكردنەوەو ئەزیەت دانیەتی.
4- رواه البخاري والنسائي وأحمد.

هاتووه كەوا ابن حبان له زياد كوڕی علاقـه دەگێرێتـەوه كـەوا گـوێی لـەموغيرەی كـوڕی شوعبه بووه كەوا پێغەمبەر( d ) فەرموويەتی (لا تسبوا الأموات فتؤذوا الأحياء)(1).

٤: سـەبارەت بـەمافێكی تـری كەسـی مـردوو لەفەرموودەيـەكی تـردا هـاتووه كـه پێغەمبەری خودا زياتر ويستويەتی ئاگادارمـان بكاتـەوه تـاوەكو رێـز لـه كەسـی مـردوو لاشەی بگرين دەفەرموێت (لأن يجلس أحدكم على جمرة فتحرق ثيابه فـتخلص إلى جلـده خير له من أن يجلس على قبر)(2) واته دانيشتنی ئێوه لەسـەر ئاگرێك سـووتانی پێـستی باشتره لەدانيشتنی ئێوه لەسەر گۆڕێك. ئەمـه تـەنها دانيـشتنی لەسـەر گۆرەكـەی ئـەی ئەگەر دەستكاری بكرێت لەلاشەی كه خۆی مردووەو بێ ئاگايه لەم چەندە، بەڵام لێـرەدا زياتر مەبەستی ئەم فەرموودەيه بەكەم زانينی مردووەكـه نـەبێت كـه لەسـەری دابنيـشی يـان كەمكردنـەوەو تولّـه سـەندنەوه چـونكه لـەكاتی نـەزانين ئەمـه ئـەم فەرموودەيـه ناگرێتەوه، پاشان دانيشتن لەسەر گوڕی كەسێكی مردوو هيچ سودێكی نييه وەك ئەوەی كه لەشـوێنێكی تـر دابنيـشی، بەبـەراورد لـه سـود وەرگـرتن لـه ئەنـدامو شـانەی لەشـی مردووەكه ئەگەر بەڕەزامەندی ئەو يان كەسوكاری بێت.

٥: لێـرەدا كـه بـاس لـەمافی كەسـی مـردوو دەكـەين بەبەڵگـەی فـەرموودەكانی پێغەمبـەری خـودا( d ) ئـەوەمان بـۆ روون دەبێتـەوه كـەوا پێويـسته زۆر ئاگـاداربين لەدەستكاری كردنی لاشەی كەسی مردوو هەروەها به كـەم نـەزانينیو كـەم نەكردنـەوەو نه بڕينـی لاشـەو دەسـتكاری نـەكردنی ئينجـا شوشـتنو كفـن كـردن شـاردنەوەی دواتـر دەرنەهێنانی لەگوڕەكەی تەنها به هەندێك مەرج نەبێت كـه وەك ئـەوەی كـه پێغەمبـەری خودا لەم بارەوه دەفەرموێت (لعن الله المختفی) واته لەعنەت لەو كەسانه بێت كه مـردوو

---

1- بڕوانه: صحيح ابن حبان: ٣٠٢٢.

2- ئەبوو هورەيره ريوايـەتی كـردووه: أخرجـه مـسلم (٦٢/٣) وأبـو داود (٧١/٢) والنـسائي (٢٨٧/١) وابن ماجه (٤٨٤/١) والبيهقي (٧٩/٤) وأحمد (٣١١/٢) والرواية الأخرى إحدى روايته (٥٢٩/٢).

لەگۆڕ دەردەهێنرێت. دوا فەرمودە لەسەر مافی کەسی مردوو (ما أطيبك وأطيب ريحك ما أعظمك وأعظم حرمتك والذي نفس محمد بيده لحرمة المؤمن أعظم عند الله حرمة منك ماله ودمه وأن نظن به إلا خيراً) فەرموودەی پێغەمبەرە سەبارەت بە کەسی مردوو لە عبدالله بن عمر گێراوەتەوە[1].

٦: لە هەر چوار مەزهەبە کۆنەکان باس لەوە ناکرێت کە دروستە کرداری گواستنەوە ئەنجام بدرێت لە کەسی مردوو بۆ کەسی زیندوو، بەڵگەش بۆ ئەم چەندەیە ئیمامی شەیبانی دەڵێت: لە مەزهەبی حەنیفەدا هاتووە (لا بأس بالتداوي بالعظم إذا كان عظم شاة أو بقرة أو بعير أو فرس أو غيره من الدواب، إلا عظم الخنزير والآدمي فإنه يكره التداوي بها) ڕێگە دەدات بەچارەسەر کردنی بەئێسکی گیاندارێکی پاك نەك وەك بەرزاو مرۆڤ کە پیسەو ناکرێت چارەسەری پێ بکرێت. هەروەها ئیمامی ڕەملی دەڵێت: لەمەزهەبی شافیعیدا هاتووە (يحرم قطعه البعض من نفسه لغيره ولو مضطرا... كما يحرم أن يقطع من غيره لنفسه من معصوم) ناکرێت بە هەردوو جۆر ئەم کردارە ئەنجام بدرێت لەخۆی بۆ خۆدی لەشی ئەگەر زۆریش زەرور بێت هەروەها لەکەسێك بۆ یەکی تر، هەروەها بن حاجی مالیکی لە مەزهەبی مالیکی دەڵێت: (والميت يتأذى مما يتأذى منه الحي ذلك أن حرمته كحرمة الحي حيال حياته) مردوو وەك ئەوەی کە بە زیندوو ئەزیەتی دەدرێت لە مردوویەتی بەهەمان شێوەیە، هەروەها شێخی پایە بەرز بەهوتی دەڵێت: لە مەزهەبی حەنبەلی داهاتووە (لا يجوز التداوي بشيء محرم، أو بشيء فيه محرم ولا بشرب مسكر لقوله( d ) "لا تتداوو الحرام") واتە ناکرێت شتی حەرام بەکاربهێنرێت بۆ مەبەستی چارەسەری هەروەك کحول وەك نموونە)[2].

---

1- رواه ابن ماجة وصححه العلامة الألباني في صحيح الترغيب ٦٣٠/٢.

2- رواب جمال وطحطاح علال، نقل الأعضاء البشرية من الأموات إلى الأحياء بين الشريعة الإسلامية والقانون الجزائري- ص٦.

٧: بە پشت بەستن بەم ئایەتە کە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَآمُرَنَّهُمْ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ اللَّهِ﴾ شیخ سقاف وەلاَمی شیخ مصطفی زرقا دەداتەوە کەوا ناکرێت ئەم کردارە ئەنجام بدرێت چونکە ئەمە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە خەلقی خودا. چونکە ئەمە دەستکاری کردنە وەك شەیتان خۆی دەڵێت: من فەرمانیان پێ دەکەم کەوا دەستکاری خەلقی خودا بکەن.

٨: بەپشت بەستن بەم فەرموودەیە لای هەندێك زانایان بەکارێکی باش نازانن کاتێك کە پێغەمبەری خودا( d ) دەفەرموێت بەگوتەی ئیمام نەوەوی ئەم کارەی حەرام کردووە هەروەها ئەبی جەعفەری تەبەری لە ئیمام قورتوبیەوە دەگێرێتەوە کەوا دەرهێنانو لەناوبردنی ددانی زیادو لەکەداردانی ددان بەباشی نازانێت قازی عەیازیش بڕینی پەنجەی زیادە بەکارێکی نارەوا دەزانێت مەگەر هەست بە ئێشانی بکات.

٩: هەر بەهەمان فەرموودەی پێشتر لەسەر ئەم چەندەیە فەرموودەیەکی تر هەیە کە هەندێك زانایان پشتیان پێ بەستووە وەك: عن أسماء بنت أبي بكر رضي الله عنها قالت: جاءت امرأة إلى النبي( d ) فقالت: يا رسول الله إن لي ابنة عُرَيِّسًا أصابتها حصبة فتمرق شعرها أفأصله؟ فقال: "لعن الله الواصلة والمستوصلة"[1] ئەسمای کچی ئەبووبەکر رەزای خودایان لەسەر بێت دگێرێتەوە کاتێك کە ئافرەتێك هاتە لای پێغەمبەری خودا( d )و لێی پرسی من کچێکم هەیەو ئێستا بووکە بەلاَم تووشی نەخۆشی پرچ وەرین بووە ئایا دەتوانم پرچێکی بۆ دابنێم، ئەویش فەرمووی لەعنەتی خودا لەو کەسەبێت کە دایدەنێتو ئەوەی بۆی دابنێت هەرچەندە توانیویەتی سود لەم بەشە وەرگیرێت بەلاَم نەیهێشتووە.

١٠: لەفەرموودەیەکی تردا هاتووە کە ئیبن عەباس دەگێرێتەوە لە پێغەمبەری خودا کە دەفەرموێت (لا ضرر ولا ضرار) بەڵگەیە ئەگەر زیان بەکەسێك کەوت لە بەکارهێنانی ئەندامێکی لەشی ئەمە دەچێتە ناو بورای حەرامو قەدەغەوە.

---

1- صحيح مسلم (٢١٢٢).

١١: پشت بەستن بەوەی کەوا مرۆڤ موڵکی خۆی نییە موڵکی خودایە بۆیە بۆی نییە دەستکاری لەلاشەی خۆی بکات یان لەلاشەی کەسێکی تر (ئەگەر پزیشك) بوو یان بکاتە وەسیەتنامە لەدوای مردنی یاخوت بفرۆشێت.

١٢: لەدوای مردنی یان لە زیندوویی ناکرێت مرۆڤ ئەندامێکی لەشی بفرۆشێت. قورتوبی لەو بارەوە دەڵێت: اتفق العلماء على أن الدم حرام، نجس، لا يؤكل، ولا يُنْتَفَعُ به"؛ زاناکان کۆکن لەسەر ئەوەی کەوا خوێن حەرامەو پیسەو ناخورێتو سودی لێ وەرناگیرێت بەپشت بەستن بەو ئایەتانە ﴿إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنْزِيرِ﴾(1) ﴿حُرِّمَت عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ والدَّمُ﴾(2)

هەروەها لەفەرموودەی ئەبی جوحەیفە کە بوخاری ریوایەتی کردووە لە پێغەمبەری خودا دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی (نهى رسول الله ( d ) عن ثمن الدَّمِ، وثمن الكلب، وكسب الأمة، ولَعَنَ الوَاشِمَةَ والمُسْتَوْشِمَةَ، وآكل الربا وموكله، ولعن المصور) حافظ ابن حجر: دەڵێت "مەبەست لە نرخی خوێن حەرامە واتە لەکاتی حیجامە کردن (خوێن بەردان) لەلایەکی تر واتە حەرامە خوێن بفروشێت وە لەبەرامبەردا پارە یان شتێك لەبەرامبەری وەربگریت.

## کۆمەڵەی دووەم:

ئەوانەی کە چەند مەرجێکیان داناوە بەهۆیەوە بڕیاریان داوەو کۆکن لەسەر ئەوەی کە دەتوانرێت بە پشت بەستن بە هەندێك بەڵگە دەستکاری لەلاشەی کەسی مردوودا بکرێت لەکاتی پێویستدا واتە دەکرێت ئەم نەشتەرگەریە ئەنجام بدرێت، بەڵام بەم مەرجانەی خوارەوە.

---

1- البقرة: ١٧٣.

2- المائدة: ٣.

١- کەسی وەرگر خوێنی پاك بێت (معصوم الدم).

٢- هیچ بەدیلێك نەبێت جگە لە ئەندامی لەش لە کەسێکی تر واتە ئەمە تاکە رێگەی بێت.

٣- بوونی وەسیەتنامە لە لایەن مردووەکە یان کەسی بەرپرس لەم کەسەی مردوو[1].

## کۆمەڵەی سێیەم:

دەکرێت ئەم چەندەیە ئەنجام بدرێت بەڵام بە دوو مەرج:

١- کەسی وەرگر زۆر چەوساوەو پێویست بێت.

٢- ئەگەر کەسی مردووەکە لەوەسیەتنامەکەیدا هاتبێت. یان کەسی میراتگریدا رەزامەندی لەسەر دابێت ئەگەرنا ئەوا لەلایەن دەسەڵاتی شەرعەوە سزا دەدرێت.

## کومەڵەی چوارەم:

بەدەستهێنانی ئەندامی بڕاو لەڕێگەیەکی شەرعی بێت ئەوا دەکرێت ئەم چەندە ئەنجام بدرێت. هەروەك د.محمد سعید رمەزان بوتی بۆی چووە[2]. بەمەرجێك:

پێویستە میراتگیری کەسەکە بڕیار لەسەر بدات. ئەگەر ئەم مردوە هیچ میراتگیری نەبێت ئەوا دەتوانرێت بە پارە لە کەسی بەرپرسو سەرپەرشتیار لە ناشتنی مردووەکە وەربگیرێت.

## کۆمەڵەی پێنجەم:

دەکرێت ئەم نەشتەرگەریە ئەنجام بدرێت بە مەرجێك هیچ وەسیەتنامەیەك نەبێت تایبەت بە مردووەکە کە خۆی داوای کردبێت دەستکاری لەلاشەی دانەکرێت. ئەگەر

---

1- الدكتور حسن علي الشاذلي. مجلة الفقه الاسلامي. المصدر السابق ص٢٦٣.

2- الگزني. د.محمد احمد مصطفى- حكم نقل وغرس الاعضاء البشرية في الفقه الاسلامي والقانون- دراسة مقارنة نقلا عن د.محمد سعيد رمضان البوطى- ص٢١٢.

ئەمە نەبێت ئەوا دەکرێت لە میراتگیری بڕیاری لێ وەربگیرێت یان ئەگەر کەسی نەبوو. ئەوا دەسەڵات بۆی هەیە بڕیار بدات بەپێی پێویست لە بڕینی هەندێك لە ئەندامەکانی لەشی لەوانەش دکتور (یوسف قەرزاوی) بۆی دەچیت[1].

**کۆمەڵەی شەشەم:**

دەکرێت ئەگەر بریاری پزیشکی لەسەر دەربچێت کە سودی هەیە ئەگەر بگوازرێتەوە. هەروەك شێخ جاد الحق بۆی چووە[2]. کەواتە هەروەك لە گواستنەوەی ئەندامەکان لەکەسێکی زیندوو بۆ زیندوو زانایان کرابوون بۆ دوو کۆمەڵەوە. ئەوانەی کە پەسەندنیان کردووە ئەوانی تر پەسەندنیان نەکردووە. وەك دەبینین لێرەدا هەمان شتە دووبارە بوتەوە واتە کراون بەدوو کۆمەڵە. ئەوانەی کە رازی نین بە ئەنجامدانی ئەم نەشتەرگەری پشتیان بەستووە بەم چەند بەڵگانای خوارەوە:

لەئایەتێکدا لەقورئانی پیرۆز خودای گەورە دەفەرموێت ﴿s t u﴾[3]. واتە لەدوای مردنی یەکسەر بشاردرێتەوە بۆیە پێویست دەکات لەدوای مردنی هەموو لاشەی بشاردرێتەوە. کەواتە بڕینی ئەندامێکی لەشی مانای ئەوەیە کە هەموو ئەندامەکانی لەشی نەشاردراوەتەوە ئەمەش ناکرێت. بەڵام ئەم ئایەتە پیرۆزە باس لەم چەندە ناکات کە پێویستە لاشەی کەسەکە بە تەواوەتی وەکو خۆی بشاردرێتەوە.

---

1- الگزني- د.محمد احمد مصطفى- حكم نقل وغرس الاعضاء البشرية في الفقه الاسلامي والقانون- دراسة مقارنة نقلا عن الدكتور يوسف القرضاوي- فتاوى معاصرة ٢/٥٣٥-٥٣٧.

2- الگزني- د.محمد احمد مصطفى- حكم نقل وغرس الاعضاء البشرية في الفقه الاسلامي والقانون- دراسة مقارنة نقلا عن الشيخ جاد الحق- الفقه الاسلامب مرونته وتطوره ٢٥٢.

3- سورة- عبس- الاية ٢١.

له (تفسير كلمات القرآن)دا هاتووه كه وشەی ( U ) واتە یەکسەر لەدوای مردنی بشارنەوە وەك رێزگرتنێك بۆ مردووەکە، هەروەها لەشرۆڤەی (الجلالين)دا هاتووە واتە لەدوای مردن بشارنەوە هەروەها لە (القرطبي)دا هاتووە (لەدوای مردنی لەناو گۆردا بشارنەوە وەك رێزگرتنێك بۆی).

بەڵام لێرەدا هەموو کەسێك لەماوەی درێژی ژیانیدا وەك خۆی نامێنێتەوە لەوانەیە لەچەندین رووداو شەرو کارەساتدا ئەندامێکی لەشی لەدەست دابێت بۆ نموونە کەسێك ئەندامێکی لەشی لەدەست داوە ئەوا ناکرێت بەدوای ئەندامەکەدا بگەڕێت. هەروەها باس لەوە ناکات کە ئەگەر ئەندامێکی لەدەست داوە یان نیوەی لەشی سوتاوە ئەوکات مەسەلەکە چی لێدێت؟ بەڵام زیاتر مەسەلەکە بۆ ئەوەیە کە زوو بشارنەوە تابگاتە پاداشتی خۆی کە ئەگەر موسڵمانە وەك لە فەرموودەیەکادا هاتووە کە مرۆڤی بروادار خۆی داوا دەکات کە زوو بشارنەوە تا بگاتە ئەو شوێنەی کە دەیبینی هەروەها بێ بڕواداریش بەپێچەوانەوە. ئەم چەندەیەش لە لەشی رویداوە بەگوێرەی پێوست بووە یان بەدەست خۆیو ویستی ئەو نەبووە. بەڵام هەر چونێکیش مردوو بێت پێویستە هەروا بنێژرێت چونکە دوای ئەوە دەچێتە ژێر ئەو چەترەی کە لەفەرمودەیەکدا پێغەمبەری خودا فەرمویەتی (كسر عظم الميت ككسره حياة). لەم فەرمودەیەدا ئەوەمان بۆ روونده‌کاتەوە کە دەستکاری کردنی لاشەی مردوو وەك ئەوەیە کە بە زیندوویی دەستکاری کراوە. ئینجا شکاندنی ئێسك لە مردوو و لە زیندوو هیچ جیاوازییەکی نییەو دەست تێوەردان بەتاوانێکی گەورە دادەنرێت. بۆیە خودای گەورە رێزی لە مرۆڤی مردوو گرتووە هەروەك لەزیندووی گرتووە[1].

هەرچەندە ئەم فەرموودەیە مەبەستی سەرەکی ئەوەیە کە کەم بۆ لاشەیەکی مردوو دانەنرێتو رێزی لێ بگیرێت هەر وەك ئەوەی کە بەزیندوویی رێزی لێ گیراوە، پاشان

---

1- الدكتور احمد فهمي ابو سنة مجلد المجمع الفقهي الاسلامي- العدد الاول- السنة الاولى ص٥٣.

ناکرێت لاشەی مردوو ببڕێتەوە بەمەبەستی تۆڵەسەندنەوە. ئەگەر لەوەسیەتنامەکەیدا هاتبێت کە ئەندامەکانی ببەخشرێت ئەوا ناکرێت پشتی پێ ببەسترێت. چونکە لەمەرجەکانی وەسیەتنامە پێویست دەکات وەسیەت لە بەخشینی شتێك بکات کە موڵكو سامانی خۆی بێتو بۆی هەبێت ئەم چەندەیە ببەخشیت. ئەوکات وەسیەتنامەی جێبەجێ دەکرێت، بەڵام مرۆڤ مولکی خۆی نییە تاوەکو بتوانرێت ببەخشێتە کەسێکی تر بەڵکو مولکی خودایەو خۆی تەسەروفات لەموڵکی خۆی دەکات. هەروەها لەمەرجەکانی وەسیەتنامەدا هاتووە کە پێویستە بەرەو گوناه نەبێت هەروەك لێرەدا تێبینی دەکرێت کە تێکدانو تەشویە کردنی لاشەی مرۆڤەکانە[1]. لەئەنجامدا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە. کە پێویست دەکات هەرکاتێك دەستکاریەك لەلاشەی مردوو بکرێت پێویستە دوور نەبێت لەمەرجەکانی کە بۆی دانراونو هەرکارێك کە ئەنجام دەدرێت بەمەبەستی سوود وەرگرتن بێت لە ئەندامێکی لەشی بۆ کەسێکی تری زیندوو. چونکە پێویستی بە ئەندامەکانی لەشی کارێکی زۆر پێویستە ئینجا ئەگەر پەسەندیش نەبێتو جێگای گومان بێت. ڕزگار کردنی ژیانێکی تاکە کەسێك گەورەترە لە تاوانی بڕینی ئەندامێکی لەشی کەسێکی مردووە[2].

لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر لەحاڵەتی پێویستدا بکرێت مرۆڤ ئەندامی لەشی بخوات بەهەمان شێوە کە بەمەبەستی رزگارکردنی خۆیەتی لە مردن. بۆیە دەکرێت بەهەمان مەبەست لە کەسی مردوو بۆ زیندوو سودی لە لاشەی وەربگرێتو هەروەك یەکە[3]. نەمانی کەسێك واتە بە مردووی لەئەنجامدا ئەو لاشە دەبێتە خاكو نامینێت. بۆیە سودی

---

1- ابن قدامة المغنى ١١-٧٩-٨٠-، شرح منتهى الارادات ٣-٢٨١- الزركشى. خبايا الزوايا ص٤٠٥.

2- الدكتور عبدالسلام السكري المصدر السابق- ص٢١٦-٢١٧.

3- الگزني- د.محمد احمد مصطفى- حكم نقل وغرس الاعضاء البشرية في الفقه الاسلامي والقانون- دراسة مقارنة نقلا عن الشيخ جاد الحق- المصدر السابق ص٢٥٢-٢٥٣.

لێ وەربگیرێت بۆ کەسێکی ترو ژیانێکی درێژتر بۆ کەسی تر ئەمە کارێکی مرۆڤانەیە[1].
ئەمەش دەبێتە بەڵگەیەك بۆ ئەو کۆمەڵەیە بۆیە پشتی پێ دەبەستن هەمووشیان لەوە تێدەگەن کە مەبەستی سەرەکی بریتی دەبێت لە ڕزگارکردنو خزمەت کردن بەکەسی تر.

## کومەڵەی حەوتەم:

لەم فەرموودەی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت کە دەفەرموێت: "من فرج على مؤمن كربة من كرب الدنيا فرج الله عليه كربة من كرب الآخرة". لێرەدا بەکارێکی هەرەوەزیو هاوکاری کردن دەژمێردرێت لای ئەم کۆمەڵە زانایانە واتە لەدوای مردنی کەسێك ئەگەر بتوانن بەرەزامەندی کەسوکاری سود لە ئەندامێکی وەربگێرێت باشترە نەك خاك بخوات.

## نۆیەم:

لەکاتی مردنی کەسێك ئەگەر پێویست بوو ئەوا دەتوانرێت بەپێ پێویست دەستکاری بکرێت بۆ نموونە مردنی دایکێکی سك پڕو منداڵی لەناو لەشیدا ساغ بێت ئەوکات پێویستە دەستکاری لاشەی ئافرەتەکە بکرێت ئەمەش بۆ ڕزگارکردنی کەسێکی تری زیندووە کە بریتییە لە کوڕەکەی. بۆیە ئەمە دەبێتە بەڵگەیەکی بەهێز بۆ ئەوانەی کە ڕێگە بەم کردارە دەدەن چونکە ئامانج لەو کردارە ڕزگارکردنی ژیانی کەسێکی ترە، هەر چەندە لێرەدا لەکرداری گواستنەوە لەکەسی مردوو ئەو پێویستی بەو ئەندامە هەیە، کەچی منداڵەکە هیچ پێویستی بەشتێك نییە بەڵام هەر رزگار دەکرێت. بەڵام ئەمە بەڵگەیە کە کەسی زیندوو باشترە لە مردوو وەك زۆربەی زانیان بۆی دەچن.

---

1- دکتور حسن علي الشاذلي- المصدر السابق- ص٢٦٢.

شێخ عز بن عبدالسلام دەڵێت (ڕزگارکردنی ژیانی منداڵی زیندوو ناوسکی دایکی مردوو گەورەترە لەدڕاندن بڕینی سکی دایکی)[1]. لەمەزهەبی حەنیفەدا هاتووە: کاتێك دایکێکی سکپڕ مردو کورپەلەیەکی زیندوو لەناو لەشیدا هەبووە. لە مەزهەبی ئیمام حەنیفەدا هاتووە (ئافرەتێکی سکپر مرد، منداڵێکی لەناو سکیدا بوو کە هێشتان زیندووە، لەلای چەپی سکی دەدڕێنرێت، منداڵەکەی دەردەهێنرێت، بەپێچەوانەوە ئەگەر منداڵەکە مرد لەناو سکی دایکی)[2] لەفیقهی مالکیدا: دەکرێت سکی یەکێك کە پارەی قوت دابێت لەکاتی زیندوویی هی یەکی تر دەربهێنرێت ئینجا هی خۆی بێت پارەکە یان هی کەسێکی تر، ناکرێت کورپەلە دەربهێنرێت کە بزانێت ژیانی کورپەلەکە مسوگەر نییە، هەروەها لەفیقهی شافعیدا هاتووە: دەکرێت لەدایکی مردوو سکپر ئەگەر منداڵەکە زیندوو بێت ئەو کورپەلەیە دەرهێنرێت، چونکە دەرهێانی بەشێکی زیندوو لە بەشی لاشەی مردوو وەك ئەوە وایە پەنا ببردرێتە بەر جەستە مردوویێك بۆ خواردن لەکاتی زۆر پێویستدا، ئەمە ئەگەر ژیانی کورپەلە زۆر ئاسایی بوو، بەلام ئەگەر ژیانی کورپەلە مسوگەر نەبوو ئەوا ناکرێت دەرهێنرێت وەپێویستە لێ بگەرێن تادەمرێت ئەوکات بشاردرێنەوە[3].

---

1- بروانة زراعة اعضاء الانسانية فی جسم الانسان لمحمد رشيد قبانی لاپەڕەی ٦٥.

2- حاشية ابن عابدين (رد المحتار على الدر المختار) ٢/٢٣٨-٢٣٩.

3- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

# بەشی حەوتەم

# یەکەی یەکەم

# گواستنەوەی ئەندامەکانی لەش لە گیانەوەرانەوە بۆ مرۆڤ

لێرەدا پەیوەندی لەنێوان مرۆڤ و گیانەوەران لەسەر بنەچەی سوود وەرگرتن لەئەندامەکانی لەشی گیانەوەرانو گواستنەوەی بۆ مرۆڤ بابەتەکە تاڕادەیەك دەگۆڕێت بەرەو پرسیارێكو بابەتێکی زانستی کە لایەنی ئایینی تاڕادەیەك دوورە پەرێزە، بەڵام دوای ئەوەی کە زانایانی شارەزا لەم بوارە ئەم کردارەی ئەنجامدا بەشێوەی سەرکەوتوو لەنێوان هەندێك گیانەوەرانو مرۆڤدا زانایانی ئایینیو فیقهی ئیسلامی بەپشت بەستن بە هەندێك بەڵگە لەئەنجامی لێکوڵینەوە لەم مەسەلەیە بڕیاری سنووردانانو مەرج دانان بۆ ئەم کردارە دۆزیانەوە. هەروەها رێکخراوی پاراستنی مافی ئاژەلان بڕیاریاندا کە ئەم کردارەی ئەنجام نەدرێت ئەگەر زۆر گرنگ نەبێتو بڕیاری پزیشك نەبێت.

منظمة
الصحة العالمية

بيان صادر عن المشاورة الخاصة بزرع الأعضاء غير البشرية

جنيف، ١٨–٢٠ نيسان/ أبريل ٢٠٠٥

زرع الأعضاء غير البشرية: الآمال والهواجس

يعتبر زرع الأعضاء علاجاً مفضلاً بالنسبة إلى كثير من الأمراض الخطيرة، ولكن نقص الأعضاء والأنسجة والخلايا البشرية المتاحة يحد منه بشدة. ويعد زرع الأعضاء غير البشرية حلاً ممكناً لهذه المشكلة. ويعرف زرع الأعضاء غير البشرية بأنه زرع الخلايا أو الأنسجة أو الأعضاء الأجنبية الحية، وسوائل الجسم أو الخلايا أو الأنسجة أو الأعضاء البشرية التي تماست وهي خارج جسم الإنسان مع هذه المواد الأجنبية الحية، أو غرسها أو غرزها في جسم الشخص المتلقي.

لێرەدا بەپێویستی دەزانم باس لەبڕیاری رێکخراوی تەندروستی جیهانی بکەم چونکە لێرەدا باس لە مافی مرۆڤ مافی گیانەوەران دەکات بەمانایەکی تر پەیوەندی دروست بوو لێرە لەنێوان مرۆڤ و گیانەوەراندایە، ئەم رێکخراوە جیهانییە کرداری چاندی ئەندامەکان بەرێگە چارەسەریەکی گرنگ دادەنرێت بۆ زۆر لەنەخۆشیە ترسناکەکان، بەڵام نەبوونی شانەو ئەندامی لەشی مرۆڤ بۆ ئەم کارە تارادەیەك بۆیتە کێشەو رێگر بۆیە بیر لەوە کراوەتەوە کە پەنا ببرێت بەر خانەو شانەو ئەندامی گیاندارانی تر بۆیە ئەم کردارە چوە واری جێبەجێ کردنەوەو تاوەکو ئێستاش لە زۆر بوارەوە لێی سوودمەند بوونە، بەڵام تاسەر نابێتو رووبەڕووی هەندێك گرفت دەبنەوە وەك ئەوەی کە لەم بڕیارەی رێکخراوی ناوبراودا هاتووەو ئاماژە بە سێ کێشەی سەرەکی دەکات لەکاتی ئەنجامدانی کرداری گواستنەوە چاندنی خانەو شانەو ئەندامی لەشی گیانەوەران بۆ مرۆڤ بەمەبەستی چارەسەری لەوانیش: ئەندامی چێندراو ناتوانیت هەمان فرمان بەتەواوەتی ئەنجام بدات لەڕووی فەسلەجیەوە ئەمەش واتە نەبوونی چارەسەریەکی تەواو بۆ نەخۆشەکە، هەروەها رەتکردنەوەی ئەندامو خانەو شانەی چێندراو لەلایەن لەشەوە بەهۆی بوونی بەرگری ئەمەش کێشەیەکی سەرەکی رێگرە لەبەردەم ئەم کردارە هەروەها گواستنەوەی نەخۆشی ترسناك لەگیانەوەرەکە، هەرچەند تاوەکو ئێستا ئەم چەندەیە لەکاتی گواستنەو تێبینی نەکراوە وەك ئەوەی کە لەبەیاننامەکەدا هاتووە، بەڵام بەهۆی بوونی هەندێك نەخۆشی ڤایروسی کە کەس رێگری لێ ناکات یان بوونی هەندێك جۆری هەورکدنی ئەندامەکە وای کردووە کە بگوازرێتەوە بۆ مرۆڤ ئینجا لەوێش زۆر بەئاسانی دەگوازێتەوە بۆ کەسانی ترو بڵاوبوونەوەی کارێکی ئاسانەو ئەنجامەکەشی زۆر ترسناکە هەرچەندە لەهەندێك جۆری تری گواستنەوەدا توانراوە سوود لە هەندێك خانەو شانەی لەشی مێشك وەربگیرێت بۆ چارەسەری خانەی پێستی لەشی مرۆڤ لەکاتی سوتانی پێست، بەواتایەکی تر واتە دەتوانرێت تەنها بۆ دەرەوەی لەش سود لەو ئەندامانەی لەشی گیانەوەران وەربگیرێت، لەلایەکەوە تارادەیەك ئەمە باشترە وەك لە ئەندامەکانی تر هەرچەندە بەڕای من ئەگەر لەهەر شوێنیکی لەشی مرۆڤ بێت کە لە خانە

پێك هاتبێت ئەوا وەك یەکە چونکە ئەگەر نەخۆشیەکی هەڵگرتبێت ئەندامی گواستراوەکە ئەوا زۆر بەئاسانی بۆ ناوەوەی لەشیش دەگوازرێتەوە. ئەوەی کە لێرەدا باس دەکات تەنها کاریگەری دەروونی خراپە بۆ سەر کەسی وەرگرەکە واتە لەڕووی دەروونییەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەریەکی دەروونی کەوا هەڵگری ئەندامی گیانەوەرێکە، ئەگەرنا ئەندامی لەشی گیانەوەران وەك سەرچاوەیەکی زیندوویی بەهێزە بۆ ئەم کردارە.

بەپێی بڕیاری (ج ص ع ٥٧-١٨ لەساڵی ٢٠٠٤) تایبەت بەڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، تێدا هاتووە کەوا ناکرێت ئەم کردارە ئەنجام بدرێت مەگەر لەکاتی زۆر پێویستدا نەبێتو لەژێر چاودێریەکی توندی دەسەڵات نەبێت، بۆیە داوایان کردووە لە بەڕێوەبەری گشتی رێکخراوەك کە پاڵپشتی ئەو وڵاتانە بکات کە کرداری گواستنەوە چاندن ئەنجام دەدەن لەگەڵ رەچاوکردنی ئەم خاڵانە:

١- کۆکردنەو تۆمارکردنی هەموو زانیاریەك سەبارەت بەم کردارە لەناوەوەی وڵاتدا. ئەم مەرجە زیاتر بۆ خودی رێکخراوەکەیە تاوەکو ئاگادار بن لەکرداری چاندنو لەناوچوونی گیانەوەری بەخشەرو کۆکردنەوەی زانیاری لەرێژەی سەرکەوتنو گەیشتنی بە چ دەرەنجامێکی زانستی پێشکەوتوو لەبواری زانستی پزیشکیدا.

٢- رێگە نەدرێت بەچاندنی ئەندامەکانی لەشی گیانەوەران مەگەر لەژێر تەکنیکیەکی زۆر بەهێزو پێشکەوتوودا نەبێت مەبەستی سەرەکیش بۆ ئەوە بێت کە مەترسی لەکەسەکە کەم بکرێتەوە نەك بەپێچەوانەوە. چونکە زانایانی پزیشکی زیاتر هەوڵیان داوە بۆ مەبەستی تاقیکردنەوە لەسەر گیانەوەران ئەندامەکانی لەشی گیانەوەران بەکاری بهێنن، لەوانەیە مەبەستی تر بۆ گەیشتن بە تاقیکردنەوەی دڵنایی لەگواستنەوەی لەسەر لەشی مرۆڤ بێت رێژەی سەرکەوتنی چاوەڕوان نەکراو تۆمار بکەن، چونکە لەشی گیانەوەران بۆ زۆر مەبەست بەکار دەهێنرێت سەرەڕای خواردنی گوشتیان کەڵك لە ئەندامی هەندێك گیانەوەری تر وەردەگرن کە گوشتیان ناخۆرێت وەك کەرکەدان کە ئێستا رووبەڕووی درەندەترین پەلاماری مرۆڤەکانەوە بوتەوە پاش ئەوەی کە زانایانی بوارە توانیان شاخی ئەم گیانەوەرە بۆ مەبەستی ددان سازی بەکار بهێنن،

بۆیە بۆیتە مەبەستێکی بازرگانی پێ کردن کە هێشتان گیانەوەرەکی زیندووەو لەهەمان کاتیشدا بێ شاخ ماوەتەوە، ئینجا کار لەمە زیاتر پەرەی سەند کە بۆ مەبەستی بازرگانی بەکار هێنراوە ئەو کاتەبوو کە ڕێکخراوی مافی گیانەوەران هۆشداری داوەتە جیهان لە تیچکچوونی زنجیرەی خوراک– Food Chain.

٣– پێویستە گرەتی ئەوەی هەبێت کە ئەم کردارە هیچ مەترسیەکی نییە بۆ داهاتووی جیهان: وەك بە خێو کردنی ئەو گیانەوەرانەی کە بۆ ئەم مەبەستە بەکار دەهێنرێت ئایا هەڵگری نەخوشینو دەبە هۆی بڵابوونەوەی نەخۆشی، وەرگرتنی موڵەت لەکاتی ئەنجامدانیو ڕەچاو کردنی بواری ئەخلاقی، هۆشداری دانو ئاگادارکردنی کەسانی کارکەر لەم بوارەدا لەکاتی ئەنجامدانی ئەم کارە، تاقیکردنەوەی تاقیگای پێش وەختەو ڕاگەیاندنی ئەنجامەکەی ئینجا بەهەر جۆرێك بێت.

با لەقورئانی پیرۆزەوە سەرچاوەکان هەڵبدەینەوە کە لەوێ دەست پێ بکەین سەبارەت بە پاکیو پیسی هەندێك کارو کردەوەو هەندێك شت کە ئەمڕۆ لەم کردارەدا بەکار دەهێنرێت، ئەگەر گریمان ئەم کردارە لەلایەنی زانستییەوە هیچ ڕیگرییێك لێ نەکرێتو سەرکەوتنی مسۆگەر کردبێتو ڕووبەڕووی هیچ بەربەستو کێشەیەك نەبێتەوە ئایا لایەنی ئایینی وەك لەبەشەکانی تر باسمان کرد لە چ ڕوییێکەوە ڕێگر؟ لەسەرەتادا خودای گەورە هەندێك یاساو پێوەری جوانی داناوە تاوەکو ئێمەش پێوەی پابەند بینو لەو سنورە دەرنەچین کە تەنها لەدەرچوونی خۆمان زەرەرمەندی یەکەمین، خودای گەورە دەفەرموێت:

﴿\ ] ^ _ ` a b c d e f g i j k

l m n o p q s t u v﴾[1]، هەندێك شت لێرەدا حەرامو قەدەغە کراون لای دروست کەری لەوانە وەك بۆمان باس دەکات من لە ئێوەم حەرام کردووە هەریەکە لە مردوو و خوێنو گوشتی بەرازو ئەوەی کە بەبێ ناوی خودا سەردەبرێ.

1– البقرة: ١٧٣.

خـودای گـەورە دەفـەرموێت لەشـوێنی تـردا ﴿ ! " # $ % &
' ( ) * + , - . / 0 1 2 3 4 5
6 7 8 9 : ; < > ? A B C D E
F G H I K L M N O P Q R S
T U W X Y Z [ \ ] _ ` a b ﴾[1].

الدم : واتە خواردن وخواردنەوەی خوێن.

لحم الخنزير: واتە گوشتی بەراز.

اهل لغير الله: ناوی خودای نەهێنابێت.

وما اكل السبع: واتە ئەوانەی کە لەلایەن شێرو پلنكو گورگو سەك پەلامار دەدرێت.

وَمَا ذُبِحَ عَلَى النُّصُبِ: واتـە ئەوانـەی لای بتـەکانی کـە ژمارەیـان ٣٦٥ بتـە لـەدەوری مەککە سەردەبران.

جورەکانی مردوو (الميته) وەك:

الْمُنْخَنِقَةُ: واتە خنكێنراو.

وَالْمَوْقُوذَةُ: واتە بەشتێك لەسەر بدرێت بمرێت.

وَالْمُتَرَدِّيَةُ: واتە کەوتنە خوارەوە لەشوێنێکی بەرز .

خودای گەورە دەفەرموێت ﴿وَقَدْ فَصَّلَ لَكُمْ مَا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ إِلا مَا اضْطُرِرْتُمْ إِلَيْهِ﴾[2] .

لەشـرۆڤەی ئـەم چـەند ئایەتانـە لـەقورئانی پـیرۆزدا زانایـانی بـۆ دوو بـەش دابـەش کردووە ئەویش بەگوێرەی تێگەیشتنە لەشرۆڤەکردنی ئەم ئایەتانەی قورئانی پیرۆزە کـە لەدەستپێکدا خودای گەورە هەندێك جۆری گیانەوەرانی حەرام کردووەو هەندێك جـاریش دەرفەتێك دەدات لەهەندێك حاڵەتدا دەتوانن سود لەو گیانەوەرانە وەربگرن.

---

1- المائدة: ٣.

2- الأنعام: ١١٨، ١١٩،

## کۆمەڵەی یەکەم:

لەگەڵ ئەوەدان کە بـەکارهێنانی لەشـی گیانـەوەرێك و گواسـتنەوەی بـۆ لەشـی مـرۆڤ کارێکی حەرام و ناپەسەندە. ئەو گیانەوەرانەی کە لەم کردارەدا بەکاردەهێنن بـریتین لـە گیانەوەری وەك سەگ و بەراز و مەیمون و مانگا کە زۆربەیان گوشـتیان حەرامـە و ناشـیاون بـۆ خـواردن. ئینجـا بەهـەمان شـێوەش حـەرامن بـۆ مەبەسـتی چارەسـەری نەخۆشـی. ئیمامی شەیبانی لەمەزهەبی ئەبی حەنیفەدا دەڵێـت: بـەکارهێنانی گوشـتی مانگـاو مـەرو ئەسپ بۆ مەبەستی چارەسەری کارێکی ڕەوایە، بەڵام گوشتی بەراز و مرۆڤ ئەمە ناکرێـت، هەروەها ئیمـامی رەملـی لەشـافیعیەوە دەڵێـت: بڕینـی پارچـە ئەنـدامێك لـە کەسـێکەوە بۆیەکی تر حەرامە ئەگەرچی ناچاریش بێت، هـەروەها بـن جـادی مـالیکی لـە مالیکیـەوە دەڵێت: کەسی مردوو ئازار دەکێشی هەروەك لـە زینـدوویی دەکێـشێت، بۆیـە پاراسـتنی بـەمردووی وەك ئەوەیـە کـە زینـدوو بێـت. هـەروەها ئیمـامی بـەهوتی لەمەزهـەبی حەنبەلیەوە دەڵێت: ناکرێت چارەسەری بەشـتی حـەرام ئـەنجام بـدرێت. یـان شـتێك کـە حـەرامی تێـدابێت، هـەروەها بەخواردنەوەیـەك بـێ هوشـکەر بەڵگـەش ئـەم فـەرموودەی پێغەمبەرە( d ) کە دەفەرموێت (لا تتداو والحرام) لەسـەر مەسـەلەی خـوێنی مـرۆڤیش کـە جگـە لـەکاری چارەسـەری کـە ئێـستا بـەکاردێت و دەگوازرێتـەوە وەك ئـەوەی کـە لەبابەتی پێشتر باسمان کردووە، لێرەدا خواردنی خـوێن بـەکارێکی حـەرام دەژمێردرێـت بەپشت بەستن بەو ئایەتانەی کە لەپێشدا هـاتوون، لایـەنی زانـستی زۆر بەدرێـژی باسـی خـوێن دەکـات کـە ناوەنـدێکی باشـە بـۆ گەشـەی زۆربـەی زینـدەوەرەکانی تـر چـونکە ڕێژەیـەکی زۆری پێکهاتـەی وەك ئـەلبومین و گلوبـولین و تاڕادەیـەك فـایبرونوجین تێدایـە زۆربەی زاناکان لەسەر ئەوە ڕێککەوتون کە خوێنی مرۆڤەکان حەرامە:

دکتور ابراهیم خلیل دەڵێت: لە قورئانو تەوراتو ئینجلدا هاتووە کە حەرامە نەك لەبەرئەوەی کەوا پیسە بەڵکو لەبەر ئەوەی کەوا ئەمە ناکرێت دەستکاری بکەیت، چونکە ئەمە کاری خودایە[1].

ئەم کۆمەڵە یە بەپشت بەستن بەم فەرموودەی پێغەمبەری خودا کە دەفەرموێت: (کل المؤمن علی المؤمن حرام دمه).

واتە لەسەر هەموو موسڵمانێك خوێنی ئەوی تری حەرامە، حەرامە واتە لێرەدا مەبەستی کوشتنی یەکترە کە ئەمە قەدەغە کراوە، بۆیە بەهەمان شێوە قەدەغە کراوە دەستکاری لەلاشەی یەکتریش بکرێت لەوانەش خوێن، ئیمامی زەیلەعی لە (تبیین الحقائق شرح کَنْز الدقائق) دەڵێت: ئەگەر گوشتی نێچیرێكو مرۆڤێك هەبوون پێویستە هی مرۆڤەکە نەخورێت بەڵکو هی نێچیرەکە بخورێت چونکە هی مرۆڤ حەرامە، بەلام هی نێچیرەکە ئەگەر نەکرێت بەلام چاکترە[2] هەروەها شێخ ئیبن تەییمە دەڵێت: مۆڵەت دراوە بەخواردنی هەموو شتێکی سەر زەوی بەمەرجی خاوێن بێتو حەلاڵ بێت.

هەروەها بەپشت بەستن بەگوتەی قورتوبی لەشرۆڤەکەیدا هاتووە ئەگەر کەسێك کە ناچاربووە گوشتی گیانەوەرێکی مردوو هەروەها مرۆڤێك بەرازێکی بینی واباشترە مردوو وەك بخوات چونکە بەرازو مرۆڤ گوشتیان حەرامە حەرامێکی کەمو سوك باشترە کە حەرامێکی زۆرو گران:

ئێمە زیاتر بەڵگە لەسەر خواردنی گوشتی گیانەوەران هێناوەتەوە چونکە ئەوکات ئەم جۆرە پێشکەوتنە نەبووە، بەلام ئێستا بەهەبوونی ئەم کردارە هەمان بەڵگەکان نوێ دەکرێنەوەو بەهەمان جۆر مامەڵە لەگەڵیدا دەکرێت.

## کۆمەڵەی دووەم:

1- بروانە دکتور ابراهیم خلیل، الدم في العلم والانجيل والتوراة والقران. الطبعة الاولى ١٩٩٦ص٩٤.

2- وتاری بەڕێز (عبدالرحمن بن عبدالله السحيم) عضو مكتب الدعوة والإرشاد.

لەگەڵ ئەوەدان کە لەگەڵ بوونی مەرجی ڕەوا دەکرێت لەهەندێك حاڵەتدا ئەنجام بدرێت:

(الخطیب الشربیني) لە (مغني المحتاج إلى معرفة ألفاظ المنهاج)دا دەڵێت: لەڕووی شەرعەوە جائیزە ئێسکی شکاو بە ئێسکی گیانداریك یان مرۆڤێکی باش یان خراپ ببەسترێتەوە بۆ مەبەستی چارەسەری هەر کاتێك ئەوانەی پسپۆرو شارەزان بڕیاریان لەسەردا، هەروەها ئەگەر ئیسکی مرۆڤیش نەبوو ئەوا دەکرێت ئێسکی گیانداریکی پاك بەکاربهێنرێت[1]. هەروەها ئیبن عابیدین حەنەفی لەپەراوێزی (رد المحتار على الدر المختار)دا دەڵێت: بەکارهێنانی ئێسکێکی سەگ کە هیچی تر بەدەست نەکەوێت بۆ جێگرتنەوەی ئێسکی شکاو لەمرۆڤدا نوێژی تەواوە[2].

لە (بدائع الصنائع)ی کاسانیدا هاتووە کە لەمەزهەبی ئیمام حەنیفە (ئەگەر ددانی یەکێك بکەوێت ناکرێت لەکەسی مردوو وەربگیرێتەوە، بەلاّم دەکرێت لەددانی بەرخێك بێت هەروەها أبو یوسف دەڵێت: (لا بأس بسنه ویکره سن غیره) ددانی خۆی بێت تەواوە بەلاّم ددانی کەسی تر بێت ئەمە ناکرێت[3] هەروەها لەپەراوێزی (الدسوقی)دا هاتووە لەمەزهەبی مالیکی: ئەگەر کەسێك ددانێکی کەوت دەتوانێت بەکار بهێنێتەوەو بۆ شوێنی خۆی بگەڕێنێتەوە بەهۆی شریتی زێر یان زیو، چونکە بەشی مردوو لە مرۆڤ پاکە. هەروەها دەکرێت بەددانی گیانداریك بگۆردرێتەوە، سەبارەت بە گیانداری مردوو دوو رای جیاواز هەن یەکیان: دەکرێتو ئەوی تر ناکرێت، ئەوەی دووەم دەکرێت، بەلاّم

1- (الخطیب الشربیني) لە (مغني المحتاج إلى معرفة ألفاظ المنهاج) وەرگیراوە لە مغني المحتاج على متن منهاج الطالبین للإمام النووي (شرح الخطیب الشربیني) دار الفكر ج ١/١٩٠.

2- بڕوانە: مصطفى عبد الكریم مراد، نقل وزراعة الأعضاء البشریة لة ٢٤/٤/٢٠٠٧م. لەسایتی: www.dar-alifta.org بلاّوکراوەتەوە: کە لەم سەرچاوە وەرگرتووە (حاشیة ابن عابدین ١/٣٣٠).

3- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

لـەکاتی نوێـژکردن دەردرهێنێـت ئەگـەرنا ناکرێـت[1]. ئیمـامی نـەوەوی دەفـەرموێت لـە (المغنی ٢/٢١١): ئەگەر ئێسکی شـکا ئـەوا مەرجـە بەئێـسکێکی پـاك چارەسـەر بکرێـت، ناکرێت ئێسکی گیاندارێك بێت کەوا پیس بێت. هەروەها ئـیبن قدامـەی حەنبـەلی دەڵێـت: ئەگـەر زۆر پێویـست بـوو ئێـسکی بـە ئێـسکی گیانـدارێك ببەسـترێتەوە لـەکاتی مردنـی کەسەکە ئەگەر پاك بوو پێویست ناکرێت لێ بکرێتەوە، بەڵام ئەگەر گیاندارێك پاك نـەبێت ئەوا پێش ناشتنی لێ دەکرێتەوە.

بەپشت بەستن بەم ئایەتەی کە خودای گەورە دەفەرموێت: "أيحـب أحـدكم أن يأكـل لحم أخيه ميتاً فكرهتموه".

دەکرێت گوشتی مـرۆڤ بخورێـت، چـونکە لێـرەدا ئامـاژەی پـێ کـردووەو بـەخواردنی گوشـتی بـرای مـردووی دەچـوێنی. بـەڵام بـەڕای مـن ئەمـە دوورە لەڕاسـتی کـە بکرێتـە سەرچاوەیەك بۆ حەڵاڵ کردنی هەر ئەندمایکی لەشی مرۆڤ چونکی لـەم ئایەتـە پـیرۆزەدا باس لەوە دەکات کە ئایا پێت خۆشی گوشتی برای خوت بە مردوویی بخوێت؟ هەڵبەتـە هەمووما بەنەخێر وەڵامی دەدەینەوە کەوایە بەهەمان شـێوەش پێویـستە رقمـان لـەوە ببێتەوە کە باسیان بکەین. هەروەك لە تەفسیری بەغەویدا هـاتووە (مجاهـد دەڵێـت: لمـا قيل لهم "أيحب أحدكم أن يأكل لحم أخيه ميتـا" قـالوا: لا، قيـل: (فكرهتمـوه) أي فكمـا كرهتم هذا فاجتنبوا ذكره بالسوء غائبا)[2].

---

1- هەمان سەرچاوەی پێشوو: وەرگیراوە لە (حاشية الدسوقي على الشرح الكبير ٦٣/١).

2- الحسين بن مسعود البغوي تفسير البغوي. دار طيبة.

# یەکەی دووەم:
# گواستنەوەی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ
# لە ئایینەکانی تردا

لە هەردوو باردا هەم لەبواری یاسای و هەم لەبواری شەرعەوە پارێزگاری تەواو لەمافی مرۆڤی و جەستەی کراوە. ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین لە ئاینەکانی تریش کەمێك لەسەری بدوێین و ئەم چەندەیە روون یکەینەوە. گواستنەوەی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ لەئایینەکانی تردا ئەوانیش بەپشت بەستن بەهەندێك بەڵگەو بەپێی پێویستی و گیانی هاوکاریی و لەگەڵ ئەوەشدا کە باس لەپاراستنی مافی کەسی بەخشەرو کەسی مردوو دەکات:

## ١- ئاینی مەسیحیەتدا:

وەنەبێ ئاینەکانی ترلە سەر ئەم مەسەلەیە بێ هەڵویست بن. چونکە ئەم بابەتە پەیوەندی بەمرۆڤەکانەوە هەیە کە بەشدارن لەنێوان ئاینەکاندا. ئەم بابەتە پەیوەندی بە مەسەلەی رەوشت و پارێزگاری قودسیەتی مرۆڤەوە هەیە. دانانی یاسایەك بۆ ئەم چەندەیە بۆ دەرنەچوونە لەسنوورەکان، دیارە ئەم چەندەیەش تائێستا هەبووە. بۆیە لەلایەن ئاینەکان و پیاوانی شارەزا سنوورێك و مەرجێکیان بۆ دانراوە.

ئایینی مەسیحیەت ڕێگە بەکرداری گواستنەوە چاندنی لەشی مرۆڤەکان دەدات و ئەم کردارە بەکارێکی هەرەوەزی و هاوکاری کردنی یەکتر دەزانێت بەڵگەش بۆ ئەم چەندەیە لەکاتی لەکۆنگرەی پزیشکی (ڕێرەوەکانی میز) لەساڵی ١٩٥٣ کە لەئیتاڵیا بەسترابوو

فاتیکان ئەم بڕیارەی دەرکرد بەئەنجامانی ئەم کرداره. هەروەها لەکۆنگرەی پزیشکی لەساڵی ١٩٥٤ هەمان بڕیار دووباره دەرچووه[1].

هەڵویستی کەنیسەکان لەوکاتەدا زۆر رون وئاشکرا به دیارکەوت کاتێك پرۆفیسوری نەشتەرگەری Barnard– سەردانی بابا Paul(VI) کرد لەفاتیکان لەلایەن پاپاوه پێشوازییەکی گەرمی لێکردو پاڵپشتی لێکرا بۆ زیاتر خزمەتکردنی لەسەر ئەم مەسەلانه هەروەها لەکۆنگرەی (مطارنة) مەترانەکانی فەرەنسا که له ١٢ تشرینی یەکەم ١٩٩٣دا بەسترا بوو هەڵوێستی کەنیسەی کاسولوکییەکان روون کردەوه که ئەم نەشتەرگەرییه پەسەند کراوەو رێگه پێدراوەو بەکارێکی مرۆڤایەتیو برایەتی دادەنرێت بۆ هەر کەسێك هەیه که لەدوای مردنی لەوەسیەتنامەکەیدا بنووسرێت ئەندامەکانی لەشی خۆی دابەش بکاتو ببەخشێت بەسەر کەسانی پێویستدا[2].

قداسه پاپا شنوزەی سێیەم لەکەنیسەی قبطی ئەمەی روون کردەوه سەبارەت بەچاندنی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤو دەڵێت. لەپەرتووکی کۆندا بەهیچ شێوەیەك باس له حەلالو حەرامی چاندنی ئەندامەکانی لەشی ناکات. چونکه ئەم بابەته لەوکاتەدا نەبووه. بەڵکو روحیەتی کیتابەکه هەوڵ دەدات بەهاندانی بەخشینو کاری هاوکاری کردنی یەکتر بۆ رزگارکردنی کەسی تر. لەوەوه روون دەبێتەوه که دەکرێت سوود لەئەندامی لەشی وەربگیرێت بۆ رزگارکردنی کەسی تر. لەدەستدانی ئەندامێك یان زیاتر لەپێناو بەرگری کردن له خاكو ئاین ئەمه بەرزکردنەوەی کەرامەتی مرۆڤەکانەو پێچەوانەی ئاین نییه هەروەها لەکەنیسەی کاسولوکیدا هاتووه که دەکرێت ئەندامێکی

---

1– ناونیشانی بابەتی شادی خلیل ابو عیسی بەناوی (نقل الاعضاء، واقع خطر) له سایتی .www.terezia .org/section

2– .PAIMERAS زرع الاعضاء. تضامن واحترام الناس، Leconccours -1311.1993.36 .P3215

لەشی لەكەسێكی زیندوو یان لەدوای مردنی بگوازرێتەوە بۆ كەسێكی تر بۆ مەبەستی چارەسەری.

هەروەك پاپا یوحنا پولسی دووەم لەوتارەكەیدا كە لەساڵی ١٩٩١ لەكۆنگرەی یەكەمدا تایبەت بوو بەم مەسەلە دەڵێت:

(كرداری چاندنی ئەندامەكانی لەش وادەكات مرۆڤ كاتێ ببەخشێتو وەرگرێت هاوكار بێت) بەڵام پێویستە بەپلەی یەكەم پارێزگاری لە كەسی بەخشەر بكرێتو نەكەوێتە مەترسییەوە. هەروەها مەرجی ئەوەی هەبێت كە بەخورای بێتو هیچ بەرامبەرێكی نەبێت[١]. هەروەها (قەدداسە پاپا شەنودەی سێیەم) هەڵوێستی كەنیسەی قیبتیەكانی دیار كرد لەهەمبەر كرداری چاندنو گواستنەوەی ئەندامەكانی لەشی مرۆڤ كەوا لەپەرتووكی پیرۆزدا لەسەردەمی كۆنو ئێستا رێگە بەم كرادرە دەداتو رەتی ناكاتەوە چونكە ئەم بابەتە لەو سەردەمەی نەبووە، بەڵام شرۆڤەی ئەم پەرتووكە داوای ئەم چەندەیە دەكات بۆ ڕزگاركردنی ئەوانی تر، لەبنەماكانیدا رێگە بەگواستنەوەی ئەندامو شانەكان دەدات ئەگەر مەبەستی سودبەخشین بێت بۆ ئەوانی تر.

هەروەها لەئەنجیلدا هاتووە كە مەسیح (علیه السلام) فەرمویەتی: "ولیس لاحد حب أعظم من هذا أن یضیع نفسه عن أحبائه" (یو١٥–١٣)[٢] واتە لەوە گەورەتر نیە كە یەكێك خۆیی بدورێنی یان بخاتە مەترسیەوە بۆ هاورێیانی، ئەمە بەڵگەیە كە دەكرێت سوود لە هەموو ئەندامێكی لەش وەربگیرێت بۆ مەبەستی سوود وەرگرتنی كەسی وەرگر.

1– منشورات المعهد الاكلركی 2003-133-134

2– سنوات من اسئلة الناس، للبابا شنودة الثالث، الجزء الثالث.

## ٢- ئاینی یەهودیەت:

ئەم چەندەیە پەسەند ناکات کە بۆ هەر مەبەستێك بێت کەسێك ژیانی خۆی بخاتە مەترسیەوە، ئەگەر تەنها ئەوە نەبێت کە سودێکی زۆری هەبێت بۆ زۆر کەسی تر. ئینجا کرداری بڕینو چاندن ئەنجام بدرێت. حاخامی گەورەی ئیسرائیلی (Kaplin 332) ئەمەی دیاریکرد کە رێگە بدەن بۆ رزگارکردنی ژیانی کەسێکی تر ئەندامێکی لەشی لێ بکرێتەوە بۆ یەکی ترو بگوازرێتەوە. بەڵام ئەگەر بۆ مەبەستی تاقیکاری زانستی بێت ئەم چەندەیە قبولی نییە. هەروەك لەکۆنگرەی کۆمەڵی حاخامەکان لەفەرەنسا لەساڵی ١٩٧٨–١٨ ئایار بڕیاریان لەسەر درا.

هەروەها حاخامی ئیسرائیلی کە گەورەترین پیاوی ئاینی یەهودیەتە لە (عیاد ١٩٩٧ ١٤٠) رێگەی درا بە پسپۆرانی ئەم بوارە کە کرداری گواستنەوە ئەنجام بدەن بۆ ڕزگارکردنی ژیانی کەسی تر. ئەوەی جێگەی باسە لەناو گەورە پیاوانی ئاینی یەهودیەتدا ئەوەیە کە لەمەسەلەی بەخشینی یەك گورچیلە بە کەسی تر ناکرێت چونکە ژیانی کەسی بەخشەر دەکەوێتە مەترسییەوە. وەك خۆیان دەڵێن (حیاتك لتسبق حیاه رفیقك) واتە ژیانی خۆت ئینجا بەرامبەرت بەڵام ئەگەر هیچ مەترسییەکی نەبوو ئەوا دەکرێت.

زانایانی ئاینی یەهودیەت ئەوەیان روون کردەوە کە ئەگەر لەبەخشینی یەك گورچیلەش مرۆڤ بەرەو مەترسی نەبات دەکرێت ببەخشرێت بۆیە دەکرێت کەسێك وەسیەتی ئەوە بکات، کە یەك گورچیلە ببەخشرێت چونکە ئەوان لەبابەتی (تەشویهکردن)ی لەش سووربوون کە نابێت ئەنجام بدرێت، بەڵام بەخشینی گورچیلە دوور بوو لەم بابەتە، بەڵام ئەگەر یەکێك لەوەسیەتنامەکەیدا هاتبێت کە یەك لەگورچیلەکانی ببەخشرێت. پزیشکەکان لەسەر ئەوە رێکەوتن چونکە دەبێتە هۆی تەواوی مردنیو دەکرێت ئەم داواکاریە قبول نەکرێت.

حاخام شائوولی ئیسرائیلی[1] کە گەورەترین دوا پیاوی ئەم ئاینەیە بەخشینی یەك گورچیلە بە رەوشتێکی حەسودی دادەنرێت، کە چاکیو ڕاستی دەنوێنێت مزگینی دەدات بەو کەسانە کە ئەو تەحەمولەیان هەیە. بە بیروڕای ئەو لەتەوراتدا هاتووە کە فەرزە کار بکەین بەگوێرەی توانای خۆی. لە ڕزگار کردنی ژیانی کەسێك. واتە ناکرێت بێ دەنگ بێت لە رزگار کردنی برادەرت (احلحاع الدین ١٦–١٩).

ئەوەی کە لەم ئاینەدا هاتووە هاوشێوەی ئاینەکانی تر خوێنی مرۆڤو گیانەوەرانی تر بە هەموو جۆرێکەوە بەحەرام دەزانێت[2]، واتە لێرەدا ئەگەر خواردنی حەرام بێت ئەوا لەوانەیە بەکارهێنانی خوێن بۆ چارەسەریش تاڕادەیەك گۆنجاو نابێت.

1– لەساڵی ١٩٠٩ لەسلوتسکی روسی لەدایك بووە. لەساڵی ١٩٩٥ لەقودس کۆچی دوایی کردووە.

2– (اللاوييـن ٧: ٢٦).

# سەرچاوەکان

١- القران الكريم- تفسير القران الكريم.
٢- الدكتور محمد المختار الشنقيطي، أحكام الجراحة الطبية والآثار المترتبة عليها، الطبعة الثانية ١٩٩٤ مطبعة الصحابة.
٣- الگزني. د.محمد احمد مصطفى- حكم نقل وغرس الاعضاء البشرية في الفقه الاسلامي والقانون- دراسة مقارنة.
٤- د.امين الحسني- جسم الانسان- مكتبة ابن سينا.
٥- الدائم (احمد عبدالدائم)- اعضاء الجسم الانسان ضمن التعامل القانوني دراسة مقدمة لنيل شهادة الدكتوراة في الحقوق- بيروت- لبنان- ١٩٩١.
٦- موسوعة التعرف في اعضاء الانسان.
٧- دكتور محمد فوزي فيض الله- مجلة الوعي الاسلامي عدد ١٩٨٧/٢٧٦.
٨- محمد زين العابدين- نطاق الحياة الجنائية لعلمية زرع الاعضاء في الشريعة الاسلامية والقانون الوضعي.
٩- البوطى- د.محمد سعيد رمضان البوطى- انتفاع الانسان باعضاء انسان حي او اخر.
١٠- زرع الاعضاء البشرية في الشريعة الاسلامي د.سعد الدين العثماني بالفرنسية- كلية الطب والصيدلية- مدينة دار البيضاء ٤ يوليو ٢٠٠٨.
١١- مشروعية نقل وزراعة الاعضاء البشرية وحقوق الانسان- مشروع البحث باشراف الدكتور- عاصم خليل.
١٢- الدكتور حسن على الشاذلي (حكم نقل اعضاء الانسان في الفقه الاسلامي).
١٣- دكتور ابراهيم خليل، الدم في العلم والانجيل والتوراة والقرآن- الطبعة الاولى ١٩٩٦.

# کۆتایی وەرگێر

ناوی تەواوی (ڕەفیق مەلا کەرەم مستەفا) لەدایك بووی ساڵی ١٩٨٢ لەقەزای مێرگەسور، دەستپێکی خوێندنی هەر لەوێ بووە، دواتر خوێندنی ناوەندی لەکۆمەڵگای شاخوڵان تەواو کردووە، خوێندنی ئامادەیی لەقوتابخانەی ئامادەیی کوردستان لەهەولێر تەواو کردووە، دواتر بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەستهێناوە لەزانکۆی سەلاحەددین لەکولێژی پەروەردەی زانستەکان بەشی بایۆلۆژی، لەساڵی ٢٠٠٦/٢٠٠٧، لەکاری نووسینی زانستیو ڕۆژنامەگەری نووسەرو سەرنووسەری هەردوو گۆڤاری (هێلین)ی زانستیو (دیدی زانکۆ) هەمە جۆر بووە، وەك سەرپەرشتیاری ڕاگەیاندنی لقی زانکۆ سەڵاحەددین کاری کردووە، ئەندامی کۆمەڵەی قورئان خوێنانی کوردستان بووە، هەروەها بەرپرسی ڕاگەیاندنی ڕێکخرواى (دۆستانی ژینگەی کوردستانە)، چەندین بابەتو بەرنامەی رادیۆی تایبەت بەبواری ژینگەزانی بڵاو کردووتەوە، دواتر وەك مامۆستای پسپۆری زیندەزانی لەچەندین قوتابخانەی سۆران وانەی گوتیتەوە، بەڕێوەبەری چەند قوتابخانەیەك بووە، ئێستاش مامۆستای پسپۆری بایۆلۆژیە لەقوتابخانەی دواناوەندی سۆرانی نموونەیی.

rafeeqstoni@yahoo.com

## ناوەڕۆك


| سەرەبابەت | ل |
|---|---|
| پێشەکی : | ٤ |
| بەشی یەکەم | ٧ |
| یەکەی یەکەم : مێژووی کرداری گواستنەوە | ٧ |
| ئەندامە گواستراوەکان | ١٢ |
| ١- چاندنی ددان بەزێڕو زیو | ١٣ |
| ٢- چاندنی پێست | ١٣ |
| ٣- گواستنەوەی خوێن | ١٤ |
| ٤- چاندنی (بیلبیلەی چاو) | ١٥ |
| ٥- چاندی دڵ | ١٦ |
| ٦- چاندنی گورچیلە | ١٧ |
| ٧- چاندنی جگەر | ١٨ |
| ٨- چاندنی پەنکریاس | ١٨ |
| ٩- چاندنی (موخی ئێسك) | ٢٠ |
| ١٠- چاندنی ئەندامەکانی زاوزێی مرۆڤ | ٢١ |
| ١١- چاندنی ڕژێنەکانی زاوزێ مرۆڤ | ٢١ |
| ١٢- چاندنی خانەکانی مێشك و دەمارەخانە : | ٢٢ |
| ١٣- چاندنی منداڵ وگواستنەوەی ئەندامەکانی : | ٢٢ |
| ١٤- تەکنیککاری نوێ بۆ دروست کردنی منداڵ : (گواستنەوەو چاندنی تۆو هێلکە) . | ٢٣ |
| یەکەی دووەم : ئەو ئەندامانەی کە ناتوانرێن بگوازرێنەوە | ٢٤ |
| چاندنی مێشك | ٢٥ |
| چاندنی سپڵ | ٢٧ |

| سەرەبابەت | ل |
|---|---|
| یەکەی سێیەم: بۆچی کرداری گواستنەوەو چاندن ئەنجام دەدەرێت؟ | ٢٨ |
| جۆرەکانی گواستنەوەو چاندن | ٢٩ |
| بەشی دووەم<br>مەرجەکانی چاندنی ئەندامەکانی لەش | ٣٤ |
| پێناسەی مردن و جۆرەکانی: | ٣٥ |
| جۆرەکانی مردنیش بریتین لە دوو جور | ٣٧ |
| بەشی سێیەم | ٤٠ |
| یەکەی یەکەم: ئەو مەرجە گشیانەی کە پێویستە لە نەشتەرگەری گواستنەوەدا هەبن.. | ٤٠ |
| یەکەی دووەم: گواستنەوی ئەندامەکانی لەش لەڕوویی یاساوە | ٤٢ |
| یەکەی سێیەم: گواستنەوەی ئەندامەکان لە کەسی مردوو بۆ زیندوو لەڕووی یاساوە: | ٤٧ |
| بەشی چوارەم<br>مەرجەکانی گواستنەوەی ئەندامەکانی لەش لەڕووی شەرعەوە | ٥١ |
| بەشی پێنجەم<br>چاندنی ئەندامەکانی لەش لەڕووی شەرعەوە لەکەسی زیندوو بۆ زیندوو | ٦٥ |
| بەشی شەشەم<br>گواستنەوەی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ لەڕووی شەرعەوە | ٨٠ |
| گواستنەوەی ئەندام لەکەسێکی مردوو بۆ کەسی زیندوو: | ٨٠ |
| بەشی حەوتەم | ٩٦ |
| یەکەی یەکەم: گواستنەوەی ئەندامەکانی لەش لە گیانەوەرانەوە بۆ مرۆڤ | ٩٦ |
| یەکەی دووەم : گواستنەوەی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ لە ئاییینەکانی تردا | ١٠٥ |
| سەرچاوەکان | ١١٠ |


















شفاء الصدور
من شبه الصلاة عند
القبور








کاتێک عەقڵ دێتە دوان





